# بارزانی مستەفا
# پراكتیشنەری مانای كوردبوون و كوردستانیبوون

گەڕانەوە بۆ مانای كوردبوون و كوردستانیبوون بە میتۆدی بارزانی مستەفا، دەبێت بە گەڕانەوەمان بێت بۆ چۆنیەتی هەنگاوهەڵگرتن و مامەڵەی بارزانی مستەفا لەگەڵ بیری نەتەوەییمان، ئەمەش بەو مانایەی چۆن لەبیری نەتەوەیی بەو ئاستە تێبگەین و لە جێبەجێكردنی ئەو تێگەیشتنەدا مانایەكی بەرزی كوردبوون و كوردستانیبوونمان بۆ بەرجەستە بكات. لێرەوە گەڕانەوە بۆ ئەو میتۆدە بۆ هەڵسەنگاندن، یاخود پێداهەڵدانی ئەو مانایە نییە كە بارزانی لە تێگەیشتنی بۆ بیری نەتەوەیی و پیادەكردنی ئەو بیرە بەرجەستەی كردووە. نەخێر، گەڕانەوە بۆ ئەو میتۆدەو كاركردن بەو میتۆدە ئەمە تەنیا بەشێكیەتی، بەشە گرنگەكەی ئەو لایەنەیە كە نازناوی پراكتیشنەر بە بارزانی دەدات، پراكتیشنەر بەو مانایەی چۆن لەمانا قووڵەكانی ئەم بیرە تێگەیشتووە و چەند دانایانە ئەو تێگەیشتنەی بۆ واقیعی عەمەلی تەرجەمە كردووە، بەرهەمهێنانێك كە هەموو جیهان بەناوی (بارزانی)ـەوە كوردبوون و كوردستانیبوون بناسێتەوە، ئەمە دروست وەك ئەو داهێنانەیە كە زانایەك لە بوارێكدا دەیكات و داهێنانەكە بەناوی زاناكەوە دەناسرێت. هەربۆیە كاتێك دەگەڕێینەوە بۆ ناو مێژووی میتۆدی چۆنیەتی مامەڵەكردن و جێبەجێكردنی لە بیری نەتەوەیی كوردیدا، هەستدەكەین كوردبوون و كوردستانیبوون لە میتۆدی (بارزانی)دا مانایەكی بەرز و جیاوازتر لەو مانایانە وێنا دەكات كە پێش ئەو لە تێگەیشتن و چۆنیەتی پیادەكردنی بیری نەتەوەییدا بەرهەمهاتووە. ئەمە مانای ئەوە نییە پێش بارزانی مستەفا كوردایەتی، یان بیری نەتەوەیی كورد، بوونی نەبووە، نەخێر، پێش بارزانی مستەفا بەسەدان سەركردەی شۆڕشگێڕ و سیمبولی نەتەوەكەمان لە پێناوی بیری نەتەوەیی و كوردایەتی و دروستكردنی كیانێك بۆ كوردستان لە سێدارە دراون، یان لە وڵات دوورخراونەتەوە و چەندین قوربانی جۆرجۆریان داوە، بۆیە (بارزانی مستەفا) لەنێو زنجیرەی سەركردەكانی دیكەی كورد و كوردستاندا یەك ئەڵقەیە لەناو ئەو زنجیرەیەدا، بەڵام ئەو گۆڕانكاری و جیاوازییەی لەم ئەڵقەیەوە بۆ مانای كوردبوون و كوردستانیبوون دیتە ئاراوە، قۆناخێكی دیكە لە پێگەیشتن و كامڵبوونی بیری نەتەوە بەرجەستە دەكاتەوە، ئەو قۆناخە تازەیەش ئەوەیە كە چیدیكە لەسەر ئاستی ناوچەگەری و سنوورە دەستكردەكان بیرنەكەینەوە و هەموو پێكەوە وەك كورد و كوردستانی بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە چوارچێوەیەك بۆ ناسنامەی كورد بوون و كوردستانیبوون دروست بكەین، ئەم ناسنامەیە نەك تەنها لە نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەكانی ناو كوردستاندا پێكەوەژیان و لێبوردەیی دروست دەكات، بەڵكو دەبێتە چەترێك بۆ پێكەوەژیان و ئاشتی لەگەڵ نەتەوەكانی دەوروبەریشمان.

ئەم دابڕانە گرنگەی میتۆدی بارزانی لە تێگەیشتن و جێبەجێكردنی بیری نەتەوەیی دروستی دەكات، فێرمان دەكات لە خۆمان بپرسین: ئایا پارتی دیموكراتی كوردستان بەرهەمی ئەم میتۆدەی (بارزانی)یە لە تێگەیشتن و پیادەكردنی بیری نەتەوەیی، یان میتۆدەكەی بارزانی بەرهەمی پارتی دیموكراتی كوردستانە؟ دیارە كاتێك مێژوو وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە راستگۆیانەتر لەهەموو كەسێك دەڵێت: پارتی دیموكراتی كوردستان بەرهەمی ئەو میتۆدەی (بارزانی مستەفا)یە، لەبەر ئەوەی ئەم میتۆدەی بارزانی پێش دروستبوونی پارتی دیموكراتی



کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦، بەرهەمی دیکەی هەبووە، وەك بەرپاکردنی شۆڕشێکی کوردستانی گەورە لە ١٩٤٣ کە شۆڕشی دووەمی بارزانە، ئەم شۆڕشە ئەگەرچی لە بارزان دەستی پێکرد، بەڵام بەرنامە و بڕیاری ئەم شۆڕشە لە سلێمانییەوە دراوە، ئەوانەشی لە لیژنەی ئازادی وەك لیژنەی سەرکردایەتی شۆڕشەکە هاوکاری بارزانی بوون، لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بوون و خەڵکانی خوێندەوار و رۆشنبیری ئەو سەردەمە بوون کە بەشێکیان ئەفسەرانی ئازادیخواز بوون، بەشێکی دیکەیان ئەندامانی حزبە کوردستانییەکانی ئەو سەردەمەبوون و پشتیوانی ئەو میتۆدە بوون کە بارزانی مستەفا شۆڕشی پێ هەڵگیرساندبوو، لەمەش زیاتر چونکە ئەم میتۆدە لەسەردەمی بارزانی مستەفادا رۆژانە مانای نوێی بۆ کوردبوون و کوردستانیبوون بەرهەمدەهێنا، بڕیاری شۆڕشگێڕانەتری لەسەر وەردەگیرا، بۆ نموونە دوای راگەیاندنی کۆماری کوردستان، بارزانی و هاوەڵەکانی بڕیاریان دا بچنە رۆژهەڵات و ببنە سەربازی کۆماری کوردستان، کە کۆمار بەدەستی داگیرکاران رووخا، دیسان بارزانی بڕیارێکی گەورەتری داو، مقاوەمەتی هەڵبژارد و بەگژ سوپای چەندین دەوڵەتدا چوو، کە داستانە مەزنەکەی پەڕینەوەی ئاراسی تۆمار کرد.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستە و سەرسامیە لە گەڕانەوە بۆ ئەم میتۆدە، ئەوەیە بەرهەمهێنانی مانای تازە لە چوارچێوەی ئەم میتۆدە پەیوەندی بە بارودۆخی لەبار و نالەبارەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە چۆنیەتی فێربوونە لەسەر ئیشکردن بەو میتۆدەی بارزانی کاری پێکردووە، هەر بۆیە ئەگەر سەیری مێژووی ساڵانی ئاوارەیی بارزانی بکەین لە ١٩٤٦-١٩٥٨ بۆ سۆڤیەتی پێشان، ئەوا ئەو مێژووە پێمان دەڵێت: بارزانی وەك سەرۆکێکی لۆکاڵ لەسەر ئاستی کوردستان سەفەری کردو وەك سەرکردەیەکی جیهانی و عێراقی و کوردستانی گەڕایەوە، ئەگەر لەناو مێژوودا جارێکی دیکە سەیری گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیێتەوە بۆ عێراق و پاشان بۆ کوردستان بکەین، دەبینین لەمیانەی گەڕانەوەکەیدا چەندین سەرۆکی دەوڵەت پێشوازی لێدەکەن، جەمال عەبدولناسر دوای سەرکەوتنی سویس کە وەك رابەری هەموو نەتەوەی عەرەب سەیر دەکرا، وەك هاوتای خۆی پێشوازی لێکرد. ئەو هاوتابوونەی رێبەری کوردستان لەگەڵ رێبەری هەموو نەتەوەی عەرەب و رێبەرانی جیهانی سێیەم و پێشوازیکردنی لەلایەن (خرۆشۆف)ـەوە، تەنها پێشوازیکردن نەبووە لە کەسێك کە ناوی (مستەفا بارزانی)یە، بەڵکو پێشوازیکردن بووە لە شکۆ و هەیبەتی نەتەوەیەك و نیشتمانێك کە مستەفا بارزانی بە ئاستی شکۆی نەتەوە پێناسەی کردووەو وەك نوێنەرێکی راستگۆ نوێنەرایەتی کردووە.

سوودوەرگرتن لە میتۆدی بارزانی مستەفا، گەڕانەوەیە بۆ ئەو خاڵەی کە دابڕانێکی فیکری لەمانای کوردبوون و کوردستانیبوون بەرجەستە بووە، ئەمە وەك قۆناخێکی گرنگ لە مێژوو، تەنها مێژووی حزبێکی سیاسی دیاریکراو نییە، بەڵکو مێژووی نەتەوەیەکە کە لە قۆناخێکەوە دەپەڕێتەوە بۆ قۆناخێکی دیکە، ئەم پەڕینەوانە تا گەیشتن بە قۆناخی سەرفرازی یەکجارەکی بەردەوامی دەبێت، هەتا ئێمە بەردەوام بین لەوەی بەمیتۆدی بارزانی مامەڵە لەگەڵ بیری نەتەوەیی بکەین و بە هەمان ئاستی ئەوەی ئەو میتۆدە داوامان لێدەکات، پیادەی بکەین.







## حەشدی شەعبی و جیهادی شیعە

# پرۆسەی بە حزبوڵڵاکردنی میلیشیاکانی شیعەی عێراق



«هەتا ئێستا ئەوەی پێمان گوتووە: جیهاد، بریتی بووە لەو رەفتارانەی کە بەرەی نوسرە و داعش وەك بەشێك لە رێکخراوی قاعیدە ئەنجامیانداوە، بەڵام ئەوەی ئێستا لە سووریا دەیبینین و گرووپێك پاسەوانی لە مزگەوتی سەیدە زەینەب دەکات و گومەزە ئاڵتوونییەکەی لە باشووری دیمەشق دەپارێزێت، ئەوانە گرووپێکن کە وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر رەفتارەکانی داعش بۆ رێگرتن لە تەقاندنەوەی مەزارەکانی شیعە رێکخراون، ئەم گرووپانە بە هاوشێوەی بەشداریی چەکدارانی حزبوڵڵا لە سووریا هەمان قسەکەی حەسەن نەسروڵڵا دووبارە دەکەنەوە، بەوەی ئەوان بەرگری لە شیعە دەکەن وەك ئایین، نەك بەشار ئەسەد، ئەو چەکدارانە هەموویان خەڵکی سووریا نین، بەڵکو لە کۆمەڵێك ناوچە هاتوون، لەعێراقیش ئێستا دەیان گرووپی میلیشای شیعە بە ناوەکانی (لیوای ئەلیەوم ئەلمەوعود، رێکخراوی بەدر، کەتائیبی حزبوڵڵا، عەسائیبی ئەهلی حەق و کەتائیبی سەیدولشوهەدا و حەرەکاتی حزبوڵڵای نوجەبا و مالکی ئەشتەر) دروست بوون، لە سووریاش لیوای ئەبو فەزڵ عەباس فراوان بووە و بۆتە تۆڕێك و چەند لیوایەکی دیکە دروست بوون، وەك لیواکانی (زولفەقار، ئیمام حوسێن، هێزی بەرپەرچدانەوەی خێرا)، ئەم گرووپانە هەموویان لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە ویلایەتی فیقهی پەسەند ناکەن، بەڵام لە رووی ستراتیژەوە پرۆسەکە بەرەو ئەوە دەچێت ئایدیۆلۆژیەتی ویلایەتی فیقهی لەگەڵ ستراتیژدا کە بەرگریکردنە لە شیعە وەك مەزهەبێکی ئایینی یەکبگرێتەوە».



فیلیپ سیمیس توێژەری باڵا لە ئامۆژگای واشنتۆن
٩ی شوباتی ٢٠١٥

### وەرچەرخانی شەڕی تیرۆریستان
### بۆ شەڕێكی درێژخایەن و خوێناوی مەزهەبگەرایی

ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك، رۆژی ٩ی شوبات كۆڕێكی بە ناونیشانی (شەڕی داعش: میلیشیای شیعە و هەوڵەكانی هاوپەیمانان) بۆ هەر یەك لە مایكل نایت تایبەتمەند و راوێژكار بۆ دووبارە بونیادنانەوەی هێزەكانی ئاسایش و سوپا لە عێراق، فلیپ سیمیس توێژەری باڵا و خاوەنی كتێبی (جیهادی شیعە و كاریگەرییە ئیقلیمییەكانی)، هەروەها پی.جی دیرمەر كۆڵۆنێلی خانەنشینكراو لە سوپای ئەمریكا رێكخست. گرنگیی ئەم كۆڕە لەوەدا بوو كە راستەوخۆ تەلەفزیۆنی (C-span) پەخشی دەكرد، ئەم تەلەفزیۆنە كە لەساڵی ١٩٧٩دامەزراوە، هەموو كۆبوونەوە گرنگەكانی حكومەت و كۆنگریس و بابەتە گرنگەكانی تایبەت بە حكومەتی ئەمریكا دەگوازێتەوە، كاریگەری گەورەشی لەسەر رای گشتی ئەمریكا هەیە، هەر بۆیە گواستنەوەی ئەم كۆڕەش راستەوخۆ لەلایەن ئەو تەلەفزیۆنەوە، مانای ئەوەیە ئەو بابەتەی لەو كۆڕەدا موناقەشە كراوە، راستەوخۆ كاریگەری لەسەر هەوڵەكانی ئەمریكا بۆ دووبارە رێكخستنەوەی هێزەكانی عێراق هەیە، بەڵام مەترسیی گەورە لێرەدا ئەوەیە ئەو میلیشیا بەرفراوانەی حەشدی شەعبی كە ئێستا بەغدا بەنیازە بە یاسای گاردی نیشتمانی رێكیانبخات، لە چوارچێوەی دامەزراوەكانی دەوڵەتی عێراقدا، ببنە حزبوڵڵایەكی دیكە لە عێراقدا و لە بری ئەوەی ببنە هێزێكی ئاسایشی رێكخراو بۆ دەوڵەتێكی دیموكراتی و فیدراڵی، ببنە هێزێك بۆ پیادەكردنی ئایدیۆلۆژیەتی ویلایەتی فیقهی و دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئیسلامی لەسەر بنەمای ویلایەتی فیقهی، بەتایبەتیش كە ئێستا هێزەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران بە ئاشكرا و وەك بەشێك لە شەڕی دژی داعش لە سنووری ئێران - عێراقەوە لە پارێزگای دیالە تا دەگاتە دەوروبەری بەغدا و تەواوی رێگەی سەرەكیی نێوان بەغدا و كەركووك، پشتگیری هێزەكانی حەشدی شەعبی دەكات و هێزەكانی حەشدی شەعبیش بەتایبەتی ئەوانەی دوای داگیركردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، لەسەر فەتوای ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی دروستبوون، ئامانجیش لە درووستكردنی ئەم هێزە پاراستنی شیعە وەك مەزهەبێكی ئایینی ئیسلامە، نەك دەوڵەتێكی فیدراڵی و دیموكراتی، لەمەش زیاتر هەموو ئەو گرووپانەی حەشدی شەعبی بە ناوی ئەو كەسایەتییە ئایینییانە كراون كە مەزهەبی شیعە وەك رێبەری ئایینی شیعە سەیریان دەكات، نەك ناوێكی نیشتمانی، وەك: (لیوای مالك ئەشتەر، سەیدولشوهەدا، عەسائیبی ئەهلی حەق، رێكخراوی بەدر، ئەلیەوم ئەلمەوعود ...تاد)، لەسەر ئەم پرسە پرۆفیسۆر مایكل نایت كە خۆی راوێژكارە بۆ پرسی هاوكاری ئەمریكا بۆ بونیادنانەوەی عێراق، لە كۆڕەكەی ئامۆژگای واشنتۆن جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، پرسی سەرەكی ئەوەیە كۆنگرێس بڕیاریداوە هاوكاری عێراقییەكان بكات بۆ دووبارە بونیادنانەوەی سوپا و هێزەكانی ئاسایش، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەو لایەنانە كامانەن كە ئەمریكا دەیەوێت ئەم هێزەیان بۆ بونیاد بنێتەوە؟ لەوەڵامدا دەڵێت: بریتین لە هێزەكانی سوپای عێراق، هێزی پێشمەرگە، حەشدی شەعبی و دووبارە دروستكردنەوە هێزی سەحوە لە خێڵەكانی عەرەبی سوننە.

پرۆفیسۆر نایت سەبارەت بە سوپای عێراق لە ئێستادا ئاماژە بەوە دەكات كە ئەم سوپایە لە ئێستادا لاوازە و تەنها دەتوانن لە شەڕی داعشدا بەرگری بكەن و نەهێڵن پێشڕەوی بكەن، بۆیە ئەمریكا بڕیاری داوە ٩ لیوای سوپای عێراق پڕچەك بكات و مەشق و راهێنانیان پێ بكات، بەڵام ئەم ٩ لیوایە ئەگەر ئامادە بكرێت بۆ ئازادكردنی موسڵ، ئەوا پرۆسەی ئازادكردنی موسڵ دەكەوێتە ٣ مانگی كۆتایی ساڵی ٢٠١٥ و سەرەتای ٢٠١٦، هەر بۆیە لە ئێستادا میلیشیاكانی حەشدی شەعبی لە دەوروبەری بەغدا باڵادەستن و كۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە سنووری (عێراق – ئێران)ـەوە لە پارێزگای دیالە تا دەگاتە توزخورماتوو و كەركووك پشتگیریی حەشدی شەعبی دەكات و لە خۆئامادەكردنێكی گەورەیەدا بۆ ئەوەی هێرشێكی گەورە بكاتە سەر ناوچەی ئەباشیە، بەڵام ئەوەی ئێستا لە میانەی شەڕی داعش دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە سەركەوتن بەسەر هێزەكانی داعشدا خەریكە رێچكەی خۆی دەگرێت، بەڵام لەلایەكی دیكەوە مەترسی ئەوە هەیە لەوانەیە لەم سیناریۆیە بتوانرێت سەركەوتن بەسەر داعشدا بەدەست بهێندرێت، بەڵام دوای داعش ئاژاوەیەكی مەزهەبگەرایی لە نێوان سوننە و شیعە، هەروەها كورد و حەشدی شەعبی بێتە ئاراوە، بۆ ئەمەش بەڵگە هەیە هێزەكانی حەشدی شەعبی لەگەڵ سوننە دروشمی مەزهەبگەرایی بەرزدەكەنەوە و لە بەرامبەر كەركووك ئاڵای عێراق بەرز دەكەنەوە، ئەمەش وەك ئاماژەیەكە بۆ ئەوەی بە كورد بڵێن كەركووك هی ئێمەیە! بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرۆفیسۆر نایت ئەو پرسیارە لە ئەمریكا دەكات و دەڵێت: ئایا ئەو ئەگەرەتان لەبەرچاو گرتووە لە حاڵەتێكدا هەتا ئەگەر داعشیش تێكبشكێندرێت، عێراق لەدەست نادەین؟ ئایا چی روودەدات ئەگەر بەسەر تیرۆریستانی داعش سەركەوتین و عێراقمان دۆڕاند و حەشدی شەعبی بووە

**سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق نوری مالیكی بە مەبەستی سیاسی و تێوەگلاندن بە تیرۆریستانەوە، بە هەزاران هاووڵاتی سەركردەی سوننەكانی بەند كردووە و لەژێر ئەشكەنجە ناچاری كردوون خۆیان بە تیرۆریست بناسێنن**

**لە هەر وڵاتێكدا میلیشیا و مافیا هەبن و ئەو مافە بەخۆیان بدەن، هەمان دەسەڵاتی دەوڵەت بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوڵەت بەكار بهێنن، ئیدی شتێك نامێنێت ناوی دەوڵەت بێت**

**ئەو توندوتیژییەی كاسۆلێك و پرۆتستانت كە دوو مەزهەبی ئایینی كریستیانن لە ئیرلەندا بەرهەمی هێنا، شتێكی ئەوتۆی لە كارە تیرۆریستیەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست كەمتر نەبووە**

**ئەگەر ئایینی ئیسلام دوای دروستبوونی مەزهەبی شیعە و سوننەش، ئەو ئایینە بێت، لەناو مەزهەبی سوننە ئیمامی غەزالی بەرهەم هێنابێت و لە ناو شیعەش سەدرەدین شیرازی بەرهەم هێنابێت، ئەوا موسڵمان، شیعە بێت، یان سوننە هیچ جیاوازی نییە و هەردوو مەزهەبەکە بەرهەمهێنەری ئاشتی و پێکەوەژیانن**

حزبوڵڵایەکی دیکە لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆی عێراقدا؟ بەتایبەتیش کە ئێستا هێزەکانی حەشدی شەعبی پەیوەندییەکی زۆر بەهێزیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانی هەیە، هەروەها لە نێوان نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق و حەسەن نەسروڵڵای سەرۆکی حزبوڵڵای لوبنانی دیدار وپەیوەندییەکی زۆر بەهێز هەیە، لەمەش زیاتر ئەکرەم کەعبی کە یەکێك بووە لەسەرکردەکانی عەسائبی ئەهلی حەق لە عێراقدا، دوای گەڕانەوەی لە دیداری لەگەڵ حەسەن نەسروڵڵا، (لیوای مالکی ئەشتەر)ی دامەزراند، بۆیە لێرەدا پرۆفیسۆر نایت دووبارە پرسیارێکی دیکە دەورووژێنێتەوە و دەپرسێت: «ئایا بۆ ئێستای عێراق، ئەمریکا دیسان ڕووبەڕووی هەمان هەڵوێستی کۆنگرەی یەڵتای ساڵی ١٩٤٥ نەبۆتەوە، لە کاتێکدا ستالین هەژموونی بەسەر بەشی زۆری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا کێشابوو؟ ئایا ئێستا کاتی ئەوە نییە ئەمریکا هەمان پرسیارە قورسەکەی چەرچل لە خۆی بکاتەوە: (ئایا ئەم شەڕە چۆن کۆتایی دێت و دوای کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە چی دەبینین؟). بۆیە گرنگە ئێستا لە خۆمان بپرسین: ئایا دوای ئازادکرنی موسڵ خاڵە لاوازەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان چی دەبن؟ ئایا خاڵە لاوازەکانی نێو پێکهاتەکانی عێراق چی دەبن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە ئێستا لای من زۆر ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی دوای ئەم شەڕەی داعش، ئاڵۆزیی دیکە دەستپێدەکات، لە ئێستادا کە هێزەکانی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی دوژمنێکی هاوبەشی وەك داعشیان هەیە، زۆر بە



قورسی مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن و بە ئاشکرا هەست بە دابەشبوون دەکرێت، لەمەش زیاتر ترسی ئەوەم هەیە هێزەکانی حەشدی شەعبی لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ببنە حزبوڵڵایەکی دیکە بە هاوشێوەی حزبوڵڵای لوبنانی، لێرەدا دوو خاڵی گرنگ هەیە، دەبێت جێگەی بایەخ بێت، یەکەمیان ئەوەیە: پشتگیری زیاتری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ حەشدی شەعبی وادەکات، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ئاراستەی شەڕەکە بەرەو شەڕێکی مەزهەبگەرایی خوێناوی ببەن، ئەگەر سەیری هەندێك وێنەی شەڕەکانی حەشدی شەعبی لە دیالە بکەین، دەبینین بە ئاشکرا هێرش دەکەنە سەر مزگەوتی سوننەکان و دەست لە هاووڵاتیانی سڤیلی سوننە ناپارێزن، ئەمەش لەلایەن عەرەبی سوننەی موسڵ و تکریت و ئەنبارەوە کاردانەوەی دەبێت، هەروەها بەرامبەر بە کوردیش رەفتاری ئیستفزازی دەکەن، بۆیە ئەمە ئەو دووکەڵەیە ئاگرێك بەدوای خۆیدا دەهێنێت و پاشان کێشەی گەورە و خوێناوی دروستدەکات. خاڵی دووەمیان ئەوەیە: چۆن ئەم پرۆسەی هاوکارییەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هێزەکانی شیعەی عێراق دەخرێتە چوارچێوەی ستراتیژیەتی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی عێراقەوە، لەبەر ئەوەی وێنە لەبەردەستە ئەوانەی لەپشت (حەیدەر عەبادی)یەوە دانیشتوون، هەمان ئەو کەسانەن کە لە لوبنان هاوکاری حزبوڵڵایان کردووە، هەروەها مالیکی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ حەسەن نەسروڵڵا و حزبوڵڵای لوبنانی هەیە، ئەم حاڵەتە وا دەخوازێ هاوپەیمانان ئاستی بەشدارییان فراوانتر و بڵاوبوونەوەی هێزەکان لەسەر زەوی زیاتر بکەن، ئەگەر وانەکەن، داعش تێکدەشکێنین، بەڵام عێراق دەدۆڕێنین، دۆڕاندنی عێراق کە دوای سعودیە گەورەترین یەدەگی نەوتی هەیە، وەك دۆڕاندنی چین وایە لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا.»

ئەگەر لەسەر قسە و دیراسەتەکەی پرۆفیسۆر نایت

■

**کاتێک ئایین دەکرێتە ئایدیۆلۆژییەکی سیاسی و بۆ مەبەست و ئامانجێکی تایبەت ئەو ئایینە بەکار دەهێندرێت، ئەو ئایینە، ئایینی ئاسمانی بێت وەک (ئیسلام، کریستیان، جوولەکە)، یان ئاسمانی نەبێت وەک (ئایینەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا)، بە هەمان ئاست بەرەو توندوتیژی و کوشت و کوشتار هەنگاو هەڵدەگرێت**



**میلیشیاکان هەموویان ئاڵای تایبەتی خۆیان هەیە، بۆیە هەر یەکەیان ئاڵای خۆی بەرز دەکاتەوە و لە ژێر ئاڵای ئایینیدا شەڕ دەکات، نەک ئاڵای نیشتمانەکەی**

**میلیشیاکانی شیعە بەردەوام ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە ئەمریکا بە دروستکەری ئەو گرووپە تەکفیرییانەیان دەزانن، هەروەها ئیسرائیل بە پیلاندارێژەری ئەو پرسە دەزانن، بۆیە ئەگەر لای گرووپە تیرۆریستییەکان ئەمریکا «شەیتانی گەورە» بێت، ئەوا لای گرووپەکانی شیعەش، ئەمریکا هەر «شەیتانی گەورە»یە و لێدانی ئەمریکا و کوشتنی ئەمریکییەکان بە جیهاد دەزانن**

**ئەگەر ئەوەی داعش و بەرەی نوسرە و قاعیدە و تەواوی گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە ئەو کارە دڕندانانە لە ژێر ناوی جیهادی ئیسلامی بکەن، ئەوا بەرەنگاربوونەوەی شیعەش بۆ تەکفیرییەکان لە ژێر هەمان دروشمدایە و ئەویش جیهادی ئیسلامیی**

هەڵوەستە بکەین، هەست دەکەین، ئاراستەی شەڕی تیرۆریستانی داعش، خەریکە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی وەك شەڕی جیهانی ئازاد دژ بە تیرۆریستان بەرەو ئاراستەیەکی دیکە دەڕوات، ئەویش شەڕی ۳۰ ساڵەی ئایینی ئەوروپایە لە سەدەکانی ناوەڕاست کە بەشی زۆری هەموو دەوڵەتانی ئەورووپی گرتەوە، واتە شەڕەکە بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە شەڕی نێوان ئایدیۆلۆژیەتی ویلایەتی فیقهی و ئایدیۆلۆژیەتی خەلافەتی ئیسلامی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چۆن لە ئایدیۆلۆژیەتی خەلافەتی ئیسلامیدا سنوور بوونی نییە و خەلافەتی ئیسلامی بۆ هەموو جیهانی ئیسلامییە بە سوننە و شیعەوە، بە هەمان شێوە لە ئایدیۆلۆژیای ویلایەتی فیقهیش، سنوور بوونی نییە و ئەم ویلایەتە بۆ هەموو جیهانی ئیسلامییە بە سوننە و شیعەوە، لەم حاڵەتەدا ئەگەر مەرجەعییەتی شیعەی عێراق لە نەجەف هەتا ئێستا تەبەنی ویلایەتی فیقهی نەکردبێت و لایەنە شیعیەکانی وەك ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق، دوای ئەوەی (شۆڕشی ئیسلامی) لە ناوی حزبەکەی کردەوە و بە تەواوەتی ویلایەتی فیقهی ڕەتکردبێتەوە و بڕیاری دابێت پابەندبن بە فەتواکانی مەرجەعییەتی نەجەف، بەڵام ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق باجی ئەمەی داو، ڕێکخراوی بەدر لێی جیابۆوە، هەروەها تەیاری سەدر کە جەیشی مەهدی هەبوو، ئێستا لەم جەیشەش هەندێك جیابوونەتەوە و (لیوای ئەلیەوم ئەلمەوعود)یان دامەزراندووە و ئەوان ئێستا بیروبۆچوونێکی دیکەیان هەیە.

## ● جیهادی شیعە دژی تەکفیرییەکان و شەیتانی گەورە

داعش و جەبهەی نوسرە وەك بەشێك لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، پێڕەوانی مەزهەبی شیعە و هەموو کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان بە هەڵگەڕاوە لەئیسلام دەزانن و کوشتنیان حەڵاڵ کردووە، لەمەش زیاتر مەزار و شوێنە ئایینییەکان و پەرستگای ئایینەکانی دیکە بە بیدعە دەزانن و دەیانتەقێننەوە، لەبەرامبەردا، شیعەش ئەوانە بە تەکفیری و هەڵگەڕاوە لەئیسلام دەزانن و بە هەمان شێوە کوشتنیان بە حەڵاڵ دەزانن، بۆیە ئەگەر ئەوەی داعش و بەرەی نوسرە و قاعیدە و تەواوی گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە ئەو کارە دڕندانانە لە ژێر ناوی جیهادی ئیسلامی بکەن، ئەوا بەرەنگاربوونەوەی شیعەش بۆ تەکفیرییەکان لە ژێر هەمان دروشمدایە و ئەویش جیهادی ئیسلامییە، لەمبارەوە ئەگەر سەیری بڕیارەکەی حەسەن نەسروڵڵا بکەین بە ناردنی هێزی چەکدار بۆ دیمەشق و بەرگریکردن لە ڕژێمی بەشار ئەسەد، دەبینین ئەو هەرگیز ئەوەی نەشاردۆتەوە و ڕایگەیاندووە ئەگەر پێویست بکات خۆی دەچێتە دیمەشق و شەڕ دەکات، ئەم شەڕەش لە خەمخۆری نییە بۆ بەشار ئەسەد، بەڵکو بۆ بەرگریکردنە لە شیعە!

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا جیهادی شیعە تەنها تەکفیرییەکان دەگرێتەوە؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو تەکفیرییەکان و ئەوانەش دەگرێتەوە کە دروستکەری ئەو تەکفیرییەن، یان بۆ پلان و مەبەستی تایبەتی خۆیان پشتگیرییان دەکەن. میلیشیاکانی شیعە بەردەوام ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە ئەمریکا بە دروستکەری ئەو گرووپە تەکفیرییانەیان دەزانن، هەروەها ئیسرائیل بە پیلاندارێژەری ئەو پرسە دەزانن، بۆیە ئەگەر لای گرووپە تیرۆریستییەکان ئەمریکا «شەیتانی گەورە» بێت، ئەوا لای گرووپەکانی شیعەش، ئەمریکا هەر «شەیتانی گەورە»یە و لێدانی ئەمریکا و کوشتنی ئەمریکییەکان بە جیهاد دەزانن، لە عێراقیشدا بە ئاشکرا بینیمان کە گرووپەکانی وەك بەدر و جەیشی مەهدی چەندین سەربازی ئەمریکییان کوشت. لەسەر ئاستی سووریاش گرووپە جیهادییەکانی شیعە، هەموو نەیارانی ڕژێمەکەی ئەسەد وەك بەرەی نوسرە و داعش سەیر دەکەن، لەبەر ئەوەی عەلەوییەکان، سەرکەوتنی گرووپی ئۆپۆزسیۆنی میانڕۆ -ئەوەی ئەمریکا دەیەوێت پشتگیرییان بکات و چەك و تەقەمەنیان بۆ دابین بکات-، بە مەترسی بۆ سەر خۆیان دەزانن. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی گرووپە جیهادییەکانی شیعە لە ژێر هەر ناوێکدا دروست بن، خەمی سەرەکییان پاراستنی شیعەیە، ئەوان لە ئێستادا لە هەوڵی ئەوەدان پشتگیری کەمینە ئایینییەکان بەدەست بهێنن، لەسەر ئەو ڕەفتارانە دێنە دەنگ کە ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی دژ بە کەمینە نەتەوەیی و ئایینەکانی وەك ئێزیدی و کریستیان ئەنجامی دەدەن، بەڵام ئەم حاڵەتە لەبەر ئەوەیە کە خۆیان واپیشانبدەن کە جیهادی شیعە، جیهادێکی کاردانەوەی ڕەفتاری تەکفیرییەکان و بەرگری لەخۆکردنە.

## ● شێوازی کارکردنی گرووپەکانی جیهادی شیعە

کاتێك ئایین دەکرێتە ئایدیۆلۆژییەکی سیاسی و بۆ مەبەست و ئامانجێکی تایبەت ئەو ئایینە بەکار دەهێندرێت، ئەو ئایینە، ئایینی ئاسمانی بێت وەك (ئیسلام، کریستیان، جوولەکە)، یان ئاسمانی نەبێت وەك (ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا)، بە هەمان ئاست بەرەو توندوتیژی و کوشت و کوشتار هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆیە لێرەدا پرسەکە ئەوە نییە ئایینەکە، ئایینی ئاشتییە، یان ئایینی ئاشتی نییە، بەڵکو پرسەکە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئایینەکەیە بۆ مەبەستی سیاسی.

سەبارەت بە ئایینی کریستیانی، بیرمەندی گەورەی ئینگلیزی جۆن لۆك لە (نامەی لێبوردەیی)ەکەی دەڵێت: ئەگەر ئایینی کریستیان ئەو ئایینە بێت کە حەزرەتی مەسیح (س.خ) پێی راگەیاندووین و بەو ئاستە لێبوردەیە کە دەڵێت: (ئەگەر بەکێك زللەیەکی لەم رومەتەت دا، بلێ زللەیەکی دیکە لە روومەتەکەی دیکەم بدە، ئەوا من لە هەموو کەسێك زیاتر کریستیانم و پابەندی کریستیانییەتم، بەڵام ئەگەر کریستیانییەت ئەو کوشت و کوشتار و قەسابخانەیە بێت کە کەنیسە بەرهەمی هێناوە، ئەوا من بێبەریم لەو کریستیانییەتە و کریستیان نیم.

ئەمە بۆ ئایینی ئیسلامیش بە هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننەوە راستە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئایینی ئیسلام دوای دروستبوونی مەزهەبی شیعە و سوننەش، ئەو ئایینە بێت، لەناو مەزهەبی سوننە ئیمامی غەزالی بەرهەم هێنابێت و لە ناو شیعەش سەدرەدین شیرازی بەرهەم هێنابێت، ئەوا موسڵمان، شیعە بێت، یان سوننە هیچ جیاوازی نییە و هەردوو مەزهەبەکە بەرهەمهێنەری ئاشتی و پێکەوەژیانن.

عەبدولکەریم سروش بیرمەندی گەورەی ئێرانی کە سەر بە مەزهەبی شیعەیە، زۆر جار لە نووسین و تەنانەت موحازەرەکانیشدا، سەبارەت بە ریفۆرمی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ بیرمەندانی هاوشێوەی محەمەد عابد جابری و محەمەد ئەرەگۆن و ناسر حامد بو زەید، ئەو ئاماژە بەوە دەکات، لە کۆنفرانسێکدا، پێشنیاری ئەوە کراوە، پێویستە سوننە داوای لێبوردن لە شیعە بکات، لەبەر ئەوەی ئیمامی حوسێن (س.خ)ی کوشتووە، لە وەڵامدا سروش دەڵێت: ناسر حامد بو زەید کە لەو کۆنفرانسە لەگەڵم بوو، پێی گوتم: هەرچەندە من ئاگاداری کوشتنی ئیمامی حوسێن ( س.خ) نیم، بەڵام هەر داوای لێبوردنت لێ دەکەم.

ئاماژەکردنمان بۆ ئەم نموونانە بۆ ئەوەیە چەند جێگەی مەترسییە ئایین (ئینجا هەر ئایینێك بێت) بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی بەکار بهێندرێت. ئەمە لە ساڵانی نەوەدەکانی رابردوو لە نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتەکانی ئیرلەندەی باکوور گەیشتە ئەوەی رێگە نەدەن کریستیانێکی کاسۆلیکی بچێتە گەڕەکێکەوە کە پرۆتستانت بێت، ئەو توندوتیژییەی کاسۆلیك و پرۆتستانت کە دوو مەزهەبی ئایینی کریستیانن لە ئیرلەندا بەرهەمی هێنا، شتێکی ئەوتۆی لە کارە تیرۆریستیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمتر نەبووە، بۆیە کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە ئەم مەزهەبە لێبووردەیە و ئەوی دیکە نالێبوردەیە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کاتێك شەڕی مەزهەبگەرایی دروست دەبێت، یان ئاراستەی شەڕەکە لە شەڕی جیهانی ئازادەوە دژی تیرۆریستان دەگۆڕێت بۆ شەڕی نێوان شیعە و سوننە، ئەوا چۆن توندڕەوەکانی مەزهەبی سوننە مزگەوتەکانی شیعە دەتەقێننەوە، بە هەمان شێوە توندڕەوەکانی شیعەش مزگەوتەکانی سوننە دەتەقێننەوە، چۆن تیرۆریستان لە ژێر ناوی ئیسلام و مەزهەبی سوننە کۆمەڵکوژی ئەنجامدەدەن، وەك ئەوەی داعش لە سپایکەر ئەنجامی دا، بەهەمان شێوە لە قەزای بەلەدیش هەمان کۆمەڵکوژی لەسەر دەستی شیعە بینراوە، هەروەها سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق نوری مالیکی بە مەبەستی سیاسی و تێوەگلاندن بە تیرۆریستانەوە، بە هەزاران هاووڵاتی سەرکردەی سوننەکانی بەند کردووە و لەژێر ئەشکەنجە ناچاری کردوون خۆیان بە تیرۆریست بناسێنن.

مەترسییەکە لە ئێستادا لەسەر چەند ئاستێك ئاراستەیەکی دوورمەودای لێدەخوێندرێتەوە کە لەم حاڵەتانەدا بەرجەستە دەبێت:

١. لە هەر وڵاتێکدا میلیشیا و مافیا هەبن و ئەو مافە بەخۆیان بدەن، هەمان دەسەڵاتی دەوڵەت بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوڵەت بەکار بهێنن، ئیدی شتێك نامێنێت ناوی دەوڵەت بێت، ئێستا لە عێراقدا ئەم حاڵەتە تەواو بەرجەستەیە، ئایا ئێستا کێ لە بەغدای پایتەخت دەتوانێت بە یەکێك لە میلیشیاکانی عەسائبی ئەهلی حەق بڵێت: تۆ چی دەکەیت؟ هەر ئەو میلیشیایە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ هەڵیکوتایە سەر بارەگای رۆژنامەی (التاخی) لە بەغدا و هیچ لایەنێك لە دەوڵەتی عێراق نەیتوانی لێکۆڵینەوە لەو تاوانە بکات.


٢. ئەگەر چاوێکی خێرا لە یوتیوب (You Tube) بە هەموو ئەو کلیپانەدا بخشێنین و سەیریان بکەین و گوێیان لێبگرین کە بۆ هەموو میلیشیاکانی حەشدی شەعبی تۆمارکراون، ئایا چی دەبینین و گوێمان لەچی دەبێ؟ ئایا خەڵك هاندەدەن بۆ دیموکراتی و پێکەوەژیان، یان بۆ کوشتن و تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژی؟ هەر بۆ نموونە یەکێك لەو کلیپانەی ٢٠١٥ لەلایەن عەلی دلفی بە ناوی (مەدی شیعی) تۆمار کراوە، لەم کلیپە عەلەمی عێراقی داوە بە شانیدا، بەڵام باسی مەدی شیعەش دەکات، ئەگەر لەمەوە بگەڕێینەوە بۆ شێوازی سەرنجراکێشانی رێکخراوە جیهادییە توندڕەوەکانی سوننە، پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەوان تاچەند سوودیان لە یوتیوب و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هاندانی توندڕەوی وەرگرتووە، بێگومان ئەوانیش بە هەمان شێوەن.

٣. میلیشیاکان هەموویان ئاڵای تایبەتی خۆیان هەیە، بۆیە هەر یەکەیان ئاڵای خۆی بەرز دەکاتەوە و لە ژێر ئاڵای ئایینیدا شەڕ دەکات، نەك ئاڵای نیشتمانەکەی.

**چۆن لە ئایدیۆلۆژیەتی خەلافەتی ئیسلامیدا سنوور بوونی نییە و خەلافەتی ئیسلامی بۆ هەموو جیهانی ئیسلامییە بە سوننە و شیعەوە، بە هەمان شێوە لە ئایدیۆلۆژیای ویلایەتی فیقهیش، سنوور بوونی نییە و ئەم ویلایەتە بۆ هەموو جیهانی ئیسلامییە بە سوننە و شیعەوە**

**پشتگیری زیاتری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ حەشدی شەعبی وادەکات، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ئاراستەی شەڕەکە بەرەو شەڕێکی مەزهەبگەرایی خوێناوی ببەن، ئەگەر سەیری هەندێك وێنەی شەڕەکانی حەشدی شەعبی لە دیالە بکەین، دەبینین بە ئاشکرا هێرش دەکەنە سەر مزگەوتی سوننەکان و دەست لە هاووڵاتیانی سڤیلی سوننە ناپارێزن**

**مەترسیی گەورە ئەوەیە ئەو میلیشیا بەرفراوانەی حەشدی شەعبی کە ئێستا بەغدا بەنیازە بە یاسای گاردی نیشتمانی رێکیانبخات، لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا، ببنە حزبوڵڵایەکی دیکە لە عێراقدا و لە بری ئەوەی ببنە هێزێکی ئاسایشی رێکخراو بۆ دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی، ببنە هێزێك بۆ پیادەکردنی ئایدیۆلۆژیەتی ویلایەتی فیقهی**



**د.فالح عەبدولجەبار** نووسەر و بیرمەندی عێراقی:

# سیستانی فەتوای دا خەڵک خۆبەخشانە بچنە ریزی سوپا نەک میلیشیای حەشدی شەعبی درووستبکرێت

**د.فالح عەبدولجەبار یەکێکە لە بیرمەندەکانی عێراق لە بواری سیسۆلۆژی و تایبەتمەندە لەسەر دیراسەتی فیکری سیاسی و سیۆلۆژی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبەری ئامۆژگای دیراساتی ستراتیژی عێراقییە لە بەیروت، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دروستبوونی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و شەڕی داعش ئەم وتوویژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** رەوشی ئێستای عێراق چۆن دەبینن، ئایا پێتانوایە کە دووبارەبوونەوەی هەمان حوکمڕانیی پێشترە، یان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە؟**

- لە راستیدا رەوشەکە زۆر ئاڵۆزە، بەتایبەتی بە هۆی ئەو حوکمڕانییەی کە عێراق لە ماوەی هەشت ساڵی رابردووی مالیکی پێوەی دەناڵاند کە لە خراپییەوە بۆ خراپتر دەچێت، کە ئەمەش بووە هۆی بەهێزکردنی داعش، مالیکی بە تێڕوانینی تایفەگەری حوکمڕانی وڵاتی دەکرد تا گەیشتە ئەوەی پەیوەندیی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان تێکبدات، هەروەها بووە هۆی جیابوونەوە و کێشەو ململانێ لە نێوان حزبە ئیسلامییە عێراقییەکان و سەرکردە سیاسییەکان، لەلایەکی دیکەوە تەحەددای ئەمنی و سیاسی و چاکسازیی ئیداری و سیاسی هاتە پێشەوە، کە لە هەمووی گرنگتر بەرەنگاربوونەوەی داعشە، بەهاتنی عەبادی تاکە هیوا و ئامانجی عێراقییەکان گۆڕانکاری بوو، بەڵام تا ئێستا دەبینین ئەو گۆڕانکارییە سستەو بەپێی پێویست نییە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەتا ئەگەر لە رووی ئەمنیشەوە تا رادەیەك باش بێت، بەڵام لە رووی ئابووری و دارایی و پرسی نەوتەوە هێشتا ناکۆکی و کێشە ماوە و چارەسەر نەکراوە، پەیوەندییەکان لەگەڵ پارێزگا سوننییەکانیش تا ئێستا باش نییە و مەسەلەی یاسای حەرەس وەتەنی جێبەجێ نەکراوە، تاکو خەڵکی ئەو ناوچانە هان بدەن بۆ ئەوەی دژی تیرۆریستانی داعش بەرگری لە خۆیان و ناوچەکانیان بکەن، سوپای عێراق لاوازە و تەبایی و هەماهەنگی لەنێوان سیاسەتمەداران و کاربەدەستانی وڵات بەو رادەیە نییە، بۆیە مەترسی زۆرەو پێویستە هاوکاری و هەماهەنگیکردن لە نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمی کوردستان پتەوتر بێت بەتایبەتی بۆ رزگارکردنی ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی داعشەوە.

*** لە ئێستادا کۆمەڵێك میلیشیای شیعە بەناوی حەشدی شەعبی دامەزراون، خەڵکێك پێیانوایە ئەوانە بەرگری لە عێراق دژی تیرۆر ناکەن بەقەدەر ئەوەی بەرگری لە تایفەگەری و ئایینزایەکی دیاریکراو دەکەن، کۆمێنتتان لەسەر ئەمە چییە؟**

- حەشدی شەعبی بە فەتوای بەڕێز سیستانی دامەزرا، فەتواکەی ئەو بریتی بوو لەوەی خەڵك خۆبەخشانە بێتە نێو سوپاوە، نەك بەم شێوەیە بێت، ئەوەی رووی داوە پێچەوانەی فەتواکەی ئەو بوو، ئەو پیاوە دەزانێت جیاوازیی نێوان سوپا و میلیشیا چییە، سوپا هێزێکی نیزامییە و بە یاسا رێکخراوە، بەڵام میلیشیا رەنگە کاری دەستدرێژی و پەلاماردان و دزی و تاڵان و کوشتن ئەنجام بدات، میلیشیا هێزێکی ئاژاوەگێڕە، بەپێچەوانەی سوپاوە، ئەوانە ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێن، یان لە هەر کردەوەیەکی نەخوازراودا تەنانەت لێپێچینەوەشیان لەگەڵدا بکرێت، راستە هەندێك لە حەشدی شەعبی رەنگە بە دڵسۆزییەوە شەڕ بکات و ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام بەداخەوە هەندێکی دیکە وەك عەسائبی ئەهلی حەق و هێزەکانی بەدر ئاژاوەو کاری نارەوا بەرپا دەکەن، تەنانەت زۆربەیان هاتوون بە مەرامی تۆڵەسەندنەوە نەك بۆ بەرگری لە عێراق و خەڵك، هەتا ئەو زمانەی لە تۆڕی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و لە لێدوان و بەیاننامە فەرمییەکان و فەیس بوك بەکاری دێنن، زمانی تایفەگەرییە کە بە هیچ شێوەیەك پەسند نییە، لەبەرامبەریشدا هەندێ لایەنی سوننە ئەوانیش زمانی تایفەگەری بەکاردێنن کە کەس پێی قبوڵ نییە، بۆیە ئەگەر حەرەس وەتەنی پێکهات، پێویستە بەشێك بێت لە هێزی نیزامیی وڵات، نەك میلیشیا بێت، ئێمە پێمان باشە لە هەموو پارێزگایەك حەرەس وەتەنی هەبێت، نەك تەنیا لە شوێنێکی دیاریکراودا، هاوکات با سەر بە وەزارەتی بەرگری و هێزی چەکداری عێراقی بن، با هەندێ کەس و پلەداری سوننە و شیعەشیان تێدا بێت، بەڵام دەبێ بەپێی فەرمانەکانی سوپا رەفتار بکەن، تەنانەت ئەفسەرە پلەباڵاکانیش بەپێی فەرمانی

**بەبێ چاکسازیی ئایینی ئێمە هەمیشە لەنێو کارەساتدا دەمێنینەوە**

**هەندێ گرووپی رادیکالی هەن کە پەڕگیر و توندڕەون، ئەوانە لێکدانەوەو بۆچوونیان بۆ ئایین کارەساتە، ئەوان دەڵێن: ئیسلام چارەسەرە، بەڵام هەر خۆیان ئایینیان کردۆتە کێشە**

**تەنیا شوێن کە تا رادەیەک سەقامگیریی رێژەیی بەخۆیەوە دەبینێت تونسە، بۆیە بەهاری عەرەبی بە تەواوی شکستی هێناوە و ئامانجەکانی نەپێکاوە**

**سوپا هێزێکی نیزامییە و بە یاسا ڕێکخراوە، بەڵام میلیشیا ڕەنگە کاری دەستدرێژی و پەلاماردان و دزی و تاڵان و کوشتن ئەنجام بدات**

**سوپای عێراق لاوازە و تەبایی و هەماهەنگی لەنێوان سیاسەتمەداران و کاربەدەستانی وڵات بەو ڕادەیە نییە، بۆیە مەترسی زۆرەو پێویستە هاوکاری و هەماهەنگیکردن لە نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمی کوردستان پتەوتربێت**

**بەهاتنی عەبادی تاکە هیوا و ئامانجی عێراقییەکان گۆڕانکاری بوو، بەڵام تا ئێستا دەبینین ئەو گۆڕانکارییە سستەو بەپێی پێویست نییە**

سوپا هێزەکانیان بجووڵێنن بۆ هەر شوێنێکی عێراق، نەك گوێ لە فەرمان و حەزی سەرکردە حزبییەکانیان بگرن. مالیکی لە ماوەی دووەمـــی حوکمڕانییەکەیدا هەموو میلیشیاکانی قەدەغەکرد، بەڵام هەر ئەوەندە لە حوکمدا چەسپا یەکسەر میلیشیاکانی عەسائبی ئەهلی حەقی هێنایەوە گۆڕەپانەکە، ئێستاش حەشدی شەعبی بوو بە ئەلتەرناتیڤ، یان سەرپۆشـــی میلیشیاکان کە ئەمەش هەر کارەســـاتە، نازانم ئەو هەواڵە ڕاســـتە، یان نا، کە سەید موقتەدا ســـەدر لە حەشدی شەعبی کشاوەتەوەو پێی باش بووە ئەگەر ئەوانەی خۆبەخشـــانە دەچنە پاڵ سوپاوە ئاساییە، بەڵام وەك میلیشیا ئەمەی پێ قبووڵ نەبووە.

*** ئێوە کـــە لە بەیروتـــن چۆن دەڕواننـــە پەیوەندیی عەسائبی ئەهلی حەق وەك میلیشیایەکی شیعە لەگەڵ لوبنان و سووریا و ئێران؟**

- لە ڕاســـتیدا عەســـائبی ئەهلی حەق ڕێکخراوێکی عێراقییە و بەشـــێك بوون لە ســـوپای مەهدی و دواتر جیابوونەوە بە هۆی دەســـتێوەردانی ئێرانی کە هەندێك ســـەرکردە پڕچەکیان دەکردن و یارمەتییان دەدان، دواتر مالیکی بە پارەو چەك یارمەتی دان، پاشـــان ڕەوانەی سووریا کران بۆ شەڕکردن لەپاڵ بەشار ئەسەد، بەڵام لە لوبنان هیچ هێزێکی ئەوانی لێ نییە، ئەوە تێڕوانینی ڕۆژئاوایـــە بـــە درێژبوونەوەی قەڵەمڕەویـــی ئێران بۆ سووریا و بەحرەین و یەمەن و دواتر لوبنان، بەر لە چەند ڕۆژێکیش قاسم سولەیمانی بەرپرسی دۆسیێ عێراق لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندبوو کە ئێمە هێزمان هەیە لە عێراق و لوبنان و ســـووریا و شوێنی دیکە، ئەمەش بەڵگەی درێژبوونەوەی جیۆسیاســـیی دەوڵەتـــی ئێرانە، دیارە بۆ پاراســـتنی بەرژەوەندییەکانی ئێرانە لەو وڵاتانەدا، چونکە هەموو وڵاتێك چ عێراق، یان تورکیا، یان ئێران هەموویان بەرژەوەندی تایبەتـــی خۆیان لە ناوچەکەدا هەیە، هاوکات وەك کارتێك بەرامبەر بە ڕۆژئاوا بەکاری دەهێنن.

*** لە ئێســـتادا ڕۆشنبیر و سیاســـەتمەداران باس لەوە دەکەن کە ڕۆژئاوا ســـەرقاڵی دۆزینەوەی سیستەمێکی تازەیە وەك ئەڵتەرناتیڤی دیموکراســـی لە کاتێکدا کە ئێمە لە شەڕی داعشداین، چۆن دەکرێ ئەم بیرۆکەیەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەم ڕەوشـــە ئاڵۆزەی ئێستای ناوچەکە جێی بکرێتەوە؟**

- بیرکردنەوەی ســـتراتیژیی ڕۆژئاوا بەر لە ســـاڵانی نەوەدەکان بریتیبوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، واتا نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمریکا، دواتر ئەمە کۆتایی هات و گەیشتە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە لۆکاڵییـــەکان، وەك قەیرانی کۆریا و ئۆکرانیا، بەڵام قەیرانی گەورە لە ناوچەکەماندا سەری هەڵدا هەر وەك لە ئەفغانستان، لە چوارچێوەی ئەوەی لە ڕۆژئاوا بە (بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر) ناسراوە، هاوتەریبی ئەمە ستراتیژییەتێکی دیکە هەیە کە بریتییە لە چاکسازی واتا پشـــتیوانیکردن لـــە پەرەپێدانی دیموکراســـی و چەسپاندنی یاسا، هاوکات ڕەوتێك هەیە پێیوا نییە ئێمە دەتوانین چاکســـازی بکەین بە بەڵگەی شکستهێنانی بەهاری عەرەبی، لەوانە لیبیا کە شەڕ تێیدا بەردەوامەو لە میســـر سوپا هاتەوە سەر حوکم و یەمەن بە تەواوی هەرەسی هێناوە و بزووتنەوەکانی سووریاش نەیانتوانی دەســـتکەوت بەدەســـت بێنن و لە عێراقیشدا بە چاوی خۆمان بارودۆخەکە دەبینین، تەنیا شوێن کە تا ڕادەیەك ســـەقامگیریی ڕێژەیـــی بەخۆیەوە دەبینێت تونســـە، بۆیـــە بەهاری عەرەبی بە تەواوی شکســـتی هێناوە و ئامانجەکانـــی نەپێکاوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە زۆر ڕەوتـــی ڕۆژئاوا پێیانوایـــە لەناوبردنی تیرۆر لـــە بنەڕەتدا دابینکردنی خۆشـــگوزەرانی و ئازادی و دیموکراسییەتە، لەبەرامبەریشدا ڕەوتی دیکە پێیوایە کە پێویستە حکومەتی بەهێز لەو وڵاتانە هەبێت، بۆیە ئەو بۆچوونانە تەنیا لە پەیمانگە ستراتیژییەکان و لەلایەن ڕۆشـــنبیر و هەندێ سیاســـەتمەدارانەوە باس دەکرێت، نەك لە سیاســـەتی فەرمیی حکومەتەکانەوە، دەبینین کابرایەکـــی ئەمریکـــی لە شاشـــەکانەوە دێتە دەرەوەو دەڵێـــت: با عێراق دابەش بکەین، هەندێ ڕۆشـــنبیر و توێژەران دەڵێن ئەو شەڕەی ئێستای جیهان شەڕی نێوان ئایین و شارستانییەتەکانە، بەڵام هەندێکی دیکە دەڵێن: هۆکارەکە بازاڕە و ئەو حوکم دەکات، بۆیە بیروبۆچوون زۆرن، بـــەڵام ســـتراتیژییەکانی بەکـــردەوە ئەوانەن کە حکومەتەکان پەیڕەوی دەکەن، جـــا تاوەکو بە تەواوی هەڵیانبسەنگێنین، پێویستە لە بەڵگەنامەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە بکۆڵینـــەوە، چ لە ئەورووپا، یان ئەمریـــکا، یـــان وڵاتانی دیکە، هەروەهـــا چاودێریی سیاسەتە کردارییەکان بکەین، نەك پشتببەستین بە قسە و ڕاوبۆچوونەکانی ئەو ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارانە.

*** باست لە ســـێ خاڵی گرنگ کرد، ئەوانیش بیر و چاکســـازی و ئایین، دوور لەمانە پرسیارەکە ئەگەر بە جۆرێك فەلســـەفی، یان تیۆری بێت، ئایا ئایین، یان چەمکەکانی ئایین پێویستیان بە جۆرێك لە چاکسازی هەیە، بەتایبەتی کە ئەوەی داعش دەیکات، کارەساتێکە بۆ خۆی؟**

- ئایین سێ ئاستی تێدایە، پێش هەموو شتێك دەزگاو دامـــەزراوە فەرمییەکان وەك ئەزهـــەر و زەیتوونە، ئەو



دەزگایانە لەگەڵ پەرەسەندنی هاوچەرخ ڕێ دەکەن وەك دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ، هەروەها هەندێ گرووپی رادیکالی هەن کە پەڕگیر و توندڕەون، ئەوانە لێکدانەوەو بۆچوونیان بۆ ئایین کارەساتە، ئەوان دەڵێن: ئیسلام چارەسەرە، بەڵام هەر خۆیان ئایینیان کردۆتە کێشە، واتا دەیکەنە هێزێکی ڕێگر لەبەردەم کۆمەڵگەی تازەدا، دواتر چاکسازی بریتییە لە قبووڵکردنی دیموکراسی و چەمکی نەتەوە و مافی مرۆڤ و ئازادیی ئافرەت و ئازادیی ویژدان و تا دوایی، ئەگەر ئەدەبیاتی داعش بخوێنیتەوە، ئافرەت دەبێ رەش بپۆشێت و لە ماڵەوە دەرنەچێت، پیاو نابێ ریشی بتاشێت، هەموو زانستێك قەدەغەیە وەك کیمیا و فیزیا و بایۆلۆژی، چونکە ئەوانە باس لە خەڵقبوونی بوونەوەر دەکەن. ئەمانە هەموویان بیرۆکەی کۆنن و لەگەڵ سەردەمی ئێستا یەك ناگرنەوە، بۆیە بەبێ چاکسازیی ئایینی ئێمە هەمیشە لەنێو کارەساتدا دەمێنینەوە، چاکسازیی ئایینی لەسەر هەموو ئاستێك بەتایبەتی ئەو دەرئەنجام و دەرهاویشتانەی بیرکردنەوەی مرۆڤ هێناویەتییە ئاراوە لە پێشکەوتن و زانست و زانیاری، لە هەمان کاتدا واز لە زۆر شت دەهێندرێت کە پێویست ناکات، بۆ نموونە یەکێك دەڵێت: با بگەڕێینەوە سەردەمی پێغەمبەر(دخ)، یەکێك لێی پرسی بۆ ئەوکاتە خەڵك بە تیروکەوان شەڕی دەکرد، ئێستا چەکی پێشکەوتوو هەیە، تانك و زرێپۆش هەیە، قابیلە بگەڕێینەوەو سواری ئەسپ بین، بۆچی ئەنتەرنێت و فەیس بوك و سینەما و ڤیدیۆتان قبووڵە و شتی دیکەش رەتدەکەنەوە؟ ئێمە لە چاکسازی و پێشکەوتنی شارستانی و زانست زۆر لە دواوەین و تازە لە پایەی بنەوەی پەیژەی سەرکەوتنین بۆ ئەو زانست و پێشکەوتن و خوێندن و بەرەوپێش چوونە.


*** هەندێك دەڵێن: داعش لە لیبیایە، واتا لە رۆژئاوا نزیك بۆتەوە، تاچەند ئەمە راستە و ئایا رۆژئاوا بەو رادەیە ترسیان لە تیرۆر هەیە؟**

- بەڵێ، ئەگەر داعش توانی لیبیا داگیر بکات کە وڵاتێکی نەوتییە و دەکەوێتە کەناری باشووری ئەورووپا، دەتوانێت زۆر بەئاسانی هێز بنێرێت بۆ تێکدانی ئاسایشی ئەو ناوچەیە، هەروەها ئەگەر کۆنترۆڵی عێراق و سووریای کرد، زۆر بە ئاسانی لوبنانیش کۆنترۆڵ دەکات تا دەگاتە ئوردن، هەر چەندە ئەو هێزەی نییە، بەڵام گریمان وابێت، ئەوا کارەسات دەبێت نەك بۆ ناوچەی عەرەبی، بەڵکو بۆ هەموو جیهان.

**ماليکی بە تێڕوانینی تایفەگەری حوکمڕانی وڵاتی دەکرد تا گەیشتە ئەوەی پەیوەندیی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان تێکبدات، هەروەها بووە هۆی جیابوونەوە و کێشەو ململانێ لە نێوان حزبە ئیسلامییە عێراقییەکان و سەرکردە سیاسییەکان**

**حەیدەر سەعید** راوێژکاری مەڵبەندی توێژینەوەی ستراتیژی لە عەممان:

# میلیشیاکانی عەسائبی ئەهلی حەق بۆ پشتگیریی ئەسەد لە سووریا بوون دوای کەوتنی موسڵ بۆ عێراق گەڕانەوە



**عێراق بۆتە وڵاتی میلیشیای چەکداری، لە ئێستادا لە بە دەیان ناو زیاتر میلیشیای شیعە بوونی هەیە و لەگەڵ ئەوەی فەرمین و سەرۆکەکانیان ئەندامی پەرلەمانی عێراقن، یان بەپرسانی باڵای شیعەن، بەڵام جۆرێك لە لامەرکەزییەتیان هەیە و مەرج نییە هێندێکیان هێندەی پابەندن بە فەرمانی دەرەکی، هێندە پابەندبن بە فەرمانەکانی حکومەتی عێراق، بۆ قسەکردن لەسە ئەم پرسە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ حەیدەر سەعید راوێژکاری مەڵبەندی توێژینەوەی ستراتیژی لە عەممانی پایتەختی ئەردەن ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** دەربارەی حەشدی شەعبی وەك میلیشیا، هەندێك دەڵێن: ئەو هێزە بۆ ئەوە پێکهاتووە کە تەنیا داکۆکی و بەرگری لە شیعە بکات، نەك شەڕ دژی تیرۆریستان بکات، راتان لە بارەیەوە چییە؟**

- ئەم هێزە فەرمییە و پەرلەمانتار ساڵح فەیاز سەرۆکایەتی دەکات و میلیشیا شیعەکانی پێشوو لەخۆ دەگرێت، واتا دوای کەوتنی موسڵ ئیرادەیەکی بەهێز بۆ زۆر لەو میلیشیایانە دروستبوو، لەوانە عەسائبی ئەهلی حەق و هێزی بەدر و عاشوورا و سەلامی سەر بە رەوتی سەدر، دیارە چۆن پێشتر و لەسەردەمی رژێمی پێشوو جەیش شەعبی و هەندێ پێکهاتەی دیکە هەبوون، ئێستاش رەوشەکە وادەخوازێت هێزێك هەبێت بەرگری لە وڵات بکات و پشتیوانی سوپای عێراق بێت، چونکە لەم بارودۆخەدا بوونی ئەم هێزە زۆر پێویستە، لە راستیدا ئەم هێزانە سەر بە شیعەن و مەهدی موهەندیس کە سەرکردەیەکی ئەم هێزانەیە دەڵێت: ئێمە ناچینە نێو شەڕی موسڵ و ئەنبار و سامەڕا، بەڵکو بەرگری لە ناوچە شیعەنشینەکان دەکەین، بەڵام لە هەندێ ناوچە تێکەڵن لە شیعە و سوننە، بۆ نموونە لە جەرفولسەخر و دیالە و باکووری میقدادیە و ئامرلی، ئەو هێزانە بەشداری شەڕیان کرد، تاکە ناوچەی سوننە کە حەشدی شەعبی رووی تێکرد، شارۆچکەی بێجی بوو، بەڵام نەیتوانی لە ٤٨ سەعات زیاتر تێیدا بمێنێتەوە و دەرئەنجام لێی کشایەوە و دواتر جارێکی دیکە داعش دەستی بەسەر بێجیدا گرتەوە. لەم چەند رۆژەی دواییدا هەندێ گرفت لە نێو سەرکردەکانی شیعە هاتەئاراوە بە هۆی جیاوازیی بۆچوونیان لەسەر پێکهاتەو شوێنی کارکردنی ئەو هێزانە و پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە، دواتر هەندێ رووداوی دیکە هاتنەپێش لەوانە ئەو پێکدادانەی لە گەڕەکی کەرادەی بەغدا و ئینجا تیرۆرکردنی شێخ قاسم ئەلجەنابی و پاسەوانەکانی، لەهەموویان دیارتر رفاندنی ئەندام پەرلەمانی عێراق زەید ئەلجەنابی، ئەمانە هەموویان بوونە مایەی مشتومڕ لە نێوان شیعەکان لەسەر پەیوەندیی نێوان حەشدی شەعبی و دەوڵەت.

*** هەندێ لایەن بەتایبەتیش عەسائبی ئەهلی حەق لێدوانەکانیان زۆر توندە و گوێ نادەن بە سوننە، یان کورد، بۆچوونەکانیان زیاتر سەربازییە لەوەی نیشتمانی بێت، واتە نەتەوەچێتیی مەزهەبییە، ئەمە وێڕای پەیوەندییان بە ئێران و لوبنان و دیمەشقەوە، رات بەرامبەر ئەوە چییە؟**



- عەسائبی ئەهلی حەق پێشتر بەشێك بوون لە سوپای مەهدی و دواتر جیابوونەوە، دیارە مالیکی رۆڵی هەبوو لە بەهێزکردنی ئەم هێزانە و ئێستاش نوێنەریان لە پەرلەمانی عێراق هەیە، چەند کەناڵێکی ئاسمانی و تەلەفزیۆنیان هەیە، ئەوانە گوێ لە مەرجەعەکانی شیعەی عێراق ناگرن و سەر بە راسپاردەو بۆچوونەکانی ئێرانن، بەتایبەتیش خامنەیی و هەندێ مەرجەعی دیکەی ئێرانی، بۆیە کاتێ شەڕی سووریا روویدا، ئێران بەشدارییەکی تەواوی لەم شەڕەدا کرد و پشتیوانی لە رژێمی سووریا کرد، لێرەش مالیکی بەشداری کرد، یەکەم هێز لەم رووەوە پشتی بە عەسائب بەست کاتێ هێزێکی بۆ بەرگریکردن لە عێراقەوە رەوانەی سووریا کرد کە بە چەند هەزار چەکدار مەزەندە دەکرا، بەڵام دوای کەوتنی موسڵ ئەم هێزە گەڕایەوە عێراق، بۆیە ناکرێ بڵێین کە هەموو ئەو سەرکردە شیعانە و میلیشیاکان هەڵوێستیان وەکو یەکە، بۆ نموونە سەرایای سەلام کە سەر بە موقتەدا سەدرە بەر لە چەند رۆژێك چالاکییەکانیان وەستاند.

*** ئایا پێتوانییە کە لە ئێستادا ئەو حەشدی شەعبیەی پێکهێندراوە توانیویەتی ببێتە ئەلتەرناتیڤێك لە رووی سەربازییەوە بۆ وەزارەتی بەرگری کە دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆش لاواز دەکات، واتا ئەگەر وەزارەتی بەرگری بەدەست سوننەوە بوویێت، بەم هێزە دەتوانرێت وەزارەتەکە بۆ شیعە بقۆزرێتەوە؟**

- من پێم باش نییە لە ئێستادا بە دوای چارەسەری سەربازیدا بگەڕێین لە پەیوەندی لەگەڵ رۆڵی بەرگریی ئەم هێزانەدا، بەڵکو پێویستە بە دوای چارەسەری گواستنەوەدا بگەڕێین، هیچ سەرکردەیەکی شیعە ناتوانێت هیچ بڕیارێك دەربکات تایبەت بە میلشیاکان بە هۆی شکستی دەزگا ئەمنییە فەرمییەکان، جا لەبەر ئەوەی تا ئێستا نەتوانراوە دەزگایەکی بەتوانای ئەمنی لە عێراق پێکبهێندرێت، بۆیە ئەو میلیشیایانە هەر دەمێنن، بۆ بیرهێنانەوە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران رایگەیاندبوو کە پێویستمان بە چەند ساڵێك هەیە بۆ بونیادنانەوەی دامەزراوەی سەربازی لە وڵات، بۆیە لە قۆناغی داهاتوودا دەکرێ پەیوەندیی ئەو میلیشیایانە بە دەوڵەتەوە هەڵبسەنگێندرێت، من پێم باشە ئەو هێزانە ببنە هێزی سێیەم دوای بەرگری و ئەمن، یان وەك حەرەس وەتەنی کە ئێستا مشتومڕی زۆری لەسەرە، بەڵام ئەگەر ئەو هێزانە رێکبخرێن و بە سیستەم بکرێن، ئەو کاتە هەموو پەیوەندیەکی هەندێ لایەنیان لەگەڵ دەرەوەی عێراق نەمێنێت و ببێتە هێزێکی عێراقی، دەکرێ سوودیان لێ ببیندرێت، هاوکات دەبینین هێزی عەشیرەتەکانیش هەموویان سوننەن، ئەوانیش دەبێ رێکبخرێن، بەڵام دوای نەمانی داعش کە پێویستە شێوازێکی دیکەیان بۆ بدۆزرێتەوە، جا چ بخرێنە دەزگای ئەمنیی فەرمییەوە، یان وەك کوتلە کە برێمەری حاکمی سەربازیی ئەمریکی لە عێراق بۆی پێکهێنابوون، یان لە ناو پۆلیس و هێزی دیکەدا جێیان بکەنەوە، من پێموایە لە ئێستاوە وا باشترە بەرنامەیەك دابندرێت تاکو ئەم کارە سەربگرێت، تاکو پاشەڕۆژی ئەوان و ئەم عێراقەش دابین بکرێت.

**عەسائبی ئەهلی حەق پێشتر بەشێک بوون لە سوپای مەهدی و دواتر جیابوونەوە، دیارە مالیکی رۆڵی هەبوو لە بەهێزکردنی ئەم هێزانە و ئێستاش نوێنەریان لە پەرلەمانی عێراق هەیە، چەند کەناڵێکی ئاسمانی و تەلەفزیۆنیان هەیە، ئەوانە گوێ لە مەرجەعەکانی شیعەی عێراق ناگرن و سەر بە راسپاردەو بۆچوونەکانی ئێرانن**

# ئایندەی کوردستان

## لە قەراغ ستراتیژیی ئەمریکا، ئێراندا!



سەرۆ قادر

بۆ گوڵانی نووسیوە

کوردستان لە بارێکی ئاڵۆزدا دەژیت. ئەو تاوێرە تیرۆریستییەی (داعش)، هەموو جیهان بە هەڕەشەی سەرخۆیانی دەزانن، دەستەویەخە شەڕی کوردستان دەکات. باڵانسی چەک لەنێوان داعش و پێشمەرگە، ڕاستنەکراوەتەوە. عێراق نەک هەر چەک بە کوردستان نادات، ناشهێڵێت لە دەرەوەڕا چەک بە ئاسانی بگاتە پێشمەرگە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، پابەندی یاساکانی خۆیەتی؛ بە ئیزنی عێراق نەبێت چەک بۆ کوردستان نانێرێت. عێراق قەت بە ڕوانگای دەوڵەتێکی مەدەنی بەڕێوەنەچووە، تائیفییەتی سوننە و شیعە، بۆ نەهێشتنی یەکتر بەڕێوەی دەبەن. هەردووکیشیان نەمانی کوردیان دەوێت. ئابلۆقەی ئابووری، داخڵی ساڵی دووەم بوو، عێراق بودجەی کوردستان نادات، دەیەوێ بیخنکێنێت. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا ئێستا نایەڵێت کوردستان نەوتی خۆی بفرۆشێت. حکوومەت و پەرلەمانی عێراق، وەک داعش لە دژی کوردستان خەریکی پیلان و هەڵداشتنن. ئەم دواییە وێدەچێ هەندێک بەرەی جەنگ لەسەر داعشەوە بگوێزێتەوە سەرکوردستان. حەشدی شەعبی بە ئاشکرا هەڕەشە دەکات. جیهانی ڕۆژاوا بە قسە و بە ڕاگەیاندن، تێر پشتیوانی کوردیان کرد و لێشی بەردەوامن، بەڵام لە چەکی پێویست و شکاندنی ئابلۆقەی ئابووری بە تەنیا بەجێیان هێشتووین. عێراقییەکان پێماندەڵێن بۆ جیانابنەوە، وەک بڵێی دەزانن ڕۆژاوا، بۆ سەربەخۆیی نەک هاوکاریمان ناکات، بەڵکو ڕێگەشمان لێدەگرێت. عێراقییەکان و دۆستە ستراتیژییەکەیان(ئێران)، بیردەکەنەوە؛ لە کوێندەر کرا لەوێ هەڵماندێرن.

ئێمە پێویستە بەدوای گرفتەکاندا بگەڕێین. کوردستان بۆخۆی خاوەنی ستراتیژییەکی دیاریکراو نییە. هێزە سەرەکییەکان لە بەرژەوەندیی حزبییەوە، دەڕواننە کێشە چارەنووسسازەکان. هەبوونی حەز و مەیل بۆ سەربەخۆیی، نابێتە ستراتیژی و هیچ لایەنێکی جیهانی و عێراقی حسابی لەسەر ناکات. کوردستان بە پەرت و بڵاوی ناتوانێت بەرەنگاری نەخشە ستراتیژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتەوە. ئەو نەخشانە بۆ هێنانەدی ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆیان، مامەڵە لەگەڵ هێزەکانی کوردستان دەکەن. هەموو میللەتێک، پێویستی بە هێزی یەکلاکەرەوە هەیە، ئەو هێزەش لە لێکتێگەیشتن و هاوکاریی لابالە گەورەکان دروست دەبێت. هەبوونی سەرکردەی کاریزماتیک، لەم دۆخەدا شان بە شانی دیالۆگ و لێکدی نزیک کردنەوەی ڕوانگەکان، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. ئیستا لە کوردستاندا، هەر لایەنەو بە یاری خۆیدا هەڵدەڵێت. ئەو شێوازە، دەرهاویشتەی قەیرانی سیاسییە. بەوە میللەت و کۆمەڵگە لەت بووە. ناوەندی بڕیاری سیاسی کوردستان کە بە یاسا لەلای سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، میکانیزمی تایبەتی خۆی بۆ دادەندرێت، لەژێر کاریگەری خراپی ئەم قەیرانەدایە.

دانیشتووانی عێراق، بە کردەوە بەسەر سێ ناوچەی ئیتنیکیدا بەش بوون: شیعە، سوننە، کورد. هەڵبەت گشت پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، ناوەندی بوون و بڕیاری خۆیان داوەتە پاڵ کوردستان. لە سێ ناوچە ناوبراوەکەدا، هەر بەشەیان سوپای تایبەتی خۆی هەیە، ناوچەی نفوزی خۆی دیاریکردووە. ناوچە بەرفراوانەکەی شیعە، نیوەی کوردستان، لەناو جوغزی

ستراتیژیی ئێراندایە. ناوچەی سوننە، پەیوەندییەکی پتەوی بە ناوەندی کەنداوی عەرەبییەوە(سعودیە) هەیە. ئەوە جیا لە پەیوەندییەکی شل لەگەڵ ئەمریکا. کوردستان(نیوەکەی هەولێر) بەدوای ڕوانگەیەکی نیوە سەربەخۆدا دەگەڕێ، ئەویش تا ئێستا دروست نەبووە. پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا هەیە. جیا لە تورکیا، جۆرێک لە دۆستایەتی لەگەڵ سعودیە و وڵاتانی کەنداو هەیە.

ستراتیژیی ئێران لەسەر عێراق، بەندە بە ئامانجە سەرەکییەکانی، ستراتیژیی ئەو دەوڵەتە بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێران زلهێزی دووەمی ڕکابەری ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە سی و پێنج ساڵە، بەرژەوەندیی ژیاری بۆ خۆی داناوە، دەیانپارێزێت. لە سێ دەیەی ڕابردوودا، هیچ کاتێک ئێران هێندەی ئێستا بەهێز ودەستڕۆیشتوو نەبووە. وەک خۆیان دەڵێن؛ دەستیان بەسەر چوار پایتەختی عەرەبیدا دەڕوات کە بریتین لە : بەیروت، دیمەشق، بەغدا، سەنعا. لە بەحرەین و فەلەستیندا، پێگەی ئێران زۆر بەهێزە. هەمیشە دەتوانێت کیشە بۆ سعودیە بنێتەوە. هەرێمی کوردستانی کردووەتە دوو لەت. لەتی سلێمانی دابین کردووە، گوشاری لەسەر هەولێرە تا یەکلایی بکاتەوە. ئەگەر ئێران بتوانێت بەسەر هەولێردا زاڵ بێت، لە ڕووی جوگرافیای سیاسی و لۆجستیکییەوە، سوننەی عێراق و سعوودیە پاڵ پێوەدەنێت، تورکیا بەرەو باکوور پاشەکشە پێدەکات، ڕێگەی سوپایی ڕاستەوخۆ، لە نێوان تاران، دیمەشق دەبێتەوە. لە ئەگەرێکی ئاوهادا، ئێران سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستدێنێت کە بە هۆیەوە دەتوانێت گوشار بخاتە سەر بەرەکانی دیکەی کێشەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە حاڵەتێکی وادا، تورکیا دادەبڕێندرێت، سعودیەش گوشاری ڕاستەوخۆی ئێرانی (شیعە) دەکەوێتە سەری. ئەوەیە کە هەولێر لەسەر زەوی، لە شەڕی ستراتیژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرنگییەکی زۆری هەیە.

ستراتیژیی ئێران، دیرۆکێکی درێژی هەیە، دیاردەیەکی تازە نییە. ئێران قووڵایی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە دەست بەسەرداگرتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینێتەوە. دوای ڕووخانی سیستەمی شاهەنشاهی و سەرکەوتنی سیستەمی کۆماری ئیسلامی، ڕەگەزی مەزهەبی (تائیفی) شیعە، بووە لایەنێکی سەرەکی لە جموجۆڵی ستراتیژییانەی ئێران. دابەشبوونی پەیڕەوانی شیعە، بەسەر ناوچە جیا جیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاندەر و بەڵگەیەکی ئیتنیکی کاریگەرە بە دەست ئەو دەوڵەتەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرمایە و وزەیەکی زۆر بۆ پەیوەندیکردن بە هەموو پەیڕەوانی عەلەوی سەرف دەکات. دوای سێ دەیە، ئێران توانیویەتی جێ پێی خۆی لە هەموو ناوچە عەلەوی نشینەکان قایم بکات. لە ناو عەلەویەکانیشدا شیعەکانی دابین کردووە. بەو سیاسەتە سووریای خستۆتە جوغزی خۆیەوە، لە جوغزی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەریهێنا. ئێستا بە هەمان شێوە، یەمەنیشی داگیر کرد. لە داهاتوودا، ئەگەر سەرکەوتن بەدەستبێنیت، لە ڕێی عەلەویەکانەوە، دەست دەخاتە ناو تورکیا، هەروەها لە ڕێی شیعەکانی سعودیەوە، دەست دەخاتە ناو سعوودیەش. هەڵبەت ئەگەر ڕووسیا نەبوایە، کۆماری ئازەربایجانی شیعە، نەیدەتوانی ئەم سەربەخۆییەی هەیەتی بیپارێزێت.

هەرێمی کوردستان زۆرینەی سوننەیە، بەڵام شیعە و مەسیحی، کاکەیی، ئێزیدی، شەبەک، تورکمان، سریان، کلد، ئاشوور، عەرەبی تێدایە. ئەم ئیتنیکیە فراوانە، مۆرکێکی تایبەتی بە کوردستان داوە. ئێران لەلای خۆیەوە، پێکهاتەی کورد بە بەشێک لە درێژبوونەوەی نەژادی ئێرانی کۆن دادەنێت، خۆیشی بە خاوەنی دەزانێت. ئەو دەوڵەتە دان بە ناسیۆنالیزمی کورد نانێت. لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزمی کورد و شۆڤێنییەتی ئێرانی، بووەتە دۆڵێکی جیاکەرەوە کە هیچ پاساوێکی بۆ باوەڕە کۆنەکەی ناو ستراتیژییەتی ئێران نەهێشتۆتەوە. لە ڕووی جوگرافیای سیاسییەوە، کوردستان تاکە پردێکە، ئێران دەگەیەنێتە ناو قووڵایی جوگرافیای سیاسیی عەرەب. لەم لاشەوە هەر بە کوردستاندا دەتوانێت تورکیا تەنگاو بکات. بۆیە ئێران ناوچەی ئێمە بە هەرێمی ژیاریی خۆی دادەنێت. ئێران شەڕ لەسەر ئەم ناوچەیە دەکات و بە ناوچەی تەواوکاری شیعەنشینی عەرەبی عێراقی دادەنێت. بۆیە هیچ پرۆژەیەکی بۆ داهاتووی کوردستان لەلا نییە تەنیا تواندنەوەی زۆرەملێ نەبێت.

ستراتیژیی ڕاگەیەندراوی ئەمریکا، ئەوروپا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بریتییە لە پاراستنی سەرچاوەکانی وزە، پێشگرتن لە دەوڵەتە توندڕۆکان، قەلاچۆکردنی تیرۆر. لەو سیاسەتەیاندا بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، جموجۆڵ دەکەن و دەیپارێزن. تا پێش بەهاری عەرەبی (کە توندڕۆیی لێ کەوتەوە)، ئەو ستراتیژییە گفتی پشتیوانیکردنی لە بزووتنەوە میللییە دیموکراتخوازەکان دەدا. لێ ئێستا پاشەکشەیەکی تەواویان لەو گفتەدا کردووە. لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا چەندین جار سوپاکانی ئەمریکا و ئەوروپا، هاتوونەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام هیچ نەخشەیەکی سیاسییان نەگۆڕیوە و هیچ سیستەمێکی دیموکراتی لێوە دروست نەبووە.

**پێویستە بەرژەوەندیی حزبی و ئایدیۆلۆژی و ناوچەیی، لە توێی یەکگرتنی کوردستاندا دابین بکرێت، ئەگینا دەبێتە خۆراکی دەستێوەردانی ستراتیژییە ناحەزەکانی کوردستان و سەرنجام قووت دەدرێن**

**داعش لەو ناوچەیەدا لەسەر زەمینەیەکی کەلتووری، دینی، مەزهەبی، سیاسی، جیهانی، سەریهەڵداوە و هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و دۆستەکانی دەکات. دۆستی سەرەکیی ئەمریکا و ئەوروپا لەو شەڕەدا تەنیا کوردن. ئەم دۆستایەتییە هەمووی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە و هیچ نیازێکی دیکەی تێدا نییە**

**تا ئەو کاتەی بەغدا لەبن فەرمانی تاراندایە، داشی کورد سوارە و پێگەی بەهێزە، دەتوانێت کار بۆ ئامانجەکانی بکات. هەر کاتێک بەغدا بگەڕێتەوە ژێر فەرمانی واشنتۆن، ئەو کات لە گرنگیی سیاسی کوردستان کەمدەبێتەوە**



**هەموو میللەتێک، پێویستی بە هێزی یەکلاکەرەوە هەیە، ئەو هێزەش لە لێکتێگەیشتن و هاوکاری لایانە گەورەکان دروست دەبێت**

ئەمریکا و ئەوروپا، بە ڕاستەوخۆ بەرەنگاری ئێرانن. هەڵبەت بەرەنگاری توندڕۆیی سوننەشن. بۆیە گۆڕانی زوو زوو بەسەر سیاسەتیاندا دێت. لە هەر وڵاتێک توندڕۆکانی سوننە، یان شیعە بێنە دەسەڵات، بەرژەوەندیی ئەمریکا و ئەوروپا دەخەنە مەترسییەوە. ئەو هۆکارە زەمینەی، جار جار لەسەر ئەرزی واقیع، دان و ستاندنی لەنێوان وڵاتانی پشتیوانی توندڕۆیی سوننە و ئیرانی شیعە، دروست کردووە. لەو دان و ستانە وردانەدایە، هەندێک جار ناوچەی جیاجیا دەکەونە بەر پەلامار، یان دەکرێنە قوربانی. نموونەی یەمەن لە پەلاماری حوسییەکان، کوردستان لە پەلاماری داعش، لەو جۆرەن. هەڵبەت نزیکایەتی سیاسی و سوپایی ئێستا لە نێوان ئێران و ئەمریکا، هەر لەو ئاڵۆزییە سیاسییەوە دێت.

جوگرافیای سیاسی و سەربازیی کوردستان، لە شەڕی نێوان ئێران(شیعە)، سوننە(سعودیە، تورکیا)، ئەمریکا ـ ئەوروپا، بووەتە ناوچەیەکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی ستراتیژیی ئەمریکا ـ ئەوروپا. لە ڕاستیدا لەم ڕۆژگارەدا، ئەوە گرنگیی ستراتیژییە کوردستان دەپارێزێت نەک سامانی نەوت. لە ساڵی ڕابردوودا، لە جەنگی نەوت لە نێوان کوردستان و عێراق، جیهانی ڕۆژاوا پشتی عێراقیان گرت. بەمەش سیاسەتی پشتبەستن بە داهاتی نەوت، لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا. دوای چەند مانگێک کە داعش هێرشی کردە سەر کوردستان، هەڕەشە لە هەولێر نزیک کەوتەوە، ئەمریکا و ئەوروپا ڕاستەوخۆ دیفاعیان لێی کرد، چونکە بە ناوچەیەکی ژیاریی بۆ ستراتیژیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلای خۆیان حسابی دەکەن. وێدەچێ ئەو ناوچە ستراتیژییە، کوردستانی ڕۆژاڤاش بگرێتەوە. بەشداریی ئەمریکا لە پاراستنی کۆبانێ کە هەرێمی کوردستان پێی هەڵسا، ئێران و تورکیا و سعودیەی تووشی شۆک کرد. لە شەڕی نێوان ستراتیژییەکاندا، زمانێکی سەربازیی تایبەتی هەیە کە یەکتری پێ حاڵی دەکەن. ئەمریکا ئەو زمانەی بەکارهێنا. بۆیە ئێستا ئێران و تورکیا دەزانن کوردستان، بە باشوور و ڕۆژاڤایەوە، ناوچەی ستراتیژیی ئەمریکا و ئەوروپایە. بۆیە داگیرکردنی کارێکی ئاسان نییە. هەڵبەت ئەو قسەیەم دەستێوەردان و کارکردن لەسەر حزبە دەستڕۆیشتووەکان، ڕەت ناکاتەوە. بۆیە کوردستان دەرفەتێکی بە نرخ و ژیانبەخشی لەدەستدایە، دەتوانێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی، بەکاری بهێنێت. کوردستان دەستی کراوەیە تا ستراتیژیی خۆی دارێژێت و کاری لەسەر



بکات. تا ئەو کاتەی بەغدا لەبن فەرمانی تاراندایە، داشی کورد سوارە و پێگەی بەهێزە، دەتوانێت کار بۆ ئامانجەکانی بکات. هەر کاتێک بەغدا بگەڕێتەوە ژێر فەرمانی واشنتۆن، ئەو کات لە گرنگیی سیاسی کوردستان کەمدەبێتەوە و دەکەوێتەوە ژێر گوشار.

تورکیا لە دەوڵەتێکی ڕووەو دیموکراسی و کێشەدامرکێنەوە، بووە دەوڵەتێکی توندڕۆ و ڕیسککار. ئێستا لە گۆشەگیریدا دەژیت. ستراتیژیی ئەو وڵاتە شکستی هێنا. هەروەک ماوەیەک لەمەوبەر ئۆردوغان گوتی؛ ئەگەر گۆشەگیری ئێمە لەبەر ئیمانی ئێمە بێت، شانازی پێوە دەکەم. ئەمە قسەیەکە هەمیشە توندڕۆکان دەیکەن، پاساوی شکست بە ئایدیۆلۆژیا دێننەوە. هەڵبەت پاراستنی پەیوەندیی نێوان تورکیا و کوردستان، بۆ ئاسانکاری و مانەوەی کوردستان، ژیارییە و ناشێ بە کەم حساب بکرێت.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە مەیدانی شەڕی نێوان چوار هێز کە بریتین لە ئەمریکا، ئێران، سعودیە، تورکیا. هەرسێک هێزە ڕۆژهەڵاتییەکە، بە بەرژەوەندی جیاجیا، توندڕۆن و دژی دیموکراسین. ئەمریکاش بە شێوەی جیاجیا بەرەنگاری هەرسێکیان دەبێتەوە. لەو ناوەدا شەڕی سەرەکی لەگەڵ ئێرانە. بە پلەی دووەم شەڕی لەگەڵ توندڕۆیی سوننەیە. داعش لەو ناوچەیەدا لەسەر زەمینەیەکی کەلتووری، دینی، مەزهەبی، سیاسی، جیهانی، سەریهەڵداوە و هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و دۆستەکانی دەکات. دۆستی سەرەکیی ئەمریکا و ئەورووپا لەو شەڕەدا تەنیا کوردن. ئەم دۆستایەتییە هەمووی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە و هیچ نیازێکی دیکەی تێدا نییە. بۆیە پێویستە کوردستان، وەک هەلێک بیقۆزێتەوە و بۆ سەربەخۆیی بەکاریبێنێت. ئەو هۆکارەی هێزی کورد دەپارێزێت، یەکدەنگی و یەک ڕوانگەییە بۆ داهاتوو. پێویستە بەرژەوەندی حزبی و ئایدیۆلۆژی و ناوچەیی، لە توێی یەکگرتنی کوردستاندا دابین بکرێت، ئەگینا دەبێتە خۆراکی دەستێوەردانی ستراتیژییە ناحەزەکانی کوردستان و سەرنجام قووت دەدرێن. لێرەوە پابەندبوون بە دامودەزگا قانوونییەکانی کوردستان، یەکخستنی هێزی پیشمەرگە تا ئاستی سوپای کوردستان، دروستکردنی ڕوانگەی هاوبەش لە نێوان حزب و پێکهاتەکان، لێکدی حاڵیبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پ ک ک گرنگییەکی ژیاریی هەیە.

**تورکیا لە دەوڵەتێکی ڕووەو دیموکراسی و کێشەدامرکێنەوە، بووە دەوڵەتێکی توندڕۆ و ڕیسککار. ئێستا لە گۆشەگیریدا دەژیت**

**دیڤید شینگەر**
**بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسەتی عەرەبی لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ گوڵان:**

# دوای شەش مانگ لە هێرشە ئاسمانییەکان داعش خاکی زیاتری لە سوریا و عێراق داگیرکردووە



**پرۆفیسۆر دیڤید شینگەر بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسەتی وڵاتانی عەرەبییە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك و پێشتر لە ئۆفیسی وەزیری بەرگری بووە و وەك بەڕێوەبەری شام کاریکردووە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بارودۆخی جیهان و شەڕی داعش، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥دا دوو کۆنفرانسی گەورە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بەڕێوەچوون، کە بریتی بوون لە کۆنفرانسی داڤۆس و کۆنفرانسی میونیخ بۆ ئاسایش، راپۆرتی ئامادەکاری کۆنفرانسی میونیخ بۆ ئاشتی، ناونیشانی «سیستمی هەرەسهاتوو»ی هەڵگرتبوو، هەروەها لە داڤۆس جەخت لەسەر هەرەسهێنانی سیستمی جیهانی کرایەوە، ئەو سیستمەی لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ساردەوە هاتە ئاراوە. بەڵام جۆن کێری و جۆ بایدن ئەم بیرۆکەیەیان رەتکردەوە و رایانگەیاند کە سیستمی جیهانی هەرەسی نەهێناوە. بە بۆچوونی ئێوە، ئایا بۆچی ئەمریکا ئەم ترسە دەشارێتەوە لە کاتێکدا سەرجەم جیهان هەستی پێدەکات؟**

- حاڵی حازر، پێناچێت واشنتۆن بە چەشنی پایتەختەکانی دیکە نیگەران بێت لە ئاست ئەو تەحەددییانەی رووبەڕووی سیستمە جیهانییەکە بوونەتەوە. ئیدارەی ئۆباما خراپبوونی رەوشی ئەمنی

لە جیهاندا ناشارێتەوە، بەڵام ئەو وەك وڵاتانی دیکە باوەڕی وا نییە هەڕەشەکان هێندە مەترسیدار بن. بەتایبەتی پێدەچێت ئیدارەی ئۆباما باوەڕی وابێت کە سیاسەتەکانی لە رووسیا و سووریا و ئێراندا سەرکەوتوون. زۆرێك لە وڵاتانی جیهان پەرەسەندنەکانی پەیوەست بە رووسیا و سووریا و ئێران بە شکستهێنانی سیاسەتی ئەمریکا و بەڵگەیەك لەسەر داکشانی رۆڵی لە جیهاندا لێکدەدەنەوە.

*** ئەو تەحەددییانەی جیهان لە ساڵی ٢٠١٥دا رووبەڕووی دەبێتەوە بریتین لە گۆڕانکاری جیوپۆلەتیکی، نەك تەنها لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو لە ئەوروپاش، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی کریمیا لەلایەن رووسیا و رەتکردنەوەی ئەندامێتی ئۆکرانیا لە یەکێتی ئەوروپا. ئایا هاوڕانین لەگەڵ ئەوەی ئەمە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی شەڕی سارد؟**

- هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەو رۆڵەی حاڵی حازر رووسیا پیادەی دەکات رۆڵێکی یارمەتیدەر نییە، هەروەها ئەو رۆڵە لە ئاست ئۆکرانیادا شەڕانگێزانەیە. تەنانەت لە خراپبوونی رەوشی ئابووریشدا، خۆسەپێنی لە رووسیادا لە هەڵکشاندایە. ئەمەش پێکهاتەیەکی ناتەندروستە و پێدەچێت ئەم وڵاتە بخاتەسەر رێڕەوی پێکدادان لەگەڵ رۆژئاوادا.

*** کێشەیەکی دیکە کە بەرۆکی ئاسایشی ئەوروپای گرتووە بریتییە لە بوونی گرووپە تیرۆریستە توندڕەوەکان، هەروەك ئەوەی لە چەند هەفتەی رابردوودا لە هێرشەکانی سەر شارلی بیدۆ لە فەڕەنسا بینیمان، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە هیچ دەوڵەتێك بە تەنها ناتوانێت ئاسایشی خۆی دەستەبەر بکات و هەموو کەسێك لەسەر ئاستی ئاسایش و سەربازی پێویستی بە هاوپەیمانێتی هەیە. ئایا پێتانوایە کە لەو هەلومەرجەی ئێستای جیهاندا دەتواندرێت هاوپەیمانێتی پێکبهێندرێت؟**

- هێشتا هەڕەشەی داعش نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە وڵاتان رێککەوتن لەسەر هاوکاریکردنی یەکتر بکەن و بە خوێن و خەرجی لە رووبەڕووبوونەوەی رێکخراوە تیرۆریستەکان بەشداری بکەن. لە ئێستادا هاوپەیمانییەك پێکهێندراوە، بەڵام کار و کردەوەی توندیان بۆ تێکشکاندنی داعش ئەنجام نەداوە، هەروەك ئۆباما بەڵێنی دابوو، تەنها هێرشی ئاسمانی ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەك لە شێوەکان دەستکەوتەکانی داعش سنووردار بکات لە رووی دەستبەسەرداگرتنی خاکەوە. لە راستیدا، دوای شەش مانگ لە دەستپێکردنی هێرشە ئاسمانییەکان، داعش خاکی زیاتری لە عێراق و سووریا داگیرکردووە، ئەمە ئەگەر باسی لیبیا و شوێنەکانی دیکە نەکەین. ئومێدەکە ئەوەیە ئەوەی لە پاریس روویدا و ئەوەی ئێستاش لە کۆپنهاگن روودەدات، ئاراستەی مشتومڕەکە لە ئەوروپا بگۆڕێت، بۆ ئەوەی وڵاتە ئەوروپییەکان رێچکەیەکی توندتر بگرنەبەر لە ئاست ئاسایش و بەرپەرچدانەوەی بە رادیکاڵیبوون و ئاوێتەکردنی کەمینە موسڵمانەکان.

*** لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی سووریاوە لە دژی رژێمەکەی ئەسەد لە ساڵی ٢٠١١، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان نەیتوانیوە ستراتیژیەتێکی کۆنکرێتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رژێمەکەی ئەسەد دابڕێژێت، هەروەها نەیتوانیوە بگاتە بڕیارێك. لە دەرئەنجامدا ٨ بۆ ٩ ملیۆن هاووڵاتی سووری بێ ماڵ و حاڵ بوون، بە سەدان هەزار کەسیش کوژراون و بریندار بوون. ئایا هاوڕانین لەگەڵ ئەوەدا کە رەوشی ئێستای سووریا ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هیچ چارەسەرێکی پێ نییە و ئیفلیجە لە ئاست بڕیارداندا؟**

- تا ئێستا زیاترلە ٢٠٠ هەزار موسڵمانی سوننە لە سووریادا کوژراون، کەواتە ئەوەی روودەدات هاوشێوەی جینۆسایدە. بەداخەوە نەتەوە یەکگرتووەکان رێکخراوێکی کارا نییە لە رێگەگرتن لە تاوانەکان. پێدەچێت ئیدارەی ئۆباما کە زۆر تەرکیز لەسەر گەیشتن بە رێککەوتن دەکات لەگەڵ ئێراندا، لە گرتنەبەری کردارێك لە دژی ئێران، یان رژێمەکەی ئەسەد سڵ بکاتەوە. ئەنجومەنی ئاسایش ئیفلیج بووە و ئەسەد شەریکێکی مەزنی هەیە لە مۆسکۆ، بەڵام لەوەش گرنگتر، ئیدارەی ئۆباما مەیلی گرتنەبەری رۆڵی سەرکردایەتیکردنی نییە بۆ ئەوەی هەوڵی کۆتاییهێنان بەو ناکۆکییە بدات. روون نییە کە ئەمریکا سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام ئیدارەی ئۆباما پابەند نییە بە کۆتاییهێنان بە تاوانەکانی رژێمەکەوە، بەداخەوە ئێستا تەرکیزەکە بە تەنها لەسەر داعشە.

*** شارەزایان، ئەوانەی لە نزیکەوە چاودێری دۆخە ئیقلیمییەکە دەکەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باس لەوە دەکەن کە کێشەی سەرەکیی ئەم ناوچەیە ئەو وڵاتانەیە کە بەپێی رێککەوتنی سایکس پیکۆ لە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دروستکران، لەبەر ئەوەی سنوورەکان هەمەڕەنگی ئایینی و ئیتنییان لەبەرچاو نەگرت. ئەگەر ئەمە جەوهەری کێشەکە بێت، بۆچی هەوڵ نەدراوە بۆ دووبارەداڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە لەسەر بنەمایەکی مۆدێرن؟**

- بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پشێوییەی باڵی کێشاوە بەسەر ناوچەکەدا، سەلمێندراوە کە سنوورەکانی ناوچەکە بە ئەندازەیەکی بەرچاو درێژەیان کێشاوە. هەرچەندە

**تاکە رێگە بۆ تێکشکاندنی داعش لە سووریا بریتییە لە تێکشکاندنی رژێمەکەی ئەسەد. کوشتنی بەردەوامی سوننەکان لەسەر دەستی ئەسەد و ئێران و حزبوڵڵا پشتیوانی بۆ داعش زیاتر دەکەن**

**لە ئێستادا دوژمنایەتییەکی زۆر هەیە لە نێوان شیعە و سوننەدا و لە هەر حاڵەتێکدا ئەگەری ئەوە نییە سنوورەکان بپارێزرێن**

**ئەنجومەنی ئاسایش ئیفلیج بووە و ئەسەد شەریکێکی مەزنی هەیە لە مۆسکۆ، بەڵام لەوەش گرنگتر، ئیدارەی ئۆباما مەیلی گرتنەبەری رۆڵی سەرکردایەتیکردنی نییە بۆ ئەوەی هەوڵی کۆتاییهێنان بەو ناکۆکییە بدات**



ڕەنگە گۆڕانکاری لە عێراق و سووریا ڕووبدات. لە ڕاستیدا ئەوەی ئێستا لە سووریادا ڕوودەدات بریتییە لە پاکتاوکردنی ئیتنی لەلایەن ڕژێمی ئەسەدەوە، بەشێکە لە هەوڵی پاراستنی پێکهاتەی عەلەوی. کوردەکان دەوڵەتی ئەمری واقیعیان هەیە لە باکووری عێراقدا. هەرچەندە ئەگەر بە گشتی قسە بکەین، ئەمریکا باوەڕی وانییە کارێکی بەرهەمدار بێت ئەگەر دووبارە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای تایەفەگەری و ئایینی بکێشرێتەوە. لە ئێستادا دوژمنایەتییەکی زۆر هەیە لە نێوان شیعە و سوننەدا و لە هەر حاڵەتێکدا ئەگەری ئەوە نییە سنوورەکان بپارێزرێن.

*** لە پەیوەندی بە خەلافەتی ئیسلامییەوە کە لەلایەن داعشەوە ڕاگەیەندراوە، دەبینین کە دەوڵەتە دراوسێکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خۆیان مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکەدا دەکەن، هەندێ لە دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەش لەگەڵ ئەوەدان ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و ئەوانی دیکەش بە شێوەیەکی نهێنی هاوکاری گرووپە تیرۆریستەکان دەکەن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد. بە تێڕوانینی ئێوە لەگەڵ بوونی ئەم کێشانەدا چۆن هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆریزم دەتوانێت شکست بە داعش بهێنێت؟**

- تاکە ڕێگە بۆ تێکشکاندنی داعش لە سووریا بریتییە لە تێکشکاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد. کوشتنی بەردەوامی سوننەکان لەسەر دەستی ئەسەد و ئێران و حزبوڵڵا پشتیوانی بۆ داعش زیاتر دەکەن. کارکردن لەگەڵ ئەسەد و ئێراندا تەنها دەبێتە هۆی قەناعەتپێهێنانی سوننەکان کە ڕۆژئاوا بە دوای «چارەسەرێکی شیعیدا» دەگەڕێت. ئەمەش سەرکەوتوو نابێت.

*** تاکە هێزێك کە توانیویەتی بەر بە پێشڕەوی داعش بگرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانن. تا چ ڕادەیەك پێویستە جیهان بۆ لە ناوبردنی تیرۆریستانی داعش پشتیوانی لە هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بکات؟**

- پێشمەرگە بە پشتیوانی ڕۆژئاوا، کارێکی باشیان کردووە بۆ بەرگریکردن لە خاکی خۆیان لە دژی داعش. بەڵام پێشمەرگە هێزێکی بەرگریکارە، هێزێك نییە ڕەوانەی دەرەوەی خاکی خۆیان بکرێت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی. بەردەوام کوردەکان هاوکاری ماددی گرنگیان پێدەگات لەلایەن ڕۆژئاواوە بۆ هاوکاریکردنیان تاوەکو بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن لە دژی داعش. سەرەڕای ئەوەش ئەوا لە کۆتاییدا پێویستە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان لەسەر زەوی (عێراقی، سووری و عەرەبی) هێزی دیکە هەبن.

**ئومێدەکە ئەوەیە ئەوەی لە پاریس ڕوویدا و ئەوەی ئێستاش لە کۆپنهاگن ڕوودەدات، ئاراستەی مشتومڕەکە لە ئەوروپا بگۆڕێت، بۆ ئەوەی وڵاتە ئەوروپییەکان ڕێچکەیەکی توندتر بگرنەبەر لە ئاست ئاسایش و بەرپەرچدانەوەی بە ڕادیکاڵیبوون و ئاوێتەکردنی کەمینە موسڵمانەکان**

# سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان

**«پرۆفیسۆر جۆزیف ئۆلمەرت ئوستادی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەراسته لە زانکۆی ئەمریکا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی تیرۆر و ئاشتی، بۆ قسەکردن سەبارەت بە راگرتنی هاوسەنگیی نێوان ئاسایش و ئازادیی تاك و مەترسیی تیرۆر و رۆڵی راگەیاندن لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر ئۆلمەرت کرد، وەك دەربڕینی هەستی خۆی بۆ پێشمەرگە، بە ناونیشانی (سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان) بەم وتارە وەڵامی داوینەوە و بە سوپاسەوە بڵاوی دەکەینەوە».**

پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان سەروەری یاسا و نۆرمە مەدەنییەکان هەڵسوکەوتکردن لە بەرامبەر تیرۆریزمی بەربەریدا، بابەتێکی زۆر هەستیارە. وڵاتە مەدەنی و دیموکراتییەکان ناتوانن بە چەشنی بەربەرییەکان رەفتار بکەن، ئەمە بەهایەکە کە دەبێت لە خراپترین رۆژگارەکانیشدا بپارێزرێت، تەنانەت کاتێك خوێنی ئێمە دێتە کەف و کوڵ لەو کاتانەی کردەوە دڕندانەکانی بەربەرییەکان دەبینین. لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت ئەمە سست و خامۆشمان بکات. پێویستە لەوەی هەیە، دەسەڵاتی زیاتر بدرێت بە ئاژانسەکانی پۆلیس و هەواڵگری لە وڵاتە رۆژئاواییەکاندا بۆ ئەوەی بتوانن رەوتی سەفەرکردنی خۆبەخشەکان بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەراست رابگرن، کە بە ئامانجی یارمەتیدانی گرووپەکانی چەشنی داعش ئەو سەفەرە دەکەن. پێویستە بە شێوەیەکی کاتی، دەسەڵاتی زیاتر بدرێت بە ئاژانسەکانی جێبەجێکردنی یاسا بۆ لەناوبردنی پێشوەختەی چالاکیيە تیرۆریستیەکان و سزادانی سەختتر لەوەی ئێستا هەیە دابنرێ بۆ هەر تێوەگلانێك لە تیرۆر و چالاکییە تیرۆریستیەکان. پێویستە حکومەتەکانیش بازنەی هاوکاری نێوانیان لەگەڵ زانا و سەرکردە موسڵمانە میانڕەوەکاندا بەرفراوانتر بکەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشدار بن لەم تێکۆشانەدا. پێویستە زیاتر هانی راگەیاندن بدرێت بۆ ئەوەی پتر لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت و پتر پابەند بێت و کامڵتر بێت لە کاتی رووماڵکردنی چالاکیە تیرۆریستیەکاندا، ئەویش بۆ ئەوەی پروپاگەندەیەکی خۆڕایی بۆ تیرۆریستە تاوانکارەکان نەکرێت. هەروەها پێویستە راگەیاندن رۆڵێك ببینێت. کە زەحمەتیشە بتوانێت چاودێری و کۆنترۆڵی هەموو چالاکییەکی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت بکەیت، پێویستە سەرچاوەی زۆر زیاتر تەرخان بکرێت بۆ ئەنجامدانی شەڕێکی ئەلەکترۆنی سەرکەوتوو لە دژی تیرۆریستان. دەکرێت ئەمە ئەنجام بدرێت!! هەمان شت بەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا جێبەجێ دەبێت. بەڵام سەبارەت بەوەی هەندێك جار دەزگاکانی راگەیاندن هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکەن، پێویستە حکومەت هەڵبستێت بە دەستنیشانکردنی ئەو دەزگا راگەیاندنانەی کە ئەم جۆرە پشتیوانییە بۆ تیرۆریستان دەستەبەر دەکەن و پێویستە بە خەڵك بناسێندرێن، بۆ ئەوەی خەڵك ئاگادار بکرێتەوە لەبارەیانەوە. شتێکی حەتمیە کە ئەندازەیەك لە پێشێلکاری یاسای پاراستنی تایبەتمەندێتی رووبدات، بەڵام ئەمە دەبێت وەك کارێکی زۆر بە پەلە و پێویست و لە کاتی زۆر بە پەلە و پێویستدا لێکبدرێتەوە. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، پێویستە میدیاش بخرێتە گەڕ و بخرێتە خزمەتی ئەم شەڕەوە. ئەوە تەحەددییەکە بۆ راگەیاندن کە بەشدار بێت لە چاکەی گشتی، نەك لە وروژاندنێکی ئاست نزم. دەبێت داوا لە دەزگاکانی راگەیاندن و چاودێرەکان بکرێت کە چاودێری ئەو دەزگا راگەیاندنانە بکەن کە بەشداری لە هەڵمەتی دژ بە تیرۆریزمدا ناکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن بڕیار بدەن بۆ ئەوەی بایکۆتی ئەم جۆرە دەزگا راگەیاندنانە بکەن و رەتیان بکەنەوە. لەئێستادا رۆژئاوا هەستیاریەکی زۆر لە ئاست رەفتاری رێکخراوە موسڵمانەکان پیشان دەدات، هەروەها شەپۆلێکی ئیسلامۆ فۆبیا لە رۆژئاوادا دروستبووە. ئەمە هەڵمەتێکە دژ بە تیرۆریزم، ئەگەر تیرۆریستان موسڵمان بن، ئەوا دەبێت رای گشتی ئەمە بزانێت. یەکێك لە رێگەکانی خاوکردنەوەی ئەم هەستە- کە هەڵمەتی دژ بە موسڵمانە، ئەوەیە بوارێکی زیاتری دەرکەوتن بەو موسڵمانانە بدرێت، کە زۆرێك لەوانە تیرۆریزم رەتدەکەنەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی وترا، ئەوا دەبێت خۆمان ئامادە بکەین بۆ خەباتێکی دوور و درێژ!!!

سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان کە بوونەتە جێی سەرسامی هەموو کەسێکی ئازادیخواز لە جیهاندا. سەرکەوتن بۆ پێشمەرگە. سەرکەوتن بۆ گەلی کوردی قارەمان.

*** ئوستادی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن**



جۆزیف ئۆلمەرت*
بۆ گوڵانی نووسیوە




## باڵی ڕەشی تیرۆریزم بەسەر ئەورووپاوە

# لە پاریسەوە تا کۆپنهاگن



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

کاتێك دوو کوڕەکەی کواشی (سەعید و شەریف) لە قۆڵێکەوە و ئەحمەدی کولیبالی لە قۆڵێکی دیکەوە پەلاماری پاریس دەدەن و قەسابخانەیەکی ترسناك لەنێو دڵی ئەم شارە جوانەدا بۆ ڕۆژنامەنووسەکان لەلایەك و جوولەکەکان لەلایەکی دیکەوە دروستدەکەن، عومەر عەبدولحەمید ئەلحوسەینی، تیرۆریستەکەی دەنیمارکی ١٤ی فێڤریوەری ٢٠١٥ دا، لە زینداندا بوو. ئەو لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەکەی زیندانەوە، وێنەی خوێنی ڕژاوی ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییەکانی بینی.

چەند ڕووداوەکان لەیەکدەچن! تیرۆریستەکانی پاریس، لە پەلاماری یەکەمیاندا، یەکێك لە ڕەمزەکانی ئازادی ڕادەربڕینیان کرد بە ئامانج، کە بریتی بوو لە هەفتەنامەی شارلی ئیبدۆ. عومەر عەبدولحەمیدیش، تیرۆریستەکەی کۆپناهاگن! لە پەلاماری یەکەمیدا، کۆبوونەوەیەك بۆ گفتوگۆ لەسەر ئازادی ڕادەربڕین دەکات بە ئامانج. لە پەلاماری دووەمدا، کولیبالی تیرۆریست پەلاماری مەگازەیەکی جوولەکە لە پاریس دەدات، عومەر عەبدولحەمیدیش لە کۆپنهاگن، پەلاماری دووەمی تەرخاندەکات بۆ پەرەستگایەکی جوولەکەکان! هیچ گومانی تیادا نییە کە ڕووداوەکانی پاریس، وەك سەرچاوەی ئیلهامبەخشین بەکارهێنراون و گریمانەی دووبارەبوونەوەیان لە چەندین وڵاتی دیکەی ئەورووپیشدا، بەشێوەیەکی بەهێز هەیە. ئەمڕۆ سەرۆك وەزیرانی دەنیمارك و سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا، لە دوو مینبەری جیا و دوو کاتی جیاوازدا وتیان: دەبێت هاووڵاتیان ڕابێن لەگەڵ مەترسی و پەلامارە تیرۆریستییەکاندا کە دەکرێت لە هەر ساتەوەختێکدا ڕووبدەن.

ڕۆژی شەممە، ١٤ ی فێڤریوەری ٢٠١٥، کاتێك کە کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و دیپلۆمات، بە ئامادەیی لارس ڤیکس، ئەو هونەرمەندە سویدییەی کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا بۆ یەکەمجار کاریکاتێری پێغەمبەری ئیسلامی کرد و پاشان فەتوای کوشتنی دەرچوو، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دۆخی

ئازادی ڕادەربڕین لە ئەوروپادا کۆبوونەوە. کاتژمێر ١٥ و ٣٣ خولەك، یەکەم کەس کە بەر دەستڕێژ دەکەوێت و دەکەوێتە سەر زەوی و گیانی دەسپێرێت، فین نۆرگاردی تەمەن ٥٥ساڵەی هونەرمەند و دەرهێنەری سینەماییە، کە هێشتا نەگەشتبووە نێو کۆبوونەوەکە و لە دەرەوەی سەنتەرەکەدا بوو. پاش کوشتنی فین، تەقەکردن لەنێوان عومەر و پۆلیسەکانی بەردەرگا دادەمەزرێت. عومەر تێدەگات لەوەی کە ناتوانێت بڕواتە ژوورەوە و وەك منداڵەکانی کواشی، هەموو ئەوانەی کە لەنێو سەنتەرەکەدان بکوژێت، ئیدی بە سواری ئۆتۆمۆبیلێك بۆی هەڵدێت و پاش دوو کیلۆمەتەر بەجێیدێڵێت.

دەزگاکانی پۆلیس بە خێرایی و لە ڕێگەی کامێراکانی چاودێرییەوە سۆراخی دەکەن. یەکێك لە کامێراکان دەریدەخات کە عومەر لەنێو کابینێکی تەلەفۆندایە و قسەدەکات. کەمێك دواتر تەکسیەك دێت و هەڵیدەگرێت و دەیبات بۆ شوقەکەی خۆی. نزیکەی بیست خولەك لەنێو شوقەکەیدا دەمێنێتەوە و پاشان کاتژمێر ٤ و ٣٧ خولەکی پاش نیوەڕۆ بەجێیدەهێڵێت. لێرەبەدواوە عومەر وندەبێت و کەس نازانێت لە چ شوێنێکدا خۆی شاردووەتەوە. بەڵام کاتژمێر ١٢ و ٤٥ خولەکی شەو، لە قووڵایی نیوەی شەودا، عومەر دیسانەوە دەردەکەوێتەوە و پەلاماری پەرەستگایەکی جوولەکەکان دەدات. لەنێوان ونبوونی عومەر و دەرکەوتنەوەیدا، دەزگاکانی پۆلیس ڕژابوونە بەردەم هەموو ئەو جێگەیانەی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرا ببن بە ئامانجی هێرشی دووەم. بۆیە کاتێك لە نیوەی شەودا عومەر لەبەردەم پەرەستگای جوولەکەکاندا دەردەکەوێتەوە، پەرەستگایەك کە پێشتر ئامادە کرابوو بۆ ئاهەنگێك و نزیکەی ٨٠ کەس بانگهێشتی فەرمی کرابوون، دەبینێت کە دوو پۆلیس پارێزگاری لێدەکەن. ناچار دەستدەکاتەوە لەو کەسەی کە لەبەر دەرگا میوانەکان دەپشکنێت، بەڵام چەکی پێ نییە. دەستبەجێ دەیکوژێت. پاشان لەگەڵ پۆلیسەکاندا شەڕە تەقە دادەمەزرێت و دیسانەوە عومەر هەڵدێت و ناوچەکە بەجێدێڵێت و بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕوات.

لە هێرشی یەکەمەوە، دەزگاکانی پۆلیس توانیبوویان شوێنی عومەر دەستنیشان بکەن و شوقەکەی بدۆزنەوە و بیخەنە ژێر چاودێریی چالاکەوە. کاتژمێر ٥ ی سەرلەبەیانی، عومەر دیسانەوە ڕێگەی شوقەکەی دەگرێتە بەر و کاتێك نزیك دەبێتەوە، دەبینێت هەر چواردەوری بە هێزی پەلاماری پۆلیس گیراوە. دەستبەجێ عومەر، وەك ئەوەی کە چاوەڕوانی مردن بێت، وەك ئەوەی کە چیدی نەیەوێت لە ژیاندا بەردەوام بێت، بێ هیچ گفتوگۆ و دان و ستانێك، دەستدەکات بە دەسڕێژ بە چەپ و ڕاستدا؛ چەند خولەکێك دواتر، بێدەنگی و تەواو: عومەر کوژرا.

ڕۆژی یەکشەمە، چوار کەسی دیکە بە تۆمەتی هاوکاریکردنی عومەر دەستگیرکران، بەتایبەتی بە تۆمەتی ئامادەکردنی چەك بۆ عومەر.

بەڵام بەڕاستی عومەر عەبدولحەمید کێیە ؟ دوو ڕەگەزی گرنگ کە بەشداری دەکەن لە دروستکردنی شوناسی عومەردا، سەرنجی تایبەتمەندەکان ڕادەکێشن.

یەکەمیان بریتییە لەوەی کە عومەر، نە لە سووریاوە هاتوە نە لە عێراق. عومەر نە منداڵی کۆمەڵگەی ئەفغانییە، نە لەنێو جەنگەڵستانی نێجیریای (بوکو حەرام)ـەوە هاتووەتە دەرەوە. عومەر لە دەنیمارك لەدایکبووە و لەنێو قوتابخانەی دەنیماركدا گەورە بووە ! لێرەوە پرسیارەکان دێن و لەیەك کاتدا سیاسییەکان و زاناکان ناچار بە وەڵامی تازە و گەڕانی تازە و توێژینەوەی تازە دەکەن: ئەو هۆکارانە چین کە وادەکەن یەکێك لە منداڵەکانی کۆمەڵگای دەنیمارکی، بەم شێوە وەحشییە، پەلاماری وڵاتەکەی خۆی بدات و خەڵتانی خوێنی بکات؟

دووهەمیشیان بریتیە لە تەمەنی عومەر. ئەم کوڕە گەنجە تەمەنی تەنها ٢٢ ساڵە. لە لوتکەی لاوێتیدا بڕیار دەدات پشت بکاتە ژیان و ڕێگەی مردن بگرێتە بەر. لە تەمەنی ٢٢ ساڵدا، ماناکانی ژیانی، ماناکانی بوونی لە نێو کوشتنی ئەوانی دیکەدا و لەنێو تیرۆریزمدا دەدۆزێتەوە. تەنها چەند ڕۆژێك بەسەر ئەم کارەساتەدا تێپەڕیوە، بەڵام دیسانەوە کۆی لاشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەی ئەوروپی بەگشتی و دەنیمارکی بەتایبەتی دەلەرزێتەوە: ئەو هۆکارانە چین کە وادەکەن گەنجێکی ٢٢ ساڵەی ئەوروپی، لە سەدەی بیست و یەکدا، ماناکانی ژیانی لەنێو تیرۆریزم و قەسابخانە و کوشتنی هاووڵاتییە بێ تاوانەکاندا بدۆزێتەوە؟

عومەر و منداڵەکانی کواشی و ئەحمەدی کولیبالی، منداڵە بەرەڵاکراوەکانی نێو کۆڵانە تاریکەکانی مۆدێرنیتێ، چەندین کەسیان کوشت و خۆشیان کوژران، چیرۆکی هەر یەکێك لەو تیرۆریستانە لەسەر ئاستی تاك کۆتایی پێهات، بەڵام چیرۆکەکانی دیکە لەدوای مەرگی ئەوان دەستپێدەکات. بەتایبەتی چیرۆکی تێگەشتنی زانستییانە لەو هەلومەرجە بابەتییەی کە وەك کارگەیەکی ڕانەوەستەواوی بیست و چوار سەعات لەسەر بیست و چوار، پۆل پۆل تیرۆریست بەرهەمدەهێنێت.

من گومانم نییە کە لەنێو ئەم چیرۆکەدا، بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکان ناچاردەبن بەوەی کە سەرلەنوێ بە پرسی پێکەوەژیان، لێبوردەیی، کرانەوە و فرەکەلتووریدا بڕۆنەوە. بێهوودە نییە کە لە ڕۆژی ١٦ ی فێڤریوەری ٢٠١٥، سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا داوادەکات کە دەستکاری دەستووری فەرەنسی بکرێت بۆ ئەوەی زانکۆکانی فەرەنسا مافی ئەوەیان هەبێت ئەرکی پێگەیاندن و ئامادەکردنی مەلای مزگەوتەکانی فەرەنسا بگرنەئەستۆ! بێگومان ئەمە ئەو هێڵە سوورەیە کە لەساڵی ١٩٠٥وە کەس زاتی ئەوەی نەکردووە باسی تێپەڕاندنی بکات، چونکە پەیوەندی بە پرسی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتەوە هەیە. بۆ یەکەمجار جمهوریەتی فەرەنسی بیر لە دەستکاریکردنی ئەو یاسایە دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئاراستەی فاکتە ئایینییەکان بکات و بە ژێرزەمینی ڕادیکاڵەکانی نەسپێرێت.

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

**عومەر و منداڵەکانی کواشی و ئەحمەدی کولیبالی، منداڵە بەرەڵاکراوەکانی نێو کۆڵانە تاریکەکانی مۆدێرنیتێ، چەندین کەسیان کوشت و خۆشیان کوژران، چیرۆکی هەر یەکێك لە تیرۆریستانە لەسەر ئاستی تاك کۆتایی پێهات، بەڵام چیرۆکەکانی دیکە لەدوای مەرگی ئەوان دەستپێدەکات**

**سەرۆک وەزیرانی دەنیمارک و سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا، لە دوو مینبەری جیا و دوو کاتی جیاوازدا وتیان: دەبێت هاووڵاتیان ڕابێن لەگەڵ مەترسی و پەلامارە تیرۆریستییەکاندا کە دەکرێت لە هەر ساتەوەختێکدا ڕووبدەن**



**فەریق جەمال محەمەد** سوپاسالاری پێشمەرگە بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە سەرەتای کۆتایی تیرۆریستانی داعشە

**لای جەنابی سەرۆک بارزانی هەموو بەرەکانی شەڕ وەک یەک بایەخیان هەیە، ئەوەی بۆ میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە کردوویەتی بۆ کۆبانێ و مەخموور و کەرکووک و تا جەلەولاشی کردووە**

**میحوەری ڕۆژئاوای دیجلەی هێزی پێشــمەرگەی کوردستان یەکێکە لە بەرە سەرەکییەکانی شەڕی پێشمەرگەی کوردستان لە دژی تیرۆریستانی داعش، شکاندنی داعش لەو میحوەرە بووە هۆکاری بەتاڵکردنەوەی ئەو ئەفسانەی کــە هەندێك پێیانوابوو داعش ئەو هێزەیە تێکناشــکێندرێت، ئەو ناوچانەی لەم میحــوەرە ئازادکراون، بە چەندین هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە و بە درێژی ٢٠٠ کیلۆمەتر ڕێگەیە، بۆ قسەکردن لەبارەی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەم میحوەرە و گرنگیی ستراتیژیەتی ئەو ناوچە ئازادکراوانە، گوڵان سەردانی میحوەری ڕۆژئاوای دیجلەی کرد و لەگەڵ فەریق جەمال محەمەد سوپاســالاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەم دیدارە تایبەتەی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە بەیاخ و گرنگیی خۆی هەبووە لە شــەڕی تیرۆریســتانی داعش و ئازادکردنی ناوچەیەکی بەرفراوان لە دەســتی تیرۆریستانی داعش، ئایا بە چەند قۆناخ ئەم سەرکەوتنە گەورەیە لەسەردەستی پێشمەرگە بەدەستهاتووە؟**

- لەدوای هێرشی تیرۆریستانی داعش لە ٢ی ئابی ٢٠١٤ و داگیرکردنی شنگال و چەندین شوێنی دیکە لەو ناوچەیە، میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە بە سەرپەرشــتی ڕاستەوخۆی جەنابی ســەرۆك بارزانی بەرنامەی بــۆ ئازادکردنەوەی ئەم ناوچانە دەســتی پێکردووە، هەروەها لەو بەروارەشەوە هەتا ئێســتا بە بەردەوامی جەنابی سەرۆك بارزانی خۆی لەم میحوەرە سەرپەرشــتی شەڕەکانی کردووە و بەرنامە و پلانی ســەربازی بۆ دارِشتووە و هەر خۆیشی ڕاستەوخۆ سەرپەرشــتی جێبەجێکردنی کردووە، جێگەی ئاماژەیە لە ڕۆژی ٢ی ئابەوە بەڕێز مســرور بارزانی وەك ڕاوێژکاری ئاسایشــی ئەنجومەنی نیشــتمانی لەم میحوەرە بووە و ڕۆڵێکی هێجگار دیاری لە ئاشناکردنی هێزی پێشمەرگە بە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش گێڕاوە، لەبەر ئەوەی ئەم شەڕە بۆ پێشمەرگە نوێ بوو، ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەزموونی شەڕی تیرۆریستانی هەبوو، بۆیە بوونی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشــی هەرێمی کوردســتان لەم میحوەرە بووە هۆکاری ئەوەی پێشمەرگە باشــتر بتوانێت شەڕی تیرۆریســتانی داعش بکات. بۆ ئەمەش جەنابی ســەرۆك بارزانی پلانــی بۆ ئەم ناوچە فراوانە بەچەند قۆناخێك بوو بەمجۆرە:

١- قۆناخی یەکەم لە سەرەتای مانگی ئابی ڕابردوو لە دووڕیانی سحێلا دەستی پێکرد بەرەو گوندەکانی عومەر خالید و بــۆ لای وەلید و قاهیرە، ئــەم ناوچانە هێڵی نەوت دەبەســتنەوە بە سووریا، هەتا گەیشتە ناوچەکانی بەردیان و بەرزارکان ئەم ناوچانە هەمووی ئازادکران و لە تیرۆریستانی داعش پاککرانەوە.

٢- قۆناخــی دووەم چەند ڕۆژێك دوای قۆناخی یەکەم دەســتمان پێکرد کە بریتی بوو لە ئازادکردنی ناوچەی مەحمودیە پێش ئەوەی بگەینە ڕەبیعە لەوێوە بەرەو ئەو هێڵە نەوتییەی دێت بۆ سەفیە و عەین فەرەس و بەرەو کۆمپانیای نەوتی عەین زالە.

٣- قۆناخی سێیەم بەرنامە بوو بۆ ئازادکردنی ناوچەی زوممار، کە لەم دیــوەوە ناوچەکانی زوممار، گەڕبڕ، حوگنــە و کەهرێــز و قەســریج بوو، لەو دیویشــەوە ناوچەکانی جەسە و عەین مانع و کانی شرین تا دەگاتە نزیکی ســەدی موسڵ، لەم ئۆپەراسیۆنەشدا توانرا ئەم ناوچانــە هەموویان ئازاد بکرێت و لە تیرۆریســتانی داعش پاکبکرێتەوە.

٤- قۆناخی چوارەم پلانی ئازادکردنی چیای شــنگال بوو کــە لە هەموو قۆناخــەکان گرنگتر بوو، جەنابی سەرۆك زۆر مەبەســتی بوو ئەو ڕێگەیە پاکبکرێتەوە کــە دەچێتە چیای شــنگال، بۆیە ســەرۆك بارزانی هەموو کات جەختی لەســەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت بە هەرنرخێك بێت، چیای شنگال لە نزیکترین کاتدا ئازاد بکرێت، بۆ ئەمەش تونرا ناوچەکانی ڕەبیعە لە سنووری ســووریا ئازاد بکرێت. دوای ئازادکردنی ئەو ناوچانە پلانی سەربازی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ســەرۆك بارزانی بوو بۆ ئازادکرنی ناوچەیەکی فراوان لە کەهرێزەوە بەرەو چیای شنگال، ئەمەش ڕێگەیەکی درێژ و نزیکەی ٤٠ کیلۆمەتر بوو، هەموو گوندەکانی عەرەب بــوون، ئەو گوندە عەرەبانەش بەشــی زۆریان پێیانخۆش بوو تیرۆریســتانی داعش لەو ناوچەیە بوون و هاوکارییــان کردبوون، بەڵام کە دەســتمان پێکرد لە ماوەی دوو ڕۆژ لە قەســریجەوە گەیشتینە حەردان و بەرەو ســنونێ و تەڕبەگە و ئەم ناوچانە کە هەمووی ناوچەی کوردانی ئێزدی بوون هەموویان پاککرانەوە و سەرکەوتووانە گەیشتینە سەرچیای شنگال، ئەم قۆناخە

**ئەم شەڕە بۆ پێشمەرگە نوێ بوو، ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەزموونی شەڕی تیرۆریستانی هەبوو، بۆیە بوونی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەم میحوەرە بووە هۆکاری ئەوەی پێشمەرگە باشتر بتوانێت شەڕی تیرۆریستانی داعش بکات**

**توانیومانە ١٤ لیوای پێشمەرگە کە ڕاستەوخۆ لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتی پێشمەرگە بێت دروست بکەین**

**ئامانج لە ڕزگارکردنی شنگال گەڕانەوەی دانیشتووانەکەیەتی، بەڵام بەبێ ئازادکردنی ناوچەکانی دەوروبەری ناتوانرێت خەڵکەی بگەڕێتەوە**

**لە ئێستادا توانراوە هەموو ئەو ناوچانە پاکبکرێنەوە و خەڵکی ئەو گوندانە بەشی زۆریان گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش خەڵکی زیاتر دەگەڕێتەوە**

کە قۆناخێکی یەکلاکەرەوە بوو لە شەڕەکە لە ڕۆژی ١٧ی ١٢ی ٢٠١٤ دەستمان پێکرد و لە ڕۆژی ٢١ی ١٢ چیای شنگال ئازاد کراو و جەنابی سەرۆک خۆی هاتە سەر چیایەکە و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی ڕاگەیاند.

*** ئەوەی لەم میحوەرە جێگەی سەرنجە، ئەوەیە وێڕای ئەوەی جەنابی سەرۆک بارزانی خۆی بە شەخسی سەرپەرشتی هەموو بەرەکانی شەڕ دەکات لە کۆبانێ تا جەلەولا، بەڵام لەم میحوەرە بەڕێزیان زۆر مایەوە و خۆی لە سەنگەرەکانی پێشەوە بوو، ئایا بایەخی ئەم میحوەرە لە شەڕی تیرۆریستانی داعش چییە؟**

- پێش هەموو شت، لای جەنابی سەرۆک بارزانی هەموو بەرەکانی شەڕ وەک یەک بایەخیان هەیە، ئەوەی بۆ میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە کردوویەتی بۆ کۆبانێ و مەخموور و کەرکووک و تا جەلەولاشی کردووە، بەڵام تایبەتمەندیی جوگرافی و دیمۆگرافی ناوچەکە و هەروەها ئەم ناوچانە بەشێکی زۆریان سەر بە پارێزگای نەینەوان و خۆشتان دەزانن، داعش دوای کەوتنی موسڵ، خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاند، بۆیە موسڵ بە پایتەختی خەلافەتەکەیان دەزانن، لەمەش زیاتر ئەم ناوچانە موسڵ بە سووریاوە گرێدەداتەوە، ئەوان ئەگەر ئەم ناوچانەیان بەدەستەوە بێت، دەتوانن بەئاسانی جووڵە بکەن، بۆیە ئەم ناوچانە لەچەند لایەنێکەوە پێویستیان بەوە بوو شەخسی سەرۆک بارزانی خۆی سەرپەرشتی بکات، ئەم ناوچانە ناوچەی تێکەڵن، بەشی زۆری گوندەکانی دەوروبەری گوندی عەرەبنشینن، لەم حاڵەتە ئەگەر جەنابی سەرۆک خۆی پلان بۆ شەڕەکە دانەنێت، لەوانەیە شەڕەکە ئاراستەی شەڕی کورد و عەرەب وەربگرێت، لەلایەنێکی دیکە کە لایەنی سەربازییە، دیارە تیرۆریستانی داعش هێرشەکانیان وەک هێرشی سەربازی تەقلیدی نێوان دوو دەوڵەت نییە، لەبەر ئەوەی تیرۆریستانی داعش زیاتر شێوازی پارتیزانی بەکاردەهێنن، لەم ڕووشەوە دیارە سەرۆک بارزانی ئەزموونی زیاتر لە ٥٠ ساڵی شەڕی پێشمەرگایەتی هەیە و لە زۆر باری سەخت و ئاڵۆزدا بۆخۆی سەرپەرشتی دەیان داستانی لە شۆڕشی کوردستاندا کردووە، بۆیە لە ڕووی سەربازیشەوە بوونی سەرۆک بارزانی لەم میحوەرە، تەنها بۆ دانانی پلانی سەربازی نەبووە، بەڵکو بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەش بووە، لەبەر ئەمە سەرۆک بارزانی خۆی لە سەنگەرەکانی پێشەوە سەرپەرشتی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کردووە، لایەنێکی دیکە بەرفراوانی بەرەی ئەم شەڕەیە لەم میحوەرە، کە زۆر بەرفراوانە، ئەوەی لەم چوار قۆناخە ئازادمان کردووە، زیاتر لە ١٩٠-٢٠٠کیلۆمەتری بەرەی شەڕەکەیە، ئەمەش واتە ئەم میحوەرە پێنج یەکی هەموو بەرەی شەڕی پێشمەرگەیە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، لایەنێکی دیکەی زۆر گرنگ لە ڕووی سەربازییەوە، تۆپۆگرافیای ئەم ناوچەیەیە، لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە دەشتاییە، لەوانەیە ئازادکردنی ناوچەکە زۆر قورس نەبێت، بەڵکو پاراستنی ناوچەکە قورسترە، ئەمەش لایەنێکی دیکە بوو، کە سەرۆک بارزانی پلانی بۆ دارشتبوو، دیارە ئەو ئیمکانییەتە کەمەی لەبەردەستی پێشمەرگە بوو، ئێستاش لەو ئاستە نییە، بەڵام سەرۆک بارزانی بە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو ئیمکانییەتە کەمە و بە هەماهەنگی لەگەڵ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان، بە جۆرێک سوودیان لێوەرگرت کە بە سەرکەوتنی پێشمەرگە و بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش کۆتایی پێ بێت.

*** دوای ئازادکردنی چیای شنگال و بەشێکی ناو شاری شنگال، هەست دەکەین پێشمەرگە لەو کاتەوە تائێستا ناو شاری شنگالی ئازاد نەکردووە، ئایا هۆکاری دواکەوتنی ئازادکردنی شاری شنگال چییە؟**

- بەرنامەی ئازادکردنی شوێنێک لە ڕووی سەربازییەوە، تەنها ئازادکردنی ئەو ناوچەیە نییە، بەڵکو زامنی پاراستنی ئەو ناوچەیەیە لە ڕووی سەربازییەوە، ئەگەر ئێستا ئێوە بچنە شنگال، دەبینین ئەو ناوچانەی پێشمەرگە لەناو شاری شنگال تا دەگاتە دامێنی چیای شنگال ئازادی کردوون، هەموو ناوچەی ستراتیژین، ئەگەر پرسەکە تەنها ئازادکردنی ناو شاری شنگال بێت، ئەوا دەتوانرێت بەرنامە دابنرێت و بە ڕۆژێک ئازاد بکرێت، بەڵام زامنکردنی شنگال پێویستی بە زامنکردنی چەندین ناوچەی دیکەی دەوروبەری شنگال هەیە، بۆ ئەمەش دەبێت بەرنامەیەکی ڕێکوپێک هەبێت، بۆ نموونە دەبێت لە ڕۆژئاوای شنگال باب شەلۆ ئازاد بکرێت کە ٣٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای شنگالە و لە سنووری سووریایە، هەروەها لە ڕۆژهەڵات دەبێت ئوم شەبابیش ئازاد بکرێت کە نزیکی تەلەعفەرە، ئەگەر ئەم ناوچانە ئازاد نەکرێن، ڕۆژانە لەو شوێنانەوە هێرش دەکرێتەوە سەر شنگال، ڕاستە پێشمەرگە دەتوانێت بەرەرچی هێرشەکان بداتەوە، بەڵام ئامانج لە ڕزگارکردنی شنگال گەڕانەوەی دانیشتووانەکەیەتی، بەڵام بەبێ ئازادکردنی ناوچەکانی دەوروبەری ناتوانرێت خەڵکەی بگەڕێتەوە، هەروەها چەند ناوچەی گرنگی دیکە کە هەموو ناوچەکانی کوردی ئێزیدین دەکەونە دەرەوەی شنگال و هەموویان ئاوارە بوون، دەبێت ئەو ناوچانەش ئازاد بکرێن بۆ ئەوەی هەموو ئاوارەکان بگەڕێنەوە.

ئەمانە هەمووی لەلایەك لەلایەکی دیکە، هەتا ئێستا عێراق نەهاتۆتە سەرخەت، بۆیە ئەگەر عێراق لەلای تەلەعفەرەوە بێتە سەرخەت و تەلەعفەر ئازاد بکات، ئەوا ئەو کات ئازادکردنی شنگال زۆر ئاسانتر دەبێت.

*** هەر لە میحوەری رۆژئاوای دیجلە یەکێك لە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە گرتنی ئەو رێگە ستراتیژییە بوو کە تیرۆریستانی داعش لە عێراق و سووریا لە یەکتری دادەبڕێت، ئایا تاچەند گرتنی ئەم رێگە ستراتیژییە گرتنەوەی موسڵ ئاسان دەکات؟**

- ئەو رێگە ستراتیژییە بریتیە لە رۆژهەڵاتی چیای بادوش و ئەسکی موسڵ بۆ سێڕیانی کەسك، موسڵ، تەلەعفەر، گرتنی ئەم رێگە ستراتیژییە بووە هۆکاری ئەوەی چیدیکە تیرۆریستانی داعش نەتوانن لەو رێگەیەوە بە ئاسانی لەگەڵ سووریا هاتوچۆ بکەن، یان لە سووریاوە بێنە موسڵ و هاریکاری لە نێوان هێزەکانیان هەبێت، دوای گرتنی ئەم رێگە ستراتیژییە هێزەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ ئەوەی بگەنەوە هێزەکانیان لە سووریا دەبێ بچنەوە جەزیرە و ماوەی زیاتر لە چوار کاتژمێر بە ئۆتۆمبیل بڕۆن، هەر بۆیە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەم رێگە ستراتیژییە بگرنەوە، چەندین هێرشیان کردووە، بەڵام هێرشەکانیان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە هەموو جارێك تێکشکێندراوە.

*** هەندێك لە چاودێرانی سەربازی باس لەوە دەکەن، شەڕی تیرۆریستانی داعش، ئەزموونێکی گرنگ بوو بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، ئەم شەڕە پێداویستی و کەموکورتییەکانی هێزی پێشمەرگەی دەرخست، ئایا تاچەند پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەیت؟**

- پێش هەموو شت ئەم شەڕە دەریخست کە دەبێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەك هێز بێت و یەك فەرماندەی گشتی هەبێت و لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی پێشمەرگەدا بێت، ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٩ لە وەزارەتی پێشمەرگە هەنگاومان بۆ ئەمە هەڵگرتووە و توانیومانە ١٤ لیوای پێشمەرگە کە راستەوخۆ لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتی پێشمەرگە بێت دروست بکەین، هەموو فەوجەکانی ئەم ١٤ لیوایە مەشق پێبکەین، لە هەر چوار پارێزگای کەرکووك و هەولێر و سلێمانی و دهۆك، هەر فەوجێك بۆ ماوەی ٤٥ رۆژ، لە هەمانکاتدا یەکەی ٧٠ و یەکەی ٨٠ش هەیە، بۆیە ئێمە سێ جۆر هێزمان هەبووە، ئێستا سەرۆك بارزانی رێنمایی دەرکردووە و پەرلەمان بڕیاری دەرکردووەو سەرۆك پەسەندی کردووە بۆ ئەوەی ئەم هێزانە هەموویان بکرێنە یەك هێز، بەڵام ئەمەش لە بارودۆخی ئەم شەڕە پێویستی بە کاتی زیاترە، لە رووی چەك و تەقەمەنی و ئالیاتی سەربازی، هەموو لایەك دەزانێت، چەکی دەستی پێشمەرگە، کەم و کۆن بووە، لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە بە هاوتای سوپای عێراق پڕچەك نەکراوە، تەنانەت حکومەتی بەغدا بودجەشی نەداوە بە پێشمەرگە، بۆیە ئەم شەڕە دەریخست پێویستە پێشمەرگە پڕچەك بکرێت و مەشقی زیاتری پێبکرێت، بۆ ئەمەش هاوپەیمانان هەندێك چەکیان ناردووە کە ئێمە پێویستمان بە چەکی زیاترە.

*** لە ئێستادا پێداویستیی سەرەکیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ چ جۆرە چەك و تەقەمەنییەکە؟**

- ئێمە لە ئێستادا زۆر پێویستمان بەچەکی دژە تانکە، بەتایبەتی وەك ئەو وەجبە چەکەی میلان کە ئەڵمانیا بۆی ناردین، دەخوازین ئەمریکاش هاوشێوەی ئەڵمانیا چەکی دژە تانکمان بۆ بنێرێت، هەروەها پێویستمان بە چەکی سووکی دەستی پێشمەرگەیە، چەکی دەستی پێشمەرگە لە ئێستا کلاشینکۆفە کە هەموویان لەسەدەی رابردوو دروستکراون، چەکە کۆنەکانی رژێمی پێشووی بەعسن کە بەشێکیان لە ١٩٩١ کەوتنە دەستی پێشمەرگە و بەشێکی دیکەشی لە دوای ٢٠٠٣، هەروەها پێویستمان بە دەبابە و ئۆتۆمبیلی زرێپۆشی هاوشێوەی هامەر هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو بڕە کەمەی کە وەك تانك هەمانە، دروستکراوی سەدەی رابردوون و تەمەنیان تەواو بووە، بۆیە ئێمە دواکاریمان بۆ پڕچەککردنی پێشمەرگە زۆرە، بەڵام داواکردن شتێکە و جێبەجێکردنی داواکارییەکان شتێکی دیکەیە، ئێمە وەك هێزی پێشمەرگە سوودێکی زۆرمان لە چەکی میلان وەرگرت، بەڵام بە درێژایی ١٠٥٠ کیلۆمەتر بەرەی شەڕمان لەگەڵ داعش هەیە، ئایا ئەو ژمارەیەی بۆمان هاتووە بەشی ئەو بەرە فراوانە دەکات؟ یان ٨٠٠٠ پارچە چەکی ئەڵمانیمان بۆ هاتووە، ئایا ئەمە ئەگەر دابەشبکرێت لە کۆبانێ تا جەلاولا بەشی چی دەکات؟ من وەك خۆم هاریکاریی هاوپەیمانان بە هێرشە ئاسمانییەکانی فڕۆکە و بە ناردنی چەك و راوێژکاران بۆ مەشقی پێشمەرگە بەرز هەڵدەسەنگێنم و رۆڵی کاریگەریان هەبووە، بەڵام ئەم شەڕە شەڕی هەموو جیهانە و تەنها شەڕی کوردستان نییە، بۆیە ئەگەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بیەوێت ئەم شەڕە بباتەوە، ئەوا دەبێت راستەوخۆ پێشمەرگە پڕچەك بکات و مەشق و راهێنانی زیاتری پێبکات.

*** ئەوەی لە هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هێزی پێشمەرگە، ئاستەنگ بۆ پێشمەرگە دروست دەکات، زیاتر چییە؟**

- دیارە تیرۆریستانی داعش لە هێرشکردنیاندا، چەندین هۆکاری جیاواز بەکاردەهێنن، یەکەمیان خۆکوژە، واتە خۆی دەبێتە چەکێکی ئاگرین، دووەم ئۆتۆمبیلی

**ژمارەیەک گوندی عەرەب هاوکاری داعشیان کردووە و خراپ بوون لەگەڵ ئێزیدییەکان، ئەمانە لە ترسی پێشمەرگە خۆیان رۆیشتوون و دوای تیرۆریستانی داعش کەوتوون و ناوچەکانیان چۆڵکردووە**

**ئەو عەرەبانەی کە هاوکاری داعشیان نەکردووە ئەوە کەس هەقی بەسەریانەوە نییە و هاوکاریش دەکرێن، بەڵام ئەگەر گومانێک هەبێت، ئەوا دەزگاکانی ئاسایش لێکۆڵینەوە دەکەن و لە چوارچێوەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن**

**تانکێکی پێشمەرگە خۆی کێشا بە یەکێک لەو ئۆتۆمبیلە بۆمبرێژکراوانە و رێگەی نەدا بگاتە شوێنی خۆی و زیان بە هێزەکانی پێشمەرگە بگەیەنێت**



**هاریکاریی هاوپەیمانان به هێرشه ئاسمانییەکانی فڕۆکه و به ناردنی چەک و راوێژکاران بۆ مەشقی پێشمەرگه بەرز هەڵدەسەنگێنم و رۆڵی کاریگەریان هەبووە، بەڵام ئەم شەڕە شەڕی هەموو جیهانە و تەنها شەڕی کوردستان نییە، بۆیە ئەگەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بیەوێت ئەم شەڕە بباتەوە، ئەوا دەبێت راستەوخۆ پێشمەرگه پڕچەک بکات**

زرێپۆشـــه، واته ئەو ئۆتۆمبیلانەی به چەکی دەستی پێشمەرگه وەك ئار پی جی ناشکێت، لەگەڵ ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکـــراو، له ســـەرەتای شـــەڕەکه ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو زۆر کاریگەری لەسەر پێشمەرگه هەبوو، لەبەر ئەوەی ئـــەو ئۆتۆمبیله بۆمبڕێژکراوە، بەچەکی دەستی پێشمەرگه تێکنەدەشکێندرا، بۆیه جەنابی سەرۆك زۆر ئاگاداری دەکردینەوە چەندی دەکرێت پێشـــمەرگه خۆی له ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو بپارێزێت، بۆ ئەوەی قوربانی پێشـــمەرگه زۆر نەبێـــت، بۆ ئەمەش جەنابی ســـەرۆك فەرمانی دا که بۆ هەر بەرەیەك شۆفڵێك یان حەفارەیەك ببەین، بۆ ئەوەی خەندەق دروســـت بکەین و ئەو ئۆتۆمبیلانه نەگەنە ئامانجی خۆیان، بەڵام دوای هاتنـــی ئەو وەجبه چەکەی کـــه توانای ئەوەی هەبوو تانك بشـــکێنێت، ئەوە ســـوودی زۆری هەبووە و توانرا مەترسی ئەو ئۆتۆمبیلانەش کەم بکرێتەوە.

*** هێنـــدەی ئـــاگاداری لەم میحوەرە تیرۆریســـتانی داعش چەند جار به ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو هێرشیان کردووە؟**

- ئەوەی لـــەم میحوەرە من ئـــاگادار بم، له مانگی ئابەوە تا ئێستا زیاتر له ٤٠ ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو هێرشیان کردۆته سەر ســـەنگەرەکانی پێشمەرگه، لەم ژمارەیه هەندێك تەقیونەتەوە و هەندێکیش لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە تێکشکێندراون، تەنانەت وەك له شەڕەکانی ئەم دواییه تەلەفزیۆنەکان بڵاویـــان کردەوە، تانکێکی پێشـــمەرگه خۆی کێشـــا به یەکێك لـــەو ئۆتۆمبیله بۆمبڕێژکراوانه و رێگەی نەدا بگاته شوێنی خۆی و زیان به هێزەکانی پێشمەرگه بگەیەنێت.

*** دیاره لـــەو ناوچانەی ئازادتان کردوون، ژمارەیەکی زۆر گوندنیشـــنی عەرەب هەن، وەك ئاماژەت پێکرد، بەشێکی ئەو گونده عەرەبانه هاوکاریی تیرۆریستانی داعشـــیان کردووە، ئایا مامەڵەتان لەگەڵ عەرەبەکانی ئەو ناوچەیه چۆنه؟**

- ئەمه پرســـێکه له یەکتـــری جیامان کردۆتەوە، هەر بۆ نموونه له ســـنونێ تا رەبیعه هەموو گوندنشـــینی عەرەبە، له رەبیعه هەتـــا تەڕبەگ که ٥٠ کلیۆمەتر رێگەیه هەمووی گوندی عەرەبنشـــینن، هەروەها له



لەگوندی قاهیرە تا ڕەبیعە ئەویش **٢٢** کیلۆمەتر ڕێگەیە هەمووی گوندی عەرەبن، ئەم گوندانە سەر بە هۆزی شەممەڕن و بەشدارییان لەگەڵ داعش نەکردووە، بۆیە ئێستا ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەر دەبەن و دەزگای خێرخوازیی بارزانی دووجار هاوکاری کردوون، جارێك هاوکاری **٣-٤** هەزار خێزان و جارێکی دیکە لە ناوچەی ئەسکی موسڵ هاوکاری **٥** هەزار خێزانی عەرەب کراون، بۆیە ئەو عەرەبانەی کە هاوکاری داعشیان نەکردووە ئەوە کەس هەقی بەسەریانەوە نییە و هاوکاریش دەکرێن، بەڵام ئەگەر گومانێك هەبێت، ئەوا دەزگاکانی ئاسایش لێکۆڵینەوە دەکەن و لە چوارچێوەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، بەڵام سەبارەت بە ناوچەکانی قەسریجە تا دەگاتە شنگال، ئەمانە ژمارەیەك گوندی عەرەب بوون و هاوکاری داعشیان کردووە و خراپ بوون لەگەڵ ئێزیدییەکان، ئەمانە لە ترسی پێشمەرگە خۆیان ڕۆیشتوون و دوای تیرۆریستانی داعش کەوتوون و ناوچەکانیان چۆڵکردووە، بۆیە ئەوەی هاوکاری تیرۆریستانی داعشی نەکردبێت، ئێمە سەلامەتیان دەپارێزین و ئەگەر گومانێکیش هەبێت، ئەوا ئاسایش بە ڕێگەی یاسایی لێکۆڵینەوەی خۆی دەکات.

*** ئەگەر دواپرسیارمان سەبارەت بە ئەو شوێنانە بێت کە دوای ئازادکردنی بۆمبڕێژ دەکرێت، یان لەسەر ڕێگەکان بۆمب دەچێنن، ئایا چۆن ئەمەتان چارەسەر کردووە بۆ ئەوەی خەڵك بگەڕێنەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان؟**

- لە ناوچەی زوممار و گوندەکان گەڕبڕ تا دەگاتە تەلمۆز، دەتوانم بڵێم بەشێوەیەکی گشتی هەموو ماڵێکیان بۆمبڕێژ کردبوو، بەداخەوە بەهۆی ئەمەوە ژمارەیەك پێشمەرگە و هاووڵاتی شەهیدبوون، لەوانە شەهید عەقید فاخر کە خانەنشین و کەمئەندام بوو، بەڵام بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو بۆمبە چێنراوانە گەڕایەوە و بەداخەوە شەهید بوو، بەڵام لە ئێستادا توانراوە هەموو ئەو ناوچانە پاکبکرێنەوە و خەڵکی ئەو گوندانە بەشی زۆریان گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش خەڵکی زیاتر دەگەڕێتەوە.

**لە ئێستادا زۆر پێویستمان بەچەکی دژە تانکە، بەتایبەتی وەک ئەو وەجبە چەکەی میلان کە ئەڵمانیا بۆی ناردین، دەخوازین ئەمریکاش هاوشێوەی ئەڵمانیا چەکی دژە تانکمان بۆ بنێرێت**

# ئیسلام
# لە گۆشەنیگای فەلسەفەی ئایینەوە

## دوالیسمی و مۆنیسمی

بەشی پێنجەم



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

دوالیسمی ئەو بۆچوونەیە کە هەقیقەت لە دوو گەوهەری جیاوازدا دەبینێتەوە، ئەوانیش (ڕۆح و ماتەر) یان (ڕۆح و جەستە)ن. ئەم تێگەیشتنە هەر لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەقیقەتی بوون لە دوو گەوهەری وەك خودا و گەردوون پێکدێت، کە خودا گەوهەرێکی ڕۆحییە و گەردوونیش گەوهەرێکی ماتەرییە، پێناسە دەکات. مۆنیسمی دەڵێ: نەخێر، هەقیقەت یەك گەوهەرە و هەرچییەکی دی هەبێت، دەبێتە سیفاتی ئەو گەوهەرە. ئەو گەوهەرە هەقیقییە لێرەدا تەنها خودایە و ئەو ماتەر، یان جەستە و ڕۆحەش دەبنە دوو سیفاتی ئەو خودایە. لەم بۆچوونەدا هەر تەنها خودا بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەبێ و جگە لە سیفاتی ئەو تاکە

گەوهەرە، ئیتر هیچیتر لە ئارادا نابێت. ئەم بۆچوونەش باوەڕی وایە کە تاکە گەوهەر، خودا، یاخود هەر سروشت کە خۆی خودا بێت، لە ڕێگەی بێ ئەندازە شت و لە ڕێگەی بێ ئەندازە ڕێگەوە، خۆی ئاشکرا دەکات. واتە تەنها یەك گەوهەر بوونی دەبێت، ئەویش خودایە، ماتەر و ڕۆح دوو دەرکەوتەی ئەو خودایەن، کە مرۆڤیش تا ئێستا تەنها ئەو دووانەیان (ڕۆح و جەستە، یان ماتەر) دەناسێت .

لەو شرۆڤانەی پێشەوە، ئێمە لەوە تێگەیشتین کە ناساندنی خودا بە بوون و نەبوونییەوە، لە دوو جۆر بیرکردنەوەی جیاواز تێناپەڕێت، هەروەك ئاماژەمان دایە؛ یان دوالیسمی بووە، یان مۆنیسمی بووە. ئەم دووانەش لەگەڵ پارادایمە جیاوازەکانیشیانەوە، لە ژێر ڕەشماڵی تەییسمیدا جێگەیان بۆتەوە. لێرەودوا هەوڵدەدین ئەو پارادایمانەی بۆ ناساندنی خودا تەرخانکراون، پێناسەیان بکەین و دواجار بۆچوونی ئیمرۆکەی خۆشمان لەمەڕ ناسینی خودا، ئاشکرا بکەین. سەرەتا پێناسەی پانتەییسم، پانەنتەییسم، پۆلیتەییسم، مۆنیتەییسم و دەییسم دەکەین، پاشان بۆچوونی خۆمان لە میتافۆری (خودا وەك سفر)دا شرۆڤە دەکەین، کە لە دەرئەنجامدا، وشەی خودا بە وشەی هیچ یەکسان دەبێت. ڕەنگە لەم سەردەمەدا و پاش ئەو هەموو لێکدانەوە و بۆچوونە فەلسەفی و زانستییانەی کە بەسەر مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتووە، گونجاوتر بێت.

پانتەییسم (وەحدة الوجود- یەکبوونی) پارادایمێکە واتە مۆدێلێکە لە بیرکردنەوە، بوونی خودا و ئەوەی کە هەیە، لە یەك یەکەدا دەبینێتەوە. بەمانایەکیتر ئەوەی هەیە خوداوەندانەیە، واتە ئەوەی هەیە خودا خۆیەتی، کە لەم باوەڕەدا سروشت و بوونەوەر و خودا، ناتوانرێ تیایدا جیابکرێنەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوەی کە (هەیە) و (خودا) وەك دوو وشەی جیان، بەڵام لە ڕاستیدا گوزارش لە یەك هەقیقەت دەکەن و دەبنە سینۆنیم (مرادف) بۆ یەکتر. مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە کە لە بری ئەوەی هەقیقەت لە دوو گەوهەری جیای وەك ماتەر و ڕۆح پێکهاتبێت، هەقیقەت یەك گەوهەرە و ماتەر و ڕۆح دەبنە سیفەتی ئەو هەقیقەتە کە ناو نراوە خودا.

پانەنتەییسم (وحدة الشهود- یەکبینی) جۆرێکە لە باوەڕ و دەڵێ: ئەوەی کە هەیە خودا لە خۆیدا هەڵیگرتووە، واتە بوونەوەر بەشێك دەبێت لە کردەی خودا و سەرچاوەی هێزە لە دەرکەوتنی بوونەوەردا. کەواتە بەپێچەوانەی پانتەییسمەوە، لەم بۆچوونەدا خودا و بوونەوەر واتە خودا و ئەوەی کە هەیە یەك یەکە نین و جیان و گوزارش لە یەکتر ناکەن، واتە نابنە سینۆنیم بۆ یەکتر. بە مانایەکی دی خودا لە بوونەوەر زیاترە، نەك گوزارش لە یەکدی بکەن. کەواتە خودا هەم ناونشینە و هەمیش دەرنشینە لەم بۆچوونەدا.

پۆلیتەییسم (تعدد الهة- فرەخودایی) بۆچوونێکە کە هەقیقەتی خودا لە چەند فۆرمێکدا خۆی دەبینێتەوە. دیتنەوەی خودایە لە ناو دیاردەکانی سروشتدا، واتە بۆ هەر شتێك خودایەکیان دیاریکردووە. ڕوونتر بڵێین ئەم بیروباوەڕە خودا وەك ناونشیانێك دەبینێت و لە هەموو شتێکدا هەست بەو خودایە دەکات.

دەییسم (خودایەتی) باوەڕیکە دەڵێ: بەڵێ خودایەك ئەم گەردوونەی خولقاندووە، بەڵام ئەم خودایە پاش ئەوەی ئەم کارەی ئەنجام داوە، دەستی لە گەردوونە دروستکراوەکەی خۆی هەڵگرتووە و بۆ یاسا و ڕێسای سروشت خۆی، بە جێیهێشتووە. ئەو خودایە هیچ جۆرە دەستێوەردانێك لەم بوونەرەدا ناکات. واتە خودا پاش ئەوەی ئەم گەردوونەی خولقاند، دەستی لێهەڵگرت و جێیهێشت بۆ پرۆسەی سروشتی، بە موعجیزەکردن واتە بەکاری موعجیزەیی، یان موعجیزە ناردن، یاساکانی خۆی ناشکێنێت.

مۆنۆتەییسم (وحدانیة الإله- یەکخودایی) بوونی خودا بوونێکی تاکانەیی (تاقانەیی) خودایانەیە و فۆرمی جیاوازی لە خۆی نەگرتووە . بە پێچەوانەی پۆلیتەیسمەوە، خودا لەم پارادایمەدا، کائینێکی دەرنشینە، لەم بوونەوەرە جیایە و وەسەر کەوتووە، وەك دەڵێن (ترانسەندەنتە).

پاش ئەوەی کە ئەو پێناسانەی کە تا ئێستH بۆ خودا کراون، جیاکرانەوە، درێژە دەدەین بە چەمکی مۆنۆتەییسم لە هزری ئاینی ئیسلام و پەیوەندی بەو سەردەمەوە کە ئیسلام تیایدا هەڵکەوتووە.

## ● ئیسلام و مۆنۆتەییسم

مێژووی هزری مرۆڤایەتی ئەوە دەردەخات کە پێناسەکردنی خودا، یان دیاریکردنی شوناس و سیفاتەکانی خودا، مرۆڤ لەوەتی چاوی کردۆتەوە و لەو هەستەی خۆی سەبارەت بە بوونی خودایەك هۆشیار بۆتەوە، ئەو هەستە خەریکی کردووە و لە ڕەنگکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، کاریگەری تایبەتی خۆی هەبووە. ئەو ساتەی ئیسلام تیا سەرهەڵدەدات و ئەو شوێنەی تیا دەردەکەوێ، بیرۆکەی یاخود چەمکی مۆنۆتەیسمی هەم لە ناو ئایینەکانی ئەو ناوە و هەم لە ناو فەلسەفەی ئەو دەوروبەرەدا وەك فەلسەفەیەکی نوێ و تایبەت، بینراوە و خوێندراوەتەوە. لە هەمانکات گەشەی هزری ئەو سەردەمەش هەر ئەو جۆرە خودایەی بەگەن کردووە. نیوە دوورگەی عەرەب بە ئایینی مۆنۆتەیسمی وەك جوولەکە و مەسیحی و بە ئایینی زەردەشتی وەك لە ئێران و فەلسەفەی یۆنانی کە بە زمانی سوریایی ئامادەیی هەبوو، بەتایبەتی لە شام کە جێنزرگەی بازرگانەکانی مەککە بووە، دەورە درابوو، واتە هەم بە فەلسەفە و هەمیش بە ئایین ئەقڵی عەرەبی بە جۆرێك تەنرابوو، وایانکردووە، جۆرێك لە هۆشیاری ئایینی و نارەزایی لە جۆری پەرستشی عەرەبی

**دوو چەمکی وەک زاتی خودا و سیفاتی خودا دوو بەرەی پڕ لە ململانێی فکری و ڕۆشنبیری و بگرە خوێناویشی هێنایە ئاراوە، کە لە دوو گرووپی وەک زانستی کەلام (موعتەزیلە و ئەشعەری)دا پتر خۆی بینییەوە**

**خودای مۆنۆتەییسمی ئیسلامی نە لە خودای مەسیحییەکان دەچێ و نە لە خودای یەهودییەکان دەچێ. نەک هەر بە شوناس لە هی ئەوان جیادەبێتەوە، بەڵکو بە شوێنی ڕووتێکردنیشی واتە بە ڕووگەی پەرستشەکانیشی، لەوانی جیا دەکاتەوە**

ئەو ناوچەیەدا بهێنێتە ئاراوە.

نەتەوەی عــەرەب لە نیوەدوورگەی عەرەبــدا باوەڕیان بە خودایــەك بووە بەناوی الله، ئەو خودایەی کە ئیســلام بە ناویــەوە دەبێژێ، وەلێ پەیوەندی و مامەڵەیان لە تەك ئەو خودایەدا بە بڕوای ئیسلام نەگونجا و ناچێز بووە. عەرەبی ئەو کاتە کۆمەڵێك بتی لە پەرستگاکەی خۆیدا کۆکردبۆوە، بەناوی ئەوەی وەك وەســیلەیەك لە خودا نزیکیان بکاتەوە. ئەمە ئەو خاڵە بنەڕەتییەیە کە ئیســلام و ئایینی عەرەبی پێش ئیســلام جیا دەکاتەوە. ئیسلام زۆر بە توندی دژ بەو جۆرە پەیوەندییەی نێوان خودا و مرۆڤ وەســتایەوە و ئەو بتانەی وەك هاوەڵێ بۆ خودا دەخســتنە پێشچاو و بە تاوان و گوناحــی مەزنی دەدایە قەڵەم. ئیدی خودا لە فۆرمی مۆنۆتەییسمیدا لەو سەردەمەدا وەك چەمکێکی مۆدێرن و وەك خودایەکی ناو گەلانی پێشــکەوتووی ئەو ناوە، خۆی مانیفێســت دەکات. خودا لەم فۆرمەدا پێناسەی تایبەتی خۆی وەردەگرێت و کۆمەڵێك ســیفات لە خۆ دەگرێت کە مرۆڤ ئەو سیفاتانە لە خۆیدا دەبینێتەوە، بەمانایەکیتر خودا هەروەك مرۆڤ دەبێتە خاوەن کەسێتی تایبەتی خۆی. بۆ نموونە ئەو خودایە لە ناو ئایینی ئیسلامدا نەوەدونۆ سیفات وەردەگرێت. لێرەوەیە زاناو فەیلەسوفی بواری ئایینناسی و فەلسەفەی ئایین، چەمکی خودا لەم فۆرمەدا واتە فۆرمی مۆنۆتەیسمی، ناو دەنێن خودای (ئەنترۆپۆمۆرفیسم) واتە خودایەك کە مرۆڤ خۆی فۆرمی پێبەخشیوە و لە شێوەی خــۆی خودایەکی خوڵقاندووە. بە کورتــی و پوختی لەم لێکدانەوەیەدا «مۆنۆتەییسم» جۆرێك دەبێت لە بیرکردنەوە ســەبارەت بە خودا؛ کە خودا تاکە و تەنهایە و لە دەرەوەی بوونەوەردایە، لە ناو فەلسەفەدا زاراوەی «ترانسەندەنتداڵ» وەردەگرێــت و «مۆنۆتەیســت» یش کەســێکە کە ئەو بــاوەڕەی هەڵگرتبێت. ئەمجۆرە بــاوەڕە پتر لە مێژووی ئایینی ئیبراهیمــی ڕەنگ دەداتەوە کە بریتین لە ئایینی یەهودی، مەســیحی و ئیسلام. چەمکی مۆنۆتەییسم لە دوو وشەی گریکی پێکهاتووە کە یەکەمیان (مۆنۆ) واتای یەك دێت و دووەمیان (تیۆس) بە واتای خوداوەندی دێت. ئەمجۆرە تێگەشــتنە لە خودا، لە ئایینەکانی ئیبراهیمیدا ئەزموونێکی تایبەتە و لە ناو فەلسەفەشــدا کۆنسێپتێکی تایبەتە. واتە خودا لە فۆرمی مۆنۆتەییسمیدا خودایەکی تــاك و کامڵ و نەگۆڕە، ســەرچاوەی ئەم گەردوونەیە و لە هیچــەوە گەردوونی بەدیهێناوە، چاوەڕوانی ئەوەشــە کە مــرۆڤ و هەرچی هەیە ئەو بپەرســتن و ملکەچی یاساکانی ئەو بن.

ئیســلام کە خۆی بە خاوەنی مۆنۆتەییســمی ڕاستەقینە دەبینێ و خۆی دەباتەوە سەر ئیبراهیم و ئیسماعیلی باوانی عەرەب، لە هەمانکات زۆربەی مەسیحی و یەهودییەکانی ســەردەمی خۆی کە لە ســەر ڕێڕەوی ئیبراهیم بوون، کە باوانی ئەوانیش بووە، بە لادەر دەیانبینێ. بەهەرحاڵ ئیسلام لــە ڕێگەی پەیامبەر محەمەدەوە بانگەشــەی بۆ کرا و لەســەر باوەڕی مۆنۆتەییسمی دامەزرا کە بە گرینگترین بنەمای ئیســلام وەك ئایین ناســێندرا. تەنانەت سوورەتی ئیخلاس کە باوەڕی مۆنۆتەییسمی ئیسلامی بە پوختی لە خۆگرتووە و کورتترین سوورەتە لە قورئاندا، کەچی بەهای ئەو ســوورەتە لەبەر مۆنۆتەیسمی ناوەڕۆکەکەی، یەکسان دەبێت بە یەك لەســەر ســێی هەموو قورئان. ســوورەتی ئیخلاس دەڵێ:

ئەو الله (خــودا) یە تاك و تەنهایــە، (الله) خودایەکی بێنیازە، هیچ کەســی لێنەبووە و خۆیشی لە کەس نەبووە، هیچ هاوتا و هاوشێوەیەکی ئەویش نییە و نەبووە.

ئیدی لەم ســوورەتەوە خودا شوناســێکی ئیسلامی تەواو وەردەگرێ و موســڵمان بەم چەشــنە خودایە چاك ئاشنا دەبێت. واتە خودای مۆنۆتەییسمی ئیسلامی نە لە خودای مەسیحییەکان دەچێ و نە لە خودای یەهودییەکان دەچێ. نەك هەر بە شــوناس لە هی ئەوان جیادەبێتەوە، بەڵکو بە شوێنی ڕووتێکردنیشی واتە بە ڕووگەی پەرستشەکانیشی، لەوانی جیــا دەکاتەوە. ئەگەرچی لە ســەرەتادا خودای ئیســلام لە خودای یەهودی جیا نەکرابــۆوە، چونکو بۆ نوێژکردن ڕوویان لە بەیتولمەقدیس دەکرد، وەلێ پرۆســەی بــە کۆمەڵایەتیکــردن و کاریگــەری مێــژوو و هێزی نەتەوەگەری، خودای ئیســلامی بە تەواوەتی لە خودای یەهودی و مەسیحی جیا کردەوە.

بەهەرحاڵ هەرچەندە خودایەکی مۆنۆتەییسم وەك لە باوەڕی ئیسلامدا هاتووە، خودایەکی دەرنشین، یان سەرنشین بوو، بەڵام لە نەریتی ئیســلامدا ئــەوەش هاتووە کە خودا دێتە ســەرزەوی و لە بەندەکانی نزیك دەبێتەوە و هەندێ بەندەی خوداش دەگەنە ئاستێ کە دەتوانن بە چاویان خودا ببینن، بە گوێی ئەو ببیســتن، بە دەســتی ئەو دەست ببەن و بە پێی ئەو هەنگاو بنێن. ئەم خودایەی کە ئیســلام باوەڕی پێیەتی و قورئان خۆی وەسفی دەکات، لە هەندێ شوێندا ئاماژە بۆ دەست و چاوی دەکات و شوێنی وەك عەرشی لە ئاسمان بۆ دیاری دەکات. ئەم خودایە لەم فۆرمەدا دواجار کێشە و گرفتی بێئەندازی بۆ بیرمەندانی ئیسلامی پاش پەیامبەر محەمەد خوڵقانــدووە، کە لە ناو زانایانی کەلام و فەیلەســوفە موســڵمانەکاندا ڕوونتر خۆی نیشــاندا. ئەویش لە دوو چەمکی وەك زاتی خودا و ســیفاتی خودا دوو بەرەی پڕ لە ململانێی فکری و ڕۆشــنبیری و بگرە خوێناویشی هێنایە ئاراوە، کە لە دوو گرووپی وەك زانستی کەلام (موعتەزیلە و ئەشعەری)دا پتر خۆی بینییەوە. ئەم بابەتە لە بەشی کتێبی پیرۆز پتر ڕۆشنی دەکەینەوە.

**مێژووی هزری مرۆڤایەتی ئەوە دەردەخات کە پێناسەکردنی خودا، یان دیاریکردنی شوناس و سیفاتەکانی خودا، مرۆڤ لەوەتی چاوی کردۆتەوە و لەو هەستەی خۆی سەبارەت بە بوونی خودایەک هۆشیار بۆتەوە، ئەو هەستە خەریکی کردووە و لە ڕەنگکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، کاریگەری تایبەتی خۆی هەبووە**

**خودا لە فۆرمی مۆنۆتەییسمیدا خودایەکی تاک و کامڵ و نەگۆڕە، سەرچاوەی ئەم گەردوونەیە و لە هیچەوە گەردوونی بەدیهێناوە، چاوەڕوانی ئەوەشە کە مرۆڤ و هەرچی هەیە ئەو بپەرستن و ملکەچی یاساکانی ئەو بن**

# ئیسلام پێویستی بە زانای ئایینی هەیە نەک پیاوی ئایین



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت
asidiq1962@yahoo.com

ئەو ڕۆژەی خەڵك بە ئایینی ئیسلام ئاشنا بوو، ڕۆژێکی یەکجار مێژوویی و بێوێنە بوو، چونکە ئیسلام کۆتایی هێنا بە مۆنۆپۆڵکردنی حەقیقەت لای تەنها کەسێك، یان لایەنێك، یان توێژێك، کە هەزار ساڵی ماوەی حوکمڕانی پیاوانی ئایینی لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست، جۆرێك لەم بۆچوون و فەرمانڕەواییەی هێنابووە بوون.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە دواتر ئەم جۆرە شێوازی بیرکردنەوەیە پەڕییەوە جیهانی موسڵمانان و هەندێك لە بیرمەندانی ئیسلامیی عەرەبیش ئەم بیرۆکە ترسناکەیان تێکەڵ بە فەرهەنگی ئیسلامی کرد، کە تا ئێستاش زیانەکانی بەرچاو دەکەون لە کار و هزری ئەو کەس و گرووپانەی کە بڕوایان بە قەتیسکردنی تێگەیشتن لە ئایینە لەدەستی تەنها کەسێك، یان لایەنێك.

بۆیە جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەهەندێك لەو نیشانەو ڕەفتارانە بدەین کە پیاوی ئایینییان پێ جیادەکرێتەوە لە زانای ئایینی، لەوانە:

١- ئامانجی پیاوی ئایینی سەپاندنی تاکڕەویی ئایینی و دیکتاتۆریی ئایینییە، بەڵام ئامانجی زانای ئایینی پابەندبوونە بەسەلماندنی ڕاستییەکان و ڕێزگرتن لە ڕای جیاواز و سنگفراوانیی ئایینی و قبووڵکردنی ئەوانی دی.

٢- پیاوی ئایینی پێیوایە شەرعییەت و باڵادەستیی خۆی لە خواوە وەرگرتووە و نابێت کەس چاودێری بکات و ڕەخنەی لێبگرێت، بەڵام زانای ئایینی خۆی بە مرۆڤ دەزانێت، قسەکانیشی قابیلی هەڵەن و ڕەخنەش قبووڵ دەکات.

٣- پیاوی ئایینی خۆی بە حاکم دەزانێت بەسەر خەڵکەوە، بەڵام زانای ئایینی خۆی بە حەکەم دەزانێت لە نێو خەڵکدا.

٤- پیاوی ئایینی بڕوای وایە کە تێگەیشتن و قسەکردن لەبارەی ئایینەوە تەنها لە دەستی ئەوان و پیاواندایە، بەڵام زانای ئایینی لای وایە کە قسەکردن و تێگەیشتنی هەر کەسێکی دیکەی زانا و شارەزا (چ پیاو چ ئافرەت) جێگەی بایەخپێدان و قبووڵکردنە.

٥- پیاوی ئایینی خۆی بە نوێنەری خودا دەزانێت لە سەر زەویدا، بەڵام زانای ئایینی خۆی بە هەڵسووڕێنەری بەشێك لە کاری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەزانێت .

٦- پیاوی ئایینی بڕوای بە سەپاندنی یەك ئایین هەیەو، لەنێو ئەو ئایینەشدا تەنها یەك ڕێباز، بەڵام زانای ئایینی بڕوای بە ئازادیی بیروڕا و ئازادیی ئایین و هەڵبژاردنی ڕێبازی ئایینی هەیە.

٧- پیاوی ئایینی دێت دەقەکان لەبەر ڕۆشنایی ڕاڤە کۆنەکاندا ڕاڤە دەکاتەوە و، گوێی لە بەرژەوەندیی مرۆڤەکان و جیاوازی شوێن و کات نییە، بەڵام لای زانای ئایینی زیاد لەتەفسیرێك هەیە بۆ هەر ئایەتێك و زیاد لە ڕاڤەیەکیش هەیە بۆ هەر فەرموودەیەك، لەبەر ڕۆشنایی جیاوازیی سەردەم و شوێنەکاندا.

٨- پیاوی ئایینی بڕوای وایە کە هەر خۆی خاوەنی لێکدەرەوەی دەقەکانەو، هەر خۆیشی هەڵدەسێت بە جێبەجێکردنیان، واتە لەیەك کاتدا هەر خۆی بڕیاردەرە و جێبەجێکاریشە، بەڵام زانای ئایینی لای وایە ئەو یەکێکە لە ڕاڤەکاران و ئەرکیشی ئاگادارکردنەوەو هۆشیارکردنەوەیە و، ئەرکی جێبەجێکردنیش بە دامودەزگاکانی دەوڵەت دەسپێرێت.

٩- پیاوی ئایینی لای وایە دەبێت ئەوان خاوەن دەستەیەکی دینی ئەوتۆبن لەسەرووی کۆمەڵگەوە، بەڵام زانای ئایینی بڕوای وایە کە ئەوان خاوەن ڕێکخراو و کۆمەڵەیەکن لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا بۆ ڕێنماییکردنی هەردوولایان.

١٠- پیاوی ئایینی دەست دەخاتە وردەکاریی ژیانی تاك و بڕیارەکانی دەسەڵاتەوەو یەك بژاردە فەرز دەکات، بەڵام زانای ئایینی هێڵە گشتییەکانی ئایین و زیاد لە ڕێگە چارەیەك بۆ هەر کێشەیەك دەخاتەڕوو، تاك و دەسەڵاتیش لەهەڵبژاردنی باشترینیان سەرپشك دەکات.

١١- پیاوی ئایینی دوو قسەی هەیە، یەکێکیان نهێنی و بۆ بازنە تەسکەکانی دەوروبەرێتی، یەکێکیشیان ئاشکرایەو بۆ دەرەوەیەتی، بەڵام زانای ئایینی یەك قسەی ڕاست و ڕەوانی هەیەو، ئەوەی لە دڵێتی لەسەر زارێتی و، بۆ دوور و نزیك یەك قسەی هەیەو گوێی لە لۆمەی خەڵك و ترسی لە دەسەڵات نییە.

١٢- پیاوی ئایینی بەردەوام دوور لە ئەقڵ، خەریکی نەقڵکردنی نموونە وەهمی و خەیاڵاوییەکانە کە لە واقیعدا بوونیان نییە و نابێت، بەڵام زانای ئایینی باس لەواقیع دەکات و بەئەقڵ نموونەکانی ڕابردوومان بۆ نەقڵ دەکات.

جالەبەر ئەمانەو زۆرێکی دی لەم هۆیانە، ئایینی ئیسلام لەگشت سەردەمێکدا پێویستە زانای ئایینی هەبێت، نەك پیاوی ئایین.



یۆسی مکلبێرگ
تۆێژەری باڵا لە ئامۆژگای چاتام هاوسی بەریتانی بۆ گوڵان:

# ئەنجوومەنی ئاسایش
# نەک توانای چارەسەرکردنی کێشەکانیان نییە
# بەڵکو ناشتوانن ئیحتیوایان بکەن

**پرۆفیسۆر یۆسی مکلبێرگ توێژەرەی باڵایە لە ئامۆژگای چاتام هاوسی بەریتانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆسەی ئاشتی ئیسرائیل -فەلەستین و ئاسایشی ئەو ناوچەیە، بۆ قســە کردن لەسەر بارودۆخی ئێســتای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو تەحەددی و مەترسییانەی رووبەڕووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتەوە، هەروەها کاریگەریی شەڕی داعش لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و جیهان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** هەمــوو ناوەندەکانی توێژینەوە لە جیهاندا باس لەو تەحەددییانە دەکەن کە لە ئێستادا رووبەڕووی سیستمی جیهانی دەبێتەوە، بە رادەیەك کە باسی هەڵوەشانەوە ئەو سیستمە دەکەن، بەڵام ئەمریکا نکۆڵی لێدەکات، ئایا بە بۆچوونی ئێوە، بۆچی ئەمریکا ئەم ترسە دەشارێتەوە لە کاتێکدا سەرجەم جیهان هەستی پێدەکات؟**

- هەتا ئێســتا سیســتمی جیهانی هەرەسی نەهێناوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە سیســتمی جیهانــی رووبەڕووی تەحەددییەکــی زۆر بۆتــەوە، هەســتێك هەیــە بە گەڕانەوەی شەڕی ســارد، دەبینین ئەوەی روودەدات لە ئۆکرانیا و ئەو رۆڵەی رووســیا و سەرۆك ڤلادیمێر پۆتین دەیبینێت. کەواتە بــە دڵنیاییەوە لەم قۆناغەی دوای شــەڕ سارد، تەواو ئاشــکرایە کە تەحەددی بۆ هەژمونی ئەمریکا دروســتبووە. بێگومــان ئەمریکا رووبەڕووی تەحــەددی گەورە بۆتەوە، بەڵام ئایا ئەمە هەرەســهێنانە، یان گۆڕانکارییەکــی رادیکاڵییانەیە؟ ئەمە بابەتێکە پەیوەســتە بە پێناســەکردنەوەی جۆری ئــەو گۆڕانکارییانــەی روودەدەن، بەتایبەتــی ئــەو گۆڕانکارییانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا و لەگەڵ ســەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و هەڵکشانی بزووتنەوە رادیکاڵەکانــی وەك داعــش روو دەدەن، ئــەوا هیچ گومانێك هەڵناگرێت کە ئەمــە تەحەددییەکی مەزنە و لەبەرامبەر ئەم مەترســییە گەورەیەدا رۆژئاوا و ناتۆ چارەســەرێکیان پێ نییە. تەنانەت لە ناکۆکیی نێوان عەرەب و ئیسرائیلیشــدا جۆن کیری و ئیدارەی ئۆباما شکســتێکی تەواو گەورەیان هێناوە. خۆ ئەگەر ئەوەش زیــاد بکەین کە لە نەیجیریــا روودەدات لە پەیوەندی بە بۆکۆ حەرامــەوە، هەروەها هەڵکشــانی بزووتنەوە راستڕەوەکان و دژایەتی کۆچبەران لە یەکێتی ئەورووپا، ئەوا لە هەموو رویەکــەوە ئەمانە تەحەددی مەزنن بۆ سیستمی جیهانی. ئایا ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەورووپا لە ئاست ئەم تەحەددییانەدا دەبن، ئەوا زەمەن وەڵامـمان دەداتەوە.

*** ئەو تەحەددییانەی ئێستا جیهان رووبەڕووی دەبێتەوە، بریتین لــە گۆڕانکاریی جیوپۆلەتیکی، نەك تەنها لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا، بەڵکو لــە ئەورووپاش. ئایا هاوڕانین لەگەڵ ئەوەی ئەمە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی شەڕی سارد؟**

- بە دڵنیاییەوە، لە دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت لــە ســاڵی ١٩٨٩ و ١٩٩١. ئەمریــکا هەژمونێکی ئاشکرای بەسەر جیهاندا هەبووە، لە هەمان کاتدا رووسیا زۆر پێویستی بە پشتیوانی ئەمریکا بوو بۆ دەربازبوون لە پاشــماوەی کۆمۆنیزم، ئێستا ئەمە حاڵەتەکە نییە و گۆڕانکاری بەســەردا هاتووە. لایەنی بەهێزی شەڕی سارد لە ئارادایە، ئەگەرچی ئەمە شەڕی سارد نییە، بەڵام تەحەددی بەهێز بۆ ئەمریکا دروستبووە. هەروەها دەبێت لە نیگەرانییە رەواکانی رووسیا تێبگەین لە ئاست بەرفراوانکردنی ناتۆ و بەرفراوانکردنی یەکێتی ئەورووپا بۆ ســەر سنوورەکان و ئاسایشی ئەو وڵاتە، بۆیە ئەمە پرســە لەوە دوورتر دەڕوات و ئەمە هەوڵی رووســیایە بۆ گەڕاندنەوەی ئەندازەیەك لە دەسترۆیشــتوویی لە ناوچەکەدا، بە دڵنیاییەوە رەوشە ئابوورییەکە - بەهۆی دابەزینــی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی بەهای رۆبڵ- کاریگەرییــان لەســەر توانای رووســیا دەبێت لەوەی نەتوانێت تا سنوورێکی دوور بڕوات. ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە هەفتەی رابردوو گەیشــتن بە رێککەوتنێك. هەرچۆنێك بێت، ئێستا دۆخەکە بەرەو هاوسەنگییەکی نوێ دەڕوات، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین کە چ هاوسەنگییەکی نوێ دروست دەکرێت.

*** لە رووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددی و مەترسییانەدا هیچ دەوڵەتێك بە تەنها ناتوانێت ئاسایشی خۆی دەستەبەر بکات و هەموو لایەك پێویستی بە هاوپەیمانێتی هەیە لەســەر ئاستی ئاسایش و سەربازی، ئایا پێتانوایە لەو هەلومەرجەی ئێستای جیهاندا دەتواندرێت هاوپەیمانێتی بەهێز پێکبهێندرێت؟**

- ئەوە کردەوە تیرۆریســتییەی پێشتر لە پاریس روویدا

**میکانیزمێک نییە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی گۆڕانکارییەکانەوە و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعە نوێیەکاندا، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەرئەنجامەکەشی بە شێوەیەک لە شێوەکان تەقینەوەی توندوتیژییە**

**ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و چین و رووسیا لە بری دۆزینەوەی رێگەچارەی درێژخایەن گەمەیەکی کورتخایەنیان کرد**

**ئەو تەحەددیەی کە شەڕی ناوخۆیی سووریا رووبەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردۆتەوە، دەقاودەق کەلێن و کەلەبەرێکی دروستکردووە لە نێو کۆمەڵگەی سووریدا کە گرووپەکانی چەشنی ئەلقاعیدە و بەرەی نوسرە و ئێستاش داعش پانتاییەک بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی خۆیان بدۆزنەوە**

**لە دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٨٩ و ١٩٩١. ئەمریکا هەژموونێکی ئاشکرای بەسەر جیهاندا هەبووە، لە هەمان کاتدا رووسیا زۆر پێویستی بە پشتیوانی ئەمریکا بوو بۆ دەربازبوون لە پاشماوەی کۆمۆنیزم، ئێستا ئەمە حاڵەتەکە نییە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە**

**ئەوەی لە سووریا روودەدات ئاماژەیەکی زۆر روونە نەک تەنها لەسەر لاوازیی بونیادی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵکو لەسەر ئەو سیستمە جیهانییەی لە ئارادایە و ئەو تەرتیباتە ئەمنییانەی لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا گیراونەتەبەر**

و ئەوەی چەند رۆژ بەر لە ئێستا لە دانیمارك روویدا، هەروەها ئەوەی لە عێراق و سووریا و بە هەمان شێوە لە لیبیا روویداوە، ئەمانە بەراستی دۆخێکی مەترسیداریان دروستکردووە بۆ زۆرێك لەو وڵاتانە، هەروەها لە پەیوەندی بە رووسیاوە، تەنها کارکردن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی رەنگە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. لەبەر ئەوە دەبێت یەکگرتوو بین لە ئاست ئەم تەحەددیيانەدا، هەم لە ناو ئەورووپا و هەم لە دەرەوەی ئەورووپا، ئەگەرنا تەشەنە دەکەن و بڵاو دەبنەوە. کاتێك دەڵێم رووبەڕووی ئەم مەترسییانە ببینەوە، تەنها مەبەستم بەرەنگاربوونەوەی سەربازی نییە، ئەگەرچی ئەمە لایەنێکی ئەو بەرپەرچدانەوەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت مەترسییەکانی عێراق و شەڕی ناوخۆیی سووریا و کێشەی حوکمڕانی لە لیبیا چارەسەر بکرێن، کەواتە چەندەها کێشەی دژوار هەن کە دەبێت چارەسەر بکرێن، ئەگەر ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێن، ئەوا حکومەت لاواز دەبێت و کۆمەڵگە لێکدەترازێت و ئەو بۆشاییەش بزووتنەوە رادیکاڵەکان پڕی دەکەنەوە و ئەو پشێوی و شڵەژانە دروستدەکەن کە هاتۆتەئاراوە. هەر بۆ نموونە ئەوەی لە سووریا روودەدات ئاماژەیەکی زۆر روونە نەك تەنها لەسەر لاوازیی بونیادی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵکو لەسەر ئەو سیستمە جیهانییەی لە ئارادایە و ئەو تەرتیباتە ئەمنییانەی لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا گیراونەتەبەر. لە راستیدا کەس وەك پێویست هەڵگری چارەسەرێکی راست و دروست نییە کە لە ئاست تەحەددییەکەدا بێت. ئەو تەحەددیەی کە شەڕی ناوخۆیی سووریا رووبەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردۆتەوە، دەقاودەق کەلێن و کەلەبەرێکی دروستکردووە لە نێو کۆمەڵگەی سووریدا کە گرووپەکانی چەشنی ئەلقاعیدە و بەرەی نوسرە و ئێستاش داعش پانتاییەك بدۆزنەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی خۆیان، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیانتوانی چارەسەرێك بخەنەڕوو، ئەم لایەنانە نەیانتوانی بگەنە رێککەوتن لە نێو خۆیاندا، ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و چین و رووسیا لە بری دۆزینەوەی رێگەچارەی درێژخایەن گەمەیەکی کورتخایەنیان کرد، یەکێك لە لاوازییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە لە قەیرانێکەوە بەرەو قەیرانێکی دیکە دەڕوات و چارەسەری ئەوپەڕی کورتخایەن دەخاتەڕوو، لەبری مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستیە درێژخایەنەکانی وەك چارەسەرکردنی پەرەسەندن و پەروەردە و یەکسانی جێندەری و حوکمڕانی باش و شەفافیەت و ئیحتیواکردنی رادیکاڵیزم و ئەو سەرنجڕاکێشانەی رادیکاڵیزم دروستی کردووە. ئەوەی لە سووریا روودەدات پەردە لەسەر لاوازیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش لادەدات و نەبوونی میکانیزمێکی دەرخست نەك تەنها بێتوانان لە چارەسەرکردنیدا، بەڵکو بێتوانان لە ئیحتیواکردنیشیدا.

*** ئەگەر ئەمە جەوهەری کێشەکە بێت، بۆچی هەوڵ نەدراوە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە لەسەر بنەمایەکی مۆدێرن؟ هەروەك سەرۆك بارزانی رایگەیاند کە دووبارە سنوورەکان بە خوێن دادەڕێژرێنەوە؟**

- ئەمە واقیعێکی جێی داخە، کە پرسەکان لە رێی دیالۆگ و گفتوگۆوە یەکلاناکرێنەوە و خەڵکی توانای ئەوەیان نەماوە کە لە واقیعە نوێیەکە بڕوانن و بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەری بکەن، لە دەرئەنجامی ئەوەدا، هێزە رادیکاڵەکان پێیانوایە لە رێی خوێنڕشتنەوە- هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد- یاخود بەکارهێنانی هێزەوە ئەم پرسانە یەکلا دەبنەوە. دووبارەی دەکەمەوە میکانیزمێك نییە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی گۆڕانکارییەکانەوە و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعە نوێیەکاندا، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەرئەنجامەکەشی بە شێوەیەك لە شێوەکان تەقینەوەی توندوتیژییە، ئەوەی پێویستە دروستکردنی میکانیزمێکە کە گرووپەکان بتوانن گفتوگۆ بکەن لەبارەی واقیعە نوێیەکانەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی ئەوەی لە دوای بەهاری عەرەبییەوە هاتووەتە ئاراوە. ئەزانم ئێوە ئاماژە بە نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی دەدەن.

*** بە تێڕوانینی ئێوە لەگەڵ بوونی ئەم کێشانەدا، چۆن هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆریزم دەتوانێت شکست بە داعش بهێنێت؟**

- پێموایە دەبێت پرسیارەکە دابەش بکەین بۆ دوو لایەن، لای یەکەمیان چارەسەرێکی سەربازی بەپەلە بۆ راگرتنی توندوتیژیی داعشە، حاڵی حازر ئەمە بەدی دەکەین- ئەگەرچی سەرکەوتنێکی زۆر سنوورداریشی بەدەستهێناوە-، وێنە گەورەکە ئەوەیە تەنانەت ئەگەر داعش تێکبشکێندرێت، چۆن ناوچەکە بە شێوەیەك دابڕێژرێتەوە کە چیتر نەبێتەهۆی راکێشانی خەڵکانێك- هەرچیەك بن- بۆ نێو ئەم جۆرە بزووتنەوانە؟ چۆن رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت کە کۆمەڵگەیەك دروست بێت کە هەموان لە خۆبگرێت و حوکمڕانی باشی تێدا پیادە بکرێت و شەفافیەت هەبێت و هەموو کەس بەرژەوەندی هەبێت لە بەرگریکردن لە کۆمەڵگەکە، کە ببێتە هۆی پەراوێزخستنی رادیکالیزەبوون. ئەوەی بینیمان نیشانەی نەبوونی حوکمڕانی باشە لە رۆژهەڵاتی



ناوەڕاست و نیشانەی هەرەسهێنانی سیستمە کۆنەکەیە کە هەوڵدرا بۆ بونیاتنانی سیستمێکی باشتر لەبری سیستمی پێشوو، سیستمێك کە خەڵکی خۆیانی پێکەوە گرێ بدەن، لە دەرئەنجامدا بارودۆخێکی توند هاتە ئاراوە، لەبەر ئەوە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر پێویستمان بە گۆڕانکاری بەرەو کۆمەڵگەیەك هەیە کە هەمووان لە خۆبگرێت و هەست بە ئینتیما بکەن بۆی، ئیدی لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێستادا بێت، یان نا. ئەوا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین.

*** تاکە هێزێك کە توانیویەتی بەر بە پێشڕەوی داعش بگرێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانن، تا چ رادەیەك پێویستە جیهان بۆ لە ناوبردنی تیرۆریستانی داعش پشتیوانی لە هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بکات؟**

- حاڵی حازر پاڵپشتی هەیە و لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر هاوکاری دەستەبەر دەکرێت بۆ پێشمەرگە و من گوێم لە سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو کە باسی لە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ دەکرد لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا. پێموایە پێویستی بە پێکەوە کارکردنی ئەو هێزانەیە کە دەیانەوێت بەر بە پێشڕەوی داعش بگرن و ئەوەی دەیبینم و ئەوەی دەیبیستم پشتیوانییەکی روو لە زیادە، هەر کاتێك شەڕ هەبێت دەبێت بیر لە دوای شەڕ بکرێت، چۆن لە دوای شەڕەکەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرێت و چ جۆرە خۆبەڕێوبەریەکی (ئۆتۆنۆمی) و رەنگە هەندێ کەس بڵێن سەربەخۆیی قبوڵ دەکرێت، پێموایە لە ئێستادا تەرکیزەکە لەسەر پشتیوانیکردنی پێشمەرگە و ئەو هێزانەیە کە شەڕی داعش دەکەن. کەواتە دەبێت لە ئێستاوە بیر لەوە بکەوەنەوە، دوای گرتنەوەی موسڵ و تیکشکاندنی داعش چی روودەدات. دەزانم کوردەکانی کوردستانی عێراق بە رۆژگارێکی سەختدا تێدەپەڕن و رۆژگارێکی ئاسان بەرێناکەن، بۆیە لە هەموو روویەکەوە ئومێدی خۆشبەختی بۆ سەرجەم کوردەکان دەخوازم.

دەزانم کوردەکانی کوردستانی عێراق بە رۆژگارێکی سەختدا تێدەپەڕن و رۆژگارێکی ئاسان بەرێناکەن، بۆیە لە هەموو روویەکەوە ئومێدی خۆشبەختی بۆ سەرجەم کوردەکان دەخوازم

# قەیرانە نوێیەکان لە عێراقدا
# کێشەی ناسنامە و قەیرانی ئاسایش



هەڵکەوت حیکمەت مەلا عەلی*

دەوڵەت، یان وڵاتی عێراق بە هۆی تایبەتمەندی جیۆپۆلۆتیکی بە یەکێك لە گەمەکەر و کارەکتەرە سەرەکییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتە هەژمارکردن. ئەم وڵاتە بە قەد ئەوەندەی گۆڕانکارییە ناوچەییەکان کاریگەری لە سەر دروستدەکەن، بە هەمان قەبارەش کاریگەری لە سەر گۆڕانکارییە ناوچەییەکان هەیە. رووداوەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ناوەڕاستی ساڵی رابردوو لە عێراق روویاندا، بەتایبەتی هێرشی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش بەناو (دەوڵەتی خەلافەت) کە توانییان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ناوچەگەلێکی بەرفراوان لە خاکی عێراق و بەشێك لە خاکی کوردستان داگیر بکەن.

عێراق لە سەر ئەرزی واقیعدا لە سەر ئاستەکانی جیۆپۆلۆتێکی، سیاسی، ئابووری، سەربازی و کۆمەلایەتی، وڵاتێکی لێکترازاوی دابەشکراوە. ئەم وڵاتە بەشێوەیەکی گشتی و لە بنەڕەتدا رووبەڕووی قەیرانگەلێکی هەمەجۆرە بووەتەوە، وەك قەیرانی نەبوونی متمانەی سیاسی لە نیۆ پێکهاتە سەرەکی و جۆربەجۆرەکانی ئەم وڵاتە، نەبوونی کۆدەنگیی نیۆدەوڵەتی و ناوچەیی سەبارەت بە ئایندە و چارەنووسی ئەم وڵاتە، زۆر لەمانەش گرنگتر بابەتی سەربەخۆیی کوردستانە.

عێراق یەکێکە لە دەوڵەتە دروستکراو و تەقلیدیەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پاش یەکەم جەنگی جیهانی لە سەر خواستی دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمەکانی ئەورووپا و بەتایبەتی بەریتانیا بە پێکەوە لکاندنی هەر سێ ویلایەتی پێشووتری ئیمپراتوریەتی عوسمانی واتە ویلایەتەکانی بەغداد، بەسرە و موسڵ دروست بوو. ئەم وڵاتە هەر لە سەرەتاوە کێشەی نەتەوەیی، نەژادی، تائیفی و مەزهەبی هەبووە. عێراق هەر لە بنەڕەتەوە لە فاکتەرەکانی هاوبەش وەك: زمان، نەتەوە، نەژاد، مەزهەب، خاك و پاشخانێکی مێژوویی هاوبەش) بێبەش بووە، کە لە روانگەی زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو فاکتەرانە گرنگن بۆ بونیادنان و خۆڕاگرتنی یەکێتیەکی نەتەوەیی مۆدێرن.

عێراقی بە زۆر دروستکراوی تەقلیدی بە درێژایی مێژووی کۆن و نۆی گیرۆدەی دوو قەیران و لێکترازانی گەورە بووە، ئەوانیش قەیران و لێکترازانی نەژادی و نەتەوەیی و قەیران و لێکترازانی مەزهەبی. قەیران و لێکترازانی یەکەم لە نێوان عەرەبی عێراقی و کوردەکان، لێکترازانی دووەمیش لە نێوان شیعە و سوننەکانە، ئەم لێکترازان و قەیرانانە بە جۆرێکە کە چارەسەرکردنیان زۆر دژوار و سەختە. نەبوونی پێشینەیەکی مێژوویی هاوبەش لە نێوان ئەم سێ لایەنەدا گەیشتن بە پرۆسەی هاوبەش و تێکەڵبوون و بەشداربوونی راستەقینە لە سەرجەم کایەکانی ژیانی سیاسی عێراقدا دژوار کردووە، ئەم جیاوازییانەش ئەوە نیشان دەدات کە عێراق لە بنەڕەتدا لە سەر بنەمای هاوبەش و بەشداریکردنی راستەقینە بونیاد نەنراوە. واتە پێکهاتەکانی عێراق مێژوویەکی هاوبەشی گونجاویان نییە بۆ پێکەوەژیان .دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق لە رابردوودا هەتاکو ئەمڕۆکەش نەیانتوانیوە زەمینەیەکی هاوبەش و هەمەلایەنی پێویست دابین بکەن بۆ کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی نێو عێراق.

دەوڵەتی عێراق پێش رووخانی سەددام حوسێن بە هەموو

شکستەکانیشەوە لە سەر ئاستی قەومی سیاسەتی سڕینەوەی نەتەوە و ناسنامەکانی دیکەی پەیڕەو دەکرد ئەم دەوڵەتە هەتاکو ساڵی ٢٠٠٣ بە شێوەیەکی سیستماتیك لە هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردنی نەتەوەی کورد و شیعەی عێراق بوو.

بە رووخاندنی رژیمی پان عەرەبیسمی سەددام حوسێن و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی چەندین دەیەی عەرەبی سونن، کۆتایی بە سیاسەتی سڕینەوەی ناسنامەکان لە نێو عێراقی پاش سەددام حوسێن هات، بەڵام لە بەرامبەردا سیاسەتی پێشبڕکێی نەتەوەیی و ناسنامەکان و پێشبڕکێیە مەزهەبی و تائیفییەکان بەرجەستە بوون، لە ئەنجامی بەرجەستەبوونی ئەم مۆدێلە نوێیەشدا وڵات رووبەڕووی گەورەترین قەیرانی سیاسی و ئاسایشی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بوویەوە.لە ئەنجامی ئەم مۆدێلە نۆییەدا دیاردەیەکی وێرانکەر بە ناوی قەیرانی ئاسایش سەریهەڵداوە، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین: سیاسەتی نەتەوەیی و ناسنامەکان و چۆنیەتی شێوازی پێشبڕکێکردنیان دوو جۆر تایبەتمەندی خۆی هەیە:

یەکەم: نەبوونی دەسەڵاتی رەهای یەکێك لە قەومەکان، تائیفەکان، یان ناسنامەکان لە ئاست نەتەوە و ناسنامەکانی دیکەدا، ئەمە دەبێتە جۆرێك لە راگرتنی باڵانس لە نێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەی نێو وڵات، بە جۆرێك کە هێچ لایەنێك توانای پەراوێزخستن و سڕینەوەی لایەنی بەرامبەری نابێت.

دووەم: نەتەوە و ناسنامە مونافسەکان هەر یەکەیان هەوڵی پارێزگاریکردن لە هێز و توانەکانی خۆیان دەدەن و هەر لایەك هەوڵی سڕینەوەو لەنێوبردنی ئەوی دیکە دەدات، لە حاڵەتێکی وەهاشدا قەیرانی ئاسایش سەرهەڵدەدات.

چەمکی قەیرانی ئاسایش یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە ناوەندەکان و قوتابخانەکانی ریالیزمی نوێ و لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا زۆر گفتوگۆی لە سەر دەکرێت. لە دیدگای پسپۆڕانی ریالیزمی نوێ، قەیرانی ئاسایش بریتییە لە نەبوونی متمانە لە نێوان ئەکتەرە سیاسییەکان بە هۆی نەبوونی حکومەت و دەسەڵاتێك کە رەنگدانەوەی هەموو پێکهاتەکان و زامنی دابینکردنی مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەمووان بێت، هەر ئەوەش هۆکار دەبێت کە ئەکتەرە سیاسییەکانی دیکەی نێو وڵات بەردەوام ترس و نیگەرانییان هەبێت لە زیادبوونی دەسەڵات و هێزی لایەنی بەرامبەر.

ئەو مۆدێلە حوکمڕانییەی کە ئەمڕۆ لە عێراقدا هەیە، نەك نەیتوانیوە پەیوەندی نێوان نەتەوە و ناسنامە جیاوازەکان رێکبخات، بەڵکۆ بە پێچەوانەوە زەمینەسازی کردووە بۆ هەرچی زیاتر برەودان بە پێشبڕکێ و دروستکردنی گرژی لە نێوان ناسنامەکاندا. هەندێ لە توێژەران لە لێکۆڵینەوەیان لە پرۆسەی دەوڵەتداری و نەتەوەسازیدا باسی ئەوەیان کردووە کە مۆدێلی فیدراڵیزم لەو وڵاتەدا رووبەڕووی شکست دەبێتەوە، لە رۆانگەی ئەوانەوە بونیادنان و خۆڕاگرتنی دیموکراسییەکی ئەسڵ لە چوارچێوەی فیدراڵیسم لە عێراقدا دژوارە.

ریچارد هالبوروك نوێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت: کۆنترۆڵکردنی عێراق لە رێگەی پرۆسەی دیموکراسی کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە عێراقدا گرژیی قەومی و تائیفی مێژوویەکی زۆر قووڵ و دوور و درێژی هەیە.

دیموکراسی لە عێراقدا نەك تەنها نەتوانرا بە دامەزراوەیی بکرێت و بنەما سەرەکییەکانی بچەسپێت، بەڵکو دەرئەنجام بە هاتنە سەر دەسەڵاتی حکومەتگەلێکی زۆرینەی شیعە، میرات و پرۆسەکانی دەسەڵاتی قۆناغی عەرەبی سوننە دووبارە کرانەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم دەسەڵاتە نوێیە خاوەنی هەمان هێز و دەسەڵاتی پێشتری پۆست سەددام نییە.

ئامادەیی هێزە بیانییەکان بەتایبەتی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا توانیبووی باڵانس لە نێوان هێزەکان و لایەنەکان رابگرێت، هەروەها رێگر بێت لە تەشەنەسەندن و پەرەسەندنی گرژییە نەتەوەیی و تائیفییەکان، بەڵام بە رۆیشتنی ئەو هێزانە لە ٢٠٠٣ دا جارێکی دیکە عێراق گەڕایەوە بۆ قۆناغی کێشمەکێشە نەتەوەیی و تائیفی و ناسنامەکان لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە بووە گۆڕەپانی تاودانی ئەسپی ئەکتەرە ناوچەییەکان. دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا وەك ئەو بزمارە وابوو کە لە تابووتی دەوڵەت و میللەتی عێراق بە گشتی درا.

بەداخەوە ناتوانین چاوەڕێی ئایندەیەکی گەش بۆ عێراق بکەین. رووداو و کارەساتەکانی ئەم دواییەی عێراق و بەتایبەتی ئامادەیی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە سنووریکی بەرفراوانی ئەم وڵاتەدا و شەڕی مێژوویی تائیفی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە و کێشە چارەسەر نەکراو هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و نەبوونی کۆدەنگیی نێودەوڵەتی و ناوچەیی سەبارەت بە چارەنووس و ئایندەی عێراق و بوونی قەیرانی گەورەی ئاسایش زۆر شتی گەیاندووەتە حاڵەتی بنبەست. ئەوەی کە ئەمڕۆکە دەبیندرێت لەم وڵاتەدا پەرەسەندنی گرژی و نائارامییە لە نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی نێو عێراق . رووداوەکانیش ئەوەمان پێشان دەدەن کە ئەم وڵاتە لە قەیرانێکی گەورەی بێمتمانەییەدا گوزەر دەکات، دەوڵەتی ئەمڕۆکەی عێراق وێنەی دەوڵەتێکی شکستخواردووی هەیە، ئەمەش زەمینەی بۆ گرووپێکی تیرۆریستی وەك داعش فەراهەم کردووە.

---

***یاساناس و ئەندامی بۆرد و بەرپرسی پەیوەندییەکان و راگەیاندن لە کۆنگرەی زانستی جیهانی کورد.**

**دیموکراسی لە عێراقدا نەک تەنها نەتوانرا بە دامەزراوەیی بکرێت و بنەما سەرەکییەکانی بچەسپێت، بەڵکو دەرئەنجام بە هاتنە سەر دەسەڵاتی حکومەتگەلێکی زۆرینەی شیعە، میرات و پرۆسەکانی دەسەڵاتی قۆناغی عەرەبی سوننە دووبارە کرانەوە**

**ئەو مۆدێلە حوکمڕانییەی کە ئەمڕۆ لە عێراقدا هەیە، نەک نەیتوانیوە پەیوەندی نێوان نەتەوە و ناسنامە جیاوازەکان رێکبخات، بەڵکو بە پێچەوانەوە زەمینەسازی کردووە بۆ هەرچی زیاتر برەودان بە پێشبڕکێ و دروستکردنی گرژی لە نێوان ناسنامەکاندا**

**عێراق هەر لە بنەڕەتەوە لە فاکتەرەکانی هاوبەش وەک: زمان، نەتەوە، نەژاد، مەزهەب، خاک و پاشخانێکی مێژوویی هاوبەش بێبەش بووە، کە لە روانگەی زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو فاکتەرانە گرنگن بۆ بونیادنان و خۆڕاگرتنی یەکێتیەکی نەتەوەیی مۆدێرن**

# خوێندنەوەیەک بۆ دیدی سیاسی فازڵ میرانی



د.نەجدەت ئاکرەیی

سیاسەتمەداری کورد بەڕێز ( فازڵ میرانی ) لەم کتێبەدا ئاماژەی بە پوختەی خەباتی سیاسی شۆڕشگێڕی و مەدەنی کردووە لە ڕوانگەی بۆچوونەکانی لە دیدارەکانی لەگەڵ میدیاکانی کوردستان و عێراق و عەرەبی و جیهانی، لەم دیدارانەشدا شیکردنەوەی هەمەلایەن دەخوێندرێنەوە لەسەر زۆربەی کێشە و بابەتەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و لایەنە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا.

هەڵبەتە ئەزموونی پتر لە نیو سەدە لە بواری سیاسەت جێی ئەوەیە کە شیکردنەوە و خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەبێت بۆ زۆر لە مەسەلەکان لە ڕوانگەی قوتابخانەی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەریی (پارتی و بارزانی)دا، بەتایبەتی ئەگەر بزانین نزیکی بەڕێزیان لە گرنگترین هەنگاو و بڕیارە چارەنووسسازەکانی پەیوەست بەگەلی کورد و کوردستان و عێراق و تەنانەت بوارەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی. ئەوەی لەم کتێبەدا بەدیدەکرێت هەندێکیان دیداری بەڕێزیانە لەگەڵ کەناڵە ئاسمانییەکان و هەندێکی تر بیروبۆچوونی نووسەرەکانە کە ناسراون لە نێوەندە جیهانی و نیشتمانی و عێراقی و کوردی و عەرەبی و تەنانەت بیانیش، کە خۆی لە (٤٠) بابەتی هەمەجۆر دەبینێتەوە، کە نیشانەی دۆستایەتی و دڵسۆزی بەڕێزیان بە دیار دەکەوێت. هەروەها ڕێزێکی تایبەتی ئەم نووسەرانە بۆ دۆستایەتی ئەم بەڕێزە بەدیار دەکەوێت.

بەڕێز (خەلیل بەرواری) نووسەرێکی کوردی خاوەن ئەزموونە هەڵساوە بەم ئەرکە و زۆر ماندوو بووە لە هەوڵ و کۆششەکان دەربارەی کۆکردنەوەی ئەم بابەتانە و دەستنیشانکردنی ناونیشانەکانی ئەم کتێبە جگە لە نووسینەکان بریتییە لە ئەرشیفێکی بەرچاوی ئەم بەڕێزە لە مەیدانی خەباتی سیاسی شۆڕشگێڕی و مەدەنیدا.

گرنگی ئەم کتێبە لەوەدا بەدیار دەکەوێت کەوا لە میانەی پەیوەندییە مێژووییەکانی کوردی- عەرەبی شیکردنەوە بۆ بابەتەکان دەکرێت لەلایەن ئەم بەڕێزە لە دیدارەکانیدا.

نووسەری عێراقی (تەیسیر ئالوسی) لە دەروازەیەك بۆ ئەم کتێبە ئاماژە بە ئەزموونی ئەم بەڕێزە دەکات.

بەڕێز (د.منذر الفضل) وەك پێشمەرگە و بیرمەند بابەتەکە شی دەکاتەوە.

نووسەر (حەسەن عەلەوی) وەك مرۆڤی دەوڵەت سەیری ئەم بەڕێزە دەکات.

لەدیدارەکەی لەگەڵ کەناڵی (سکای نیوز)ی عەرەبی مەسەلەکانی دیموکراسییەت و هەڵبژاردنەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان شی دەکاتەوە، هەروەها لە دیدارەکەی لەگەڵ ڕۆژنامەی (المستقبل) بە ڕوونی دەڵێت کەوا کورد هەڵوێستی دەبێت ئەگەر دەستووری عێراق مافە نەتەوەییەکان جێبەجێ نەکات. وێبسایتی (دەنگی کوردستان) ئاماژە بەوە دەکات کەوا بەشداریکردنی ئەم بەڕێزە لە گفتوگۆکانی لەگەڵ بەغدا تایبەتمەندی خۆی هەیە وەك سیاسییەك. لە دیدارەکەی لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) ئاماژە بەوە دەکات کەوا جارێ بارودۆخی تایبەتی و گشتی بە تەواوی بەردەست نییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. پارێزەری عێراقی (حوسێن بدێوی) کە لە (لەندەن) نیشتەجێیە ئاماژە بە دیدی داهاتووی کورد دەکات لە ڕوانگەی ئەم بەڕێزە بە دیدێکی نیشتمانی عیراقی. لە دیداری لەگەڵ ڕۆژنامەنووس (حەبیب نومی) لە ئۆسلۆ ئاماژە بەوە دەکات کەوا سەرۆك بارزانی پارێزەری هەرێمی کوردستانە، لە دیداری لەگەڵ گۆڤاری (الاسبوعية) دەڵێت: دەوڵەتی کوردی خەونێکی دواخراوە، لە دیداری لەگەڵ گۆڤاری (گوڵان) باسی لە پێکهاتەی حکومەتی هەرێم دەکات، و لە دیدارەکەی لەگەڵ کەناڵی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کەوا کێشەکان لەگەڵ بەغدا شەخسی و کەسی نین.

نووسەری کورد (د.بەدرخان سندی) لە ڕۆژنامەی (التآخي) لەدیدارێکدا دەڵێت: ئەم دیدارە بە شەفافییەت

و دڵســـۆزی بۆ پرەنسیپەکانی نیشـــتمانی و نەتەوەیی بووە.

(لوئەی فرنســـیس) رۆژنامەنووس لـــە ڕۆژنامەی (الحقیقة) دەڵێت: لە دیـــدی میرانی پانتاییەکی باش هەیە لە دیموکراسییەت لە هەرێمی کوردستان.

(د.تەیســـیر ئالوســـی) لە شـــیکردنەوەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کەوا کەســـایەتی کوردی لەنێوان پێشهات و داخوازیدایە. لە دیداری کەناڵی (الحرة) بەڕێزیان ئاماژە بەوە دەکات کەوا شۆڕشی ئەیلول کاردانەوەی ئەو ستەمە بوو کە لەو کاتەدا هەبوو لەسەر کورد.

(د.نەجـــدەت ئاکرەیـــی) لە ڕۆژنامـــەی (التأخی) خوێندنەوەیەکی شیکەرەوانە دەکات بۆ دیدارەکانی بەڕێز فازڵ میرانی لەگەڵ کەناڵـــە تەلەفزیۆنە عێراقییەکان وەك (البغدادیة، السومریة، العراقیة، الحرة).

نووســـەری کلدانی (د.حەبیب نومی) لە دیدارەکەیدا لەگەڵ ئەم بەڕێزە تیشـــکدەخاتە ســـەر بۆچوونەکانی میرانـــی بۆ مافەکانـــی گەلی کلدانی لـــە هەرێمی کوردستان.

(د.حەسن بدێوی) لە ڕۆژنامەی (التأخی) ئاماژە بە ڕێگەی ئەم بەڕێزە دەکات لە کاروانی ئاشتیدا.

نووســـەر (عبدالواحد طعمە) لە رۆژنامەی (الحیاە)ی لەندەنی ئامـــاژە بەوە دەکات کەوا لە دیدی میرانی درێژکردنەوەی ماوەی ســـەرۆك بارزانـــی بۆ هەرێمی کوردستان بۆ قەیرانەکان چارەسەر بوو.

هەروەها لەدیدارەکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشـــرق الاوســـط) بەڕێز میرانی ئاماژە بەوە دەکات کەوا بەڕێز تاڵەبانی ڕۆڵیکـــی بەرچاوی هەبووە و دوورکەوتنەوەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا بۆشاییەکی پەیدا کرد، لە هەمان کاتـــدا ئاماژە بە ڕۆڵی بنەماڵـــەی بارزانی دەکات لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا.

لەدیدارەکەیدا لەگەڵ کەناڵی (ڕووداو) میرانی دەڵێت: پارتی یەکەم قوتابخانەی کوردایەتی بووە.

نووســـەری عەرەبی (حســـن معوض) لـــە کەناڵی (العربیة) لەبەرنامەی (نقطة نظام) باس لە ڕێککەوتنی ســـتراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی ئێســـتا و داهاتوو دەکات .

لـــە دیداری بەڕێزیان لەگـــەڵ ڕۆژنامەی (الزمان) میرانـــی ئامـــاژە بـــەوە دەکات کەوا پارتـــی زامنی فرەلایەنییە لە کوردســـتان، هەروەها لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوســـط) جارێکی دی بەڕێز میرانی باس لە گرنگی سەرۆکایەتی کورد دەکات بۆ سەرۆك کۆماری عێراق.

هەروەهـــا لەدیـــداری لەگـــەڵ کەناڵـــی (العربیة) بەرنامەی (نقطة نظام) میرانی بە ڕاشـــکاوی دەڵێت: جگە لە بارزانی هیچ بەدیلێك بۆ سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان نییە.

بەڕێز (د.لقاء مکی) لە کەناڵی (الجزیرە نێت) باس لە ڕۆڵی کورد دەکات لە کێشـــەکانی سوننە لە عێراق بەتایبەتی لەشاری (ئەنبار).

بەڕێـــز میرانی لەگـــەڵ ڕۆژنامـــەی (الصباح)ی عیراقیـــدا کە بڵاوکرابۆوە لـــە ئەنجامی دیدارەکەی دا لەگەڵ کەناڵی (الشـــرقیة نیوز) نووســـەری عێراقی (شامل حمدللە) باسی دەکات وەك جەمسەرێکی سیاسی لە بزاڤی نیشتمانی دیموکراسی عێراقی.

نووســـەر (لوئەی فرنسیس نمرود) باس لە دیدارێکی میرانی دەکات لەگەڵ کەناڵی (الشرقیة) دەڵێت دیدارەکە وەك دایەلـــۆگ تایبەتمەندی خـــۆی هەبوو جیاواز لە گشت دیالۆگەکان .

جارێکی دیکە نووسەری عێراقی (د.لقاء مکی) لە دیدارەکەیدا لەگەڵ بەڕێز میرانی لە وێبسایتی (الجزیرە نێت) وەهای شی دەکاتەوە کەوا ئەم بەڕێزە بەشێوەیەکی میانڕەوی تێگەیشـــتووانە و هەنـــدێ جاریش بێلایەنانە بابەتەکان شـــیدەکاتەوە دوور لە گرێی ڕەگەزپەرستی و تایفەگەری، ئەمەش لە ئەنجامی ئەزموونی سیاســـی درێژخایەنی خۆی بە وردی ڕای خۆی دەردەبڕێ دوور لە گرژی.




دیسان لە دیدارەکەی بەرنامەی (المشهد السیاسی) لە کەناڵـــی (الجزیرە) باس لەوە دەکات کەوا لە عێراقدا هەرکەسێك فەرامۆش بکرێت ئەوا لە بەرژەوەندی عێراق دا نییە.

گۆڤاری لوبنانی (عالم التواصل) دیدارێکی لەگەڵ ئەم بەڕێزە ســـازکردووە کە تیایدا ئامـــاژە بەوە دەکات کەوا دەبێت هەل بقۆزینەوە بۆ ئەوەی قەرەبووی ڕابردوو بکەینەوە.

لەدیدارێکی دیکەدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووس (شـــامل حمداللە) بەڕاشـــکاوی میرانی دەڵێت: نابێت سوننە لە عێراقدا فەرامۆش بکرێن.

شایەنی باسە بەڕێز میرانی کتێبێکی تری دەرکردووە بە ناونیشانی (خوێندنەوەیەك لە بیری پارتی دیموکراتی کوردستان - جیاوازی و بنیاتنانەوە)، هەروەها نووسەر و ڕۆژنامەنوس (خالدة خلیل) کتێبێکی لەسەر ئەم بەڕێزە بە ناوی (دیالۆگ وەك چارەسەر) بڵاوکردۆتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێین ئەم جۆرە بڵاوکردنەوانەی نوخبەی سیاســـی کـــوردی گرنگ و پێویســـتن لـــەم قۆناغە مێژووییەی گەلەکەمان بەتایبەتی بە نیسبەت ئەوانەی خاوەن ئەزموونێکی دوور و درێژن لە خەباتی سیاســـی و مەدەنـــی، ئـــەم کتێبە کتێبخانەی سیاســـی کوردی دەوڵەمەند دەکات.

# ڕێگەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

ڕێککەوتنەکەی ئەم دواییەی نێوان هەولێر و بەغدا، بوو بە بنەمایەکی دەستووری بۆ دانان و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر بودجەی عێراقی فیدڕاڵ لەسەر بنەمای هەناردەکردنی نەوتی خاو کە ڕۆژانە ٣,٣ ملیۆن و ٣٠٠ بەرمیل هەنارده بکرێت و نرخی هەر بەرمیلێکیش بە ٦٠ دۆلار خەملێنراوە، داهاتی عێراقیش لە فرۆشی نەوت بریتییە لە ٨٤٪ و ١٦٪ ی داهاتی ناوخۆ.

پرەنسیپی ڕێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا بریتی بوو لە هەنارده کردنی ٥٥٠ هەزار بەرمیل لە هەرێمی کوردستانەوە و بەم شێوەیە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دەنێرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە ٣٠٠ هەزار بەرمیل لە کێڵگەکانی پارێزگای کەرکووك بە ڕێگەی بۆرییەکانی هەرێمی کوردستان دەنێردرێت، بەهۆی هەندێ فاکتەری تەکنیکی و ئەمنی و سەقامگیریی سیاسی و خراپ بەڕێوەبردن و شتی دیکە کۆمپانیای نەوتی باکوور نەیتوانی وەك پێویست توانای هەناردەکردن بەرزبکاتەوە، بۆیە بەبێ یارمەتی و زانیاریی حکومەتی هەرێم ئەم کۆمپانیایە توانی ١٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بە ڕێگەی بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان هەنارده بکات، لەبەرئەوە توانای کۆی هەنارده کردن گەیشتە ٤٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام بە ١٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەمی کردووە، تا بڕی هەنارده کراو بگاتە ٥٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەپێی ڕێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ( بەرپرسیار نییە) لە حاڵەتی ئەوەی کە کۆمپانیای باکووری سەر بە وەزارەتی نەوت نەتوانێت ئاستی بەرهەمهێنان بۆ ٣٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبکاتەوە.

بۆیە لەسەر وەزارەتی نەوت پێویستە بەپێی پلانی بودجەی ٢٠١٥ کە دوو ملیۆن و حەوت سەدو پەنجا بەرمیل لە ڕۆژێکدا هەنارده بکات، بەڵام لایەنێکی فەرمیی بێلایەن نییە، کە چاودێریی بڕی هەنارده کراوی (ڕاستەقینەی نەوتی خاو) بکات لە کێڵگەکانی باشووری عێراق، لەبەر ئەوە زەحمەتە داهاتی ڕاستەقینەی (ڕۆژانە، مانگانە)ی فرۆشتنی نەوتی خاو بخەملێندرێت، بەتایبەتی لەچوارچێوەی ئەو هەڵبەز و دابەزینەی نرخی نەوتدا.

دوابەدوای ئەو دیدارەی ئەم دواییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵدا ئیفلاسبوونی بودجەی عێراق ئاشکرابوو، کە ئێستا نزیکەی ٣,٥ ترلیۆن دینارە، بۆیە حکومەتی بەغدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو بڕە پارەیەی نییە تاکو پشکی مانگانەی هەرێم کە ١٧٪ یە ڕەوانەی هەولێری بکات، بەپێی ڕێککەوتنی فەرمیی نێوان هەردوو لا بەمەبەستی دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کە لەوەتەی مانگی شوباتی ٢٠١٤وە بڕاوە، لە کاتێکدا بەغدا مووچەی هەموو پارێزگاکان دەنێرێت بەو پارێزگایانەشەوە کە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی داعشەوە، لە سایەی ئەو ڕەوشەی ئێستادا

که مەترسی و ئەنجامەکانی هەردوو شەڕ رووبەڕووی دەوڵەت بۆتەوە (شەڕی داعش، شەڕی نەوت) و لە ئەنجامی دابەزینی نرخی نەوت لە نزیکەی ١١٠$ بۆ ٤٠-٥٠$ بۆ یەك بەرمیل، ئەمەش کاریگەریی کردە سەر بودجەی عێراق و هەرێمی کوردستان، کە لە ئێستادا ٨٤./ی پشت بە نەوت دەبەستێت (ئەگەر ئەو رێژەیە راست بێت)، هەروەها تێکڕای بودجەی عێراق بە هەمان رێژە لە رێژەی فرۆشتنی نەوت دادەبەزێت، ئەمە بێجگە لە پرەنسیپی رێککەوتنەکەی نێوان بەغدا و هەولێر تایبەت بە هەناردە کردنی نەوت لە بەرامبەر زەمانەتی هەناردە کردنی پشکی مانگانەی هەرێم، بۆیە ناکرێ (لە رووی دەستووری و مرۆییەوە) ئەمە بکاتە پاساو بۆ نەناردنی (تەنیا ) مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، جا ئەو پاساوانە (شەڕی داعش، یان دابەزینی نرخی نەوت) بن، یاخود ناکۆکی یان تێنەگەیشتنی نێوان بەغداو هەرێم بێت سەبارەت بە پرەنسیپەکانی رێککەوتنەکەی ئەم دواییە.

**رووبەڕووبوونەوی رەوشی ئێستا**

وەرگرتنی هەر بڕیارێکی واقیعی پێویستە لە روانگەی ئەو تەوەرانەوە بێت و رەچاویان بکرێت (پرەنسیپی رێککەوتنەکەی نێوان بەغدا و هەولێر)، واقیعی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت، قەبارەی کورتهێنانی دارایی، کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت لەسەر بودجەی عێراق و هەرێم، شەڕی داعش و دەرئەنجامەکانی بۆ سەر حکومەت و گەل، رەوشی سیاسی و ئەمنی و ئابووری، دەستێوەردانی ئیقلیمی ).

لە روانگەی خوێندنەوەی رەوشی ئێستادا، دوو رێگە هەن بۆ مامەڵەکردنی فەرمیی لەگەڵ بەغدادا بۆ زەمانەتی دەربازبوون لەو قەیرانە داراییەی ئێستا، کە کاریگەرییەکانی کردۆتە سەر هەموو بوارەکانی ژیان لە عێراق بەگشتی و بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەتایبەتی.

١-رێگەی یەکەم: لە روانگەی پرەنسیپی (زەمانەتی دابەشکردنی دادپەروەرانە)ی داهاتی مانگانەی نەوت لەلایەن حکومەتی فیدراڵ بەسەر هەموو پارێزگاکان و لەوانەش پشکی مانگانەی هەرێمی کوردستان کە بە ١٧٪ مەزەندە دەکرێت، و بە چاودێری و سەرپەرشتیی لایەنە پەیوەندیدارەکان. لێرەدا ئێمە ناچینە نێو وردەکارییەکانی قەبارەی داهاتی مانگانەی نەوتەوە، بەڵام ئەگەر بە لایەنی کەم نەوتەکە بە بڕی ٣ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بە نرخی ٥٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەفرۆشرا، تەنیا داهاتی مانگانەی عێراق لە نەوت بە(٤,٥٠٠) چوار ملیارو پێنج سەد ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت، بۆیە پشکی مانگانەی هەرێم لەو پارەیە دەگاتە ٧٦٥ ملیۆن دۆلار، ئەم بڕە پارەیەش بەشی پێدانی مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکات بەبێ دواکەوتن.

٢- رێگەی دووەم: پابەندبوون بە پرەنسیپی رێککەوتنەکەی هەولێر- بەغدا بە فرۆشتنی (٣,٣٠٠) سێ ملیۆن و سێ سەد بەرمیل لە رۆژێکدا بۆ زەمانەتی بەدیهێنانی کەمترین رادە لە بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٥ لەبەرامبەر زەمانەتی پێدانی پشکی مانگانەی هەرێم بە رێژەی ١٧./ی داهاتی نەوت، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕێکی نەوت لە هەرێمی کوردستان و کەرکووکەوە هەناردە دەکات بە رێژەی ١٧٪ کە بە ٥٦١ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا مەزەندە دەکرێت لە کۆی ئەو بڕە نەوتەی کە پێویستە رۆژانە هەناردە بکرێت کە (٣,٣٠٠) سێ ملیۆن و سێ سەد هەزار بەرمیلە. حکومەتی بەغداش ٨٣./ی نەوت هەناردە دەکات کە رۆژانە بە (٢,٧٣٩) دوو ملیۆن و حەوت سەدو سی و نۆ بەرمیل مەزەندە دەکرێت، لەچوارچێوەی پرەنسیپی چاودێری و شەفافییەت و هاوکاریی هاوبەشی نێوان هەردوو لا، جا لەبەر ئەوەی نرخی نەوتی خاو لە(دەرەوەی کۆنترۆڵی بەغداو هەولێر)دایە بۆیە پێویستە هەردوو لا پابەندبن بە ئەمری واقیع،(بە بەشی داواکراو) ی فرۆشتنی نەوتی خاو، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ پوختەی قەبارەی کۆی داهاتی نەوت کە هەردوو لا فرۆشتوویانە پێشکەش دەکرێت، ئەگەر قەبارەی داهاتی هەرێم لە ١٧./ی کۆی قەبارەی داهاتی نەوت( زیاتر) بوو، ئەوا هەرێم (بڕە زیادەکە) بۆ بەغدا دەگێڕێتەوە و پێچەوانەکەشی راستە بە نیسبەت بەغداوە.

**دەرئەنجام و راسپاردەکان**


١- گرتنەبەری هەر یەکێك لەم دوو رێگەیە لە بواری نەوتی نێوان بەغداو هەولێر زەمینەیەك دەخوڵقێنێت لە کێبڕکێی پرەنسیپیانەی چاککردنی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت، لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان، لە دابەشکردنی دادپەروەرانە، لە کەمکردنەوەی گرژی و ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو لا دەربارەی کەرتی نەوت تا ئەوکاتەی یاسای نەوت و غازی عێراقی فیدراڵ دەردەچێت. لە چوارچێوەی رێککەوتنەکەی نێوان هەردوو لا بە گرتنەبەری یەکێك لەو دوو رێگەیانە بۆ فرۆشتنی نەوت و دابەشکردنی داهاتەکە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەپێی دەستووری هەمیشەیی، لەسەر حکومەت هەرێمی کوردستان پێویستە بە جیددی و بە ئیرادەیەکی دانایانەی سیاسیی چاو بە رێکخستنەوەی بودجەی هەرێمدا بخشێنێتەوە، لە میانی گرتنەبەری

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا دەنێرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە ٣٠٠ هەزار بەرمیل لە کێڵگەکانی پارێزگای کەرکووک بە رێگەی بۆرییەکانی هەرێمی کوردستان دەنێردرێت**

**لە روانگەی خوێندنەوەی رەوشی ئێستادا، دوو رێگە هەن بۆ مامەڵەکردنی فەرمیی لەگەڵ بەغدادا بۆ زەمانەتی دەربازبوون لەو قەیرانە داراییەی ئێستا، کە کاریگەریی کردۆتە سەر هەموو بوارەکانی ژیان لە عێراق بەگشتی و بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەتایبەتی**

سەبارەت بە تەنگژە گیرخواردووەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ

# چ چارەیەکی واقیعییانە لە ئاسۆدا دیارە؟



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەندێ ڕێکاری پێویست کە هاریکارن بۆ سووککردنی قەیرانی دارایی و کاریگەرییەکانی بۆ سەر گشت بوارەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ زەمانەتی دەربازبوونمان (حکومەت و گەل) لە ڕەوشی ئێستا و پاراستنی دەستکەوت و قوربانییەکانی ئەو گەلە مەزنەمان.

٢- ڕەوشی ئێستای عێراق، بەتایبەتی لە بواری (بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت، خراپ چاودێریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان، لاوازیی یاساکان، ناکۆکییە سیاسییەکان، کورتهێنانی دارایی، شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت، دروستکردنەوەی دامەزراوەکانی حەرەس وەتەنی و هەندێ ئاستەنگی دیکە) ئەمانە کاریگەریی نەرێنی دەکەنە سەر جێبەجێکردنی پرەنسیپی (ڕێگەی یەکەم)، بۆیە وا چاکترە (ڕێگەی دووەم) بگیرێتە بەر لە حاڵەتی بەزەحمەت جێبەجێکردنی پرەنسیپی ڕێگەی یەکەم لە (هەناردە کردن و فرۆشتنی نەوتی خاوو دابەشکردنی داهاتەکەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە) بەسەر هەموو پارێزگاکان و هەرێمی کوردستاندا.

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانوستانەکانیدا لەگەڵ بەغدا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ ڕووبەڕووی یەکەم هێدمە بووەوە- هێدمەیەکی کتوپڕ کە بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان بوو، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوادیداردا ڕووبەڕووی (دووەم هێدمە-هێدمەی ئیفلاسبوونی حکومەتی فیدراڵ) بووەوە، لە داهاتووشدا ڕووبەڕووی (هێدمەی سێیەم- هێدمەی کورتهێنانی دارایی حکومەتی عێراق کە سەری هەڵداوە) دەبێتەوە، کە لەوانەیە قەبارەکەی بگاتە قەبارەی داهاتی عێراق، لەبەر ئەوە پێویستە ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ زەمانەتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هێدمەیەکی دیکە لە ئایندەدا، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو هێدمانە نەکرێنە پاساو و پاکانە وەك ڕێگەیەك بۆ زیادکردنی فشار لەسەر هەولێر، یان بەردەوامبوون لە بڕینی بەشە بوودجەی هەرێم کە ١٧٪ ی داهاتی نەوتە بە پاساوی کورتهێنانی دارایی، لەگەڵ دڵنیابوون لە هەموو حاڵەت و ئەگەرە پێشنیارکراوەکان بە گرتنەبەری پرەنسیپی (دابەشکردنی دادپەروەرانە)ی داهاتی نەوت بەسەر هەموو هاووڵاتیان و سەرجەم پارێزگاکان و هەرێمی کوردستاندا بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ و ڕێککەوتنی نێوان بەغداو هەولێر بە پێدانی ١٧٪ی پشکی هەرێم لە داهاتی ئەم ساڵی عێراق لە نەوتی خاو.

---

* ڕاوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان

**لەسەر حکومەت هەرێمی کوردستان پێویستە بە جددی و بە ئیرادەیەکی دانایانەی سیاسی چاو بە ڕێکخستنەوەی بودجەی هەرێمدا بخشێنێتەوە، لە میانی گرتنەبەری هەندێ ڕێکاری پێویست کە هاریکارن بۆ سووککردنی قەیرانی دارایی**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانوستانەکانیدا لەگەڵ بەغدا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ ڕووبەڕووی یەکەم هێدمە بووەوە- هێدمەیەکی کتوپڕ کە بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان بوو، لە دوادیداردا ڕووبەڕووی (دووەم هێدمە-هێدمەی ئیفلاسبوونی حکومەتی فیدراڵ) بووەوە**

لەو کاتـــەوەی ئەنجومەنی نەتەوەکان (عوسـبەتولئومەم) لـــە ســـاڵی ١٩٢٦ ویلایەتی موسـڵیان لکاند بـــە دەوڵەتی شانشـینی عێراقەوە، لە ناو ئەو دەوڵەتە تازەیەی لە ســاڵی ١٩٢١ دامەزرێندرا، پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی شانشـین و هێـزە کۆمەڵایەتییەکانی کە پشـتگیرییان لێدەکرد لەگەڵ سـەرکردایەتی کـورد و گەلی کوردا پشتبەسـتوو نەبوو بە بنەماکانی هاودەرفەتی و یەکسـانی و شەراکەتی سروشتی و ئاساییەوە، سـەرەڕای ئەو پابەندبوونە واژۆکراوە فەرمییانەش کە لەلایەن حکومەتی عێراقی و شافەیسـەڵی یەکەم هەبوون، چ پێش و چ لە دوای ئەویشـەوە کـە زۆر مافی ڕەوایان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا بۆ کورد تێدا بوون، بێ پەروایی حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق لە بەرانبەر جێبەجێنەکردنی ئـەو ئیلتیزاماتانـەدا بەپێی تێپەڕینی سـاڵەکان جۆرێك لە فەرامۆشـکردنی بوارەکانی سیاسـی و ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتـی و کەلتووری گەلی کوردی لێ وەبەرهەم هات، لە وەڵامی ئەم هەڵوێستە شۆڤێنی و قۆرخکارییەی دەسەڵاتی عێراقـی و بەپێی قۆناغە هەمەجـۆرەکان خەباتی بێوچانی گەلی کورد و سـەرکردایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی دۆزی ڕەوای کوردی لێ دروست بوو لە پێناوی چەسپاندنی مافە ڕەواکانیدا، دۆزی بنەڕەتی لە داخوازییەکی گشتی چڕ، دەکرایەوە کە لێیەوە هەموو لق و پۆپی داخوازییەکانی تری تێدا کۆدەبۆوە، کە ئەویش سـەرتاپایان بریتی بوو لە ئیعترافکردن بە مافـی گەلی کورد لە هەڵبژاردنی چارەی خۆنووسـی، بەپێی پرۆتۆکۆڵاتـی نێودەوڵەتی و بنەماکانی پێوەندییەکانی نێوان گەلان..

لـە پێنـاوی ئیعتراف پێکردنـی حکومەتە یـەك لە دوا یەکەکانی عێـراق بەم مافە جێگیـر و ڕەوایە، گەلی کورد لە ژێر ناو و دروشـمی تەکتیکی و بە هاریکاری نەتەوەکانی ترەوە چەندین شـێوەی تێکۆشانیان تاقیکردەوە، بەتایبەتیش بە هاریکاری هێزە دیموکراتخوازە عەرەبییەکان، تا ئەو مافە ڕەوایە بدرێت بە گەلی کورد تا شێوازی پێکەوەژیانی خۆی لەگەڵ گەلی عەرەبدا دیاری بکات، چ بە شـێوەی ئۆتۆنۆمی، یان فیدراڵـی، یان کۆنفیدراڵی، چ بـە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانی لە کوردستانێکی سەربەخۆدا. بەڵام حکومەتە یەك لـە دوایەکەکانی عێراق بە درێژایی نزیکەی سـەدەیەك و تا ئێستاشـی لەگەڵدا بێت، ئەم مافە بۆ کورد بە ڕەوا نابینێت، بـە ڕۆحێکی تاکرەوێتـی و هەژموونکاری و تەسـکبینی شـۆڤێنیەوە ڕووبەڕووی کـورد دەبنەوە، لـە کاتێکدا هەموو پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتیەکان ماف بە گەلان دەدەن تا چارەنووسی خۆیان دیـاری بکەن، کەچی حکومەتەکانی عێراق ئەم مافە دەخەنە ژێر پێوە، هەر ئەم ژێر پێخستنە نارەوایە بووەتە فاکتەر بۆ سـەرهەڵدانی چەندین شۆڕشـی چەکداریی ڕەوا لەلایەن گەلی کوردەوە، هەروەها بووەتە هۆی هەڵگیرساندنی چەندین جەنگی نارەوا لەلایـەن حکومەتەکانی عێراقەوە، کە هەر لە سـاڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو بێدابڕان دەستی پێکردووە و تا لە سـاڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانی هەمان سەدە توندتر کراوەتـەوەو دواجار گەلی کورد توانیویەتی لە لای خۆیەوە بە چەسـپاندنی فیدراڵییەت لە چوارچێـوەی دەوڵەتی عێراق و لە ژێر پارێزەریی نێودەوڵەتیدا جۆرێك لە شـێوازەکانی مافی بڕیاردانـی چارەنووس بۆ خۆی داپچڕێنێت، ئەمەش لە پاش ئەنجامەکانی شـەڕی دووەمی کەنداو و لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی عێراق بە هەموو نەتەوەکانیەوە کە لە دژی ستەمکاری فەرمانڕەوایەتی دیکتاتۆرانەی بەعسـی فاشی ڕاپەڕین، لەو کاتەدا عەرەب و نەتەوەکانی تر لەبەرانبەر ڕووخانی ئەو ڕژێمە سەرکوتکارەی بەعسدا شکستیان خوارد، چونکە پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندی ڕژێم بۆ مانەوەی لەسـەر کورسی حوکم هەبوو.

بزووتنـەوەی نیشـتمانی چەپ و دیموکراتـی عێراق، لە پێش هەمووانەوەش حزبی شـیوعی عێراقـی ئەو هێزانەبوون کـە ئیعترافیان بـە مافـی ڕەوای گەلی کـورد کرد، لە دەرئەنجامی ئەم هەڵوێستە مەبدەئی و دروستەیاندا، ئەم حزب و باڵـە چەپەکانی تری ناو عێراق، لەلایەن هێزە شـۆڤێنی و دواکەوتووەکانەوە لەوانەش لەلایەن بەعسـی فاشیست، کەوتنە بەر سەرکوت و زیندان و پاکتاوکردن.

بەر لە فیدراڵییەت، گەلی کورد بە پشتگیری نەتەوەکانی تری عێراق، توانـی دوای ڕێککەوتنی (بەیاننامەی)١١ی ئادار (مارس)ی ١٩٧٠ ئۆتۆنۆمییەك بۆ هەرێمی کوردسـتان دەستەبەر بکات، بەڵام بە پیلانێکی نێودەوڵەتی لێی سووڕانەوەو لە ٦ی ئادار(مارس) ڕێککەوتنێك لە نێوان شای ئێران و سەدام حوسـێن لە جەزائیر واژۆکرا بۆ نسکۆ پێهێنانی ئەو شۆڕشە مەزنەی بە ڕابەرایەتی مەلامسـتەفای بارزان هەڵگیرسابوو، بەڵام گەلی کورد لە پاش نسـکۆ زۆر بە خێرایی لە پێناوی مافە ڕەواکانیدا بەردەوامیێتی بە خەبات و تێکۆشان دایەوە.

لـە پێناوی ئەم مافـە ڕەوایەدا گەلی کـورد کەوتە بەر نەشـتەری پرۆسەکانی تاوانکاریی و جینۆسایدەوە، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٨٨ پرۆسەکانی پاکتاوکردنی ڕەگەزی و تەعریب لەسـەر گەلی کورد چڕتر کرانەوە، کـە تێیدا نزیکەی ١٨٢ هـەزار مرۆڤی کوردی تێدا فەوتێنـدرا، هەروەها بە جۆرەها چەکی کیمیاوی لەسەر تاقیکرایەوە، بەتایبەت لە هەڵەبجەدا، کوردە فەیلیەکانی بەغداو ناوەند و باشووری عێراقیش لە ساڵی ١٩٨٠ بە دواوە، کەوتنە بەر شاڵاوی ئەم جینۆسایدە.

پاش ساڵی ١٩٩١ کاتێك گەلی کورد بەرەو سەر سنوورەکانی تورکیاو ئێران لە ترسـی جینۆساید بە هەڵهاتن و کۆڕەو ناچار کران، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەوایەکی ئارامیان بۆ پاراستنیان تەرخان کرد تا لە پرۆسـە بەردەوامەکانی جینۆساید ئەم گەلە بپارێزن، لـەو نەوا ئارامەدا گەلی کـورد توانیی پەرلەمانی کوردسـتان هەڵبژێرن، هەروەها فیدراڵییەتێك لە چوارچێوەی عێراق ڕابگەیەنن، ئەمە یەکەمین هەنگاوی سەرکەوتن بوو بۆ

**کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر سروشتێکی فیکری هەیە، ڕۆژانە بە کردەوە لە پراکتیکدا دەردەکەون، بەتایبەتی لە کاتی هەڵوێست نواندن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سەربازییەکان، کە لە ڕووی ئۆرگانیەوە بە لۆژیکی فیکری قەومی و ئایینیەوە دەبەسترێتەوە**

**حکومەتە یەک لە دوایەکەکانی عێراق بە درێژایی نزیکەی سەدەیەک و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بە ڕۆحێکی تاکڕەوێتی و هەژموونکاری و تەسکبینی شۆڤێنیەوە ڕووبەڕووی کورد دەبنەوە، لە کاتێکدا هەموو پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتییەکان ماف بە گەلان دەدەن تا چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن**

گەلێك كە بە خوێن و فرمێسكی ملیۆنەها كیژو كوڕەوە توانییان شێوەیەك لە شێوەكانی مافی چارەی خۆنووسی تێدا بچننەوە، هێزەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئیعترافیان بەم فیدراڵییەتە كرد، بەڵام هێزە شۆڤێنیەكانی عەرەب و ئیسلامی سیاسی بە هیچ شێوەیەك ددانیان پێدا نەنا، ئەم هەڵوێستە ناجوامێرانەشیان لە پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە لە دەستووری تازەی عێراق ڕەنگی دایەوە كە لە ساڵی ٢٠٠٥نووسرایەوە، ئیتر لێرەوە بەشێكی نوێی ئاڵۆزیی سیاسی و كۆمەڵایەتی و جیۆگرافی لە نێوان حكومەتی فیدراڵ و حكومەتی هەرێمی كوردستان دەستیپێكرد، كە هەموو كێشە كەڵەكەبووەكانی دەیەكانی پێشوو لەگەڵ ئەوانەی ئێستا سەریان هەڵدایەوە، دیسانەوە هەڵوێستی باڵە چەپەكان لە بەرانبەر ڕەوایەتی مافی كوردا لە هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراقیدا ڕەنگیدایەوە، كە بە داخەوە هەندێ هێزی دیموكراتخواز لە ژێر كاریگەری نەتەوەیی و تایەفەگەری نەرێنییانەی عێراقیدا ئەم مافەیان بە كورد ڕەوا نەدەبینی.

كێشەكانی نێوان حكومەتی فیدراڵی و حكومەتی هەرێمی كوردستان زیاتر سروشتێكی فیكری هەیە، ڕۆژانە بە كردەوە لە پراكتیكدا دەردەكەون، بە تایبەتی لە كاتی هەڵوێست نواندن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و كەلتووری و سەربازییەكان، كە لە ڕووی ئۆرگانیەوە بە لۆژیكی فیكری قەومی و ئایینیەوە دەبەسترێتەوە، زۆربەی جار نەتەوەی گەورەتر لە ڕووی ژمارەوە كە جڵەوی دەسەڵاتی سیاسی لە دەست دەبێت ئەو مافە بە خۆی دەدات كە ویستی خۆی بەسەر نەتەوەكانی كە ژمارەیان كەمترە زاڵ بكات، بێ ئەوەی درك بكات بەوەی كە نەتەوەكان هەموویان لەبەردەم مافەكاندا یەكسانن لەسەر ئاستی یاسایی نێودەوڵەتی و بەپێی پرۆتۆكۆلاتی مافی نەتەوەكان و مافەكانی مرۆڤ ئەو مافانە چەسپاون، بێ گەڕانەوە بۆ ژمارەی ئەندامانی نەتەوە، هێزە ئیسلامییە سیاسییەكان كە ئیدیعای یەك ئۆمەتی ئیسلامیی ڕادەگەیەنن، ناگەڕێنەوە بۆ سەر دەقی ئەو ئایەتە قورئانییەی كە لە سوورەتی حوجرات هاتووە و خوا تێیدا دەفەرموێ (یا أیها الناس إنا خلقناكم من ذكر وأنثی وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا إن أكرمكم عند الله أتقاكم إن الله علیم خبیر) بەڵام دەچنەوە سەر هەڵوێستێكی فكری و هەستێكی تەسكبینانەی نەتەوەیی و تایەفەگەری كە بە هۆیەوە هەڵوێستی شۆڤێنیزمی بەرانبەر نەتەوەكانی تر دەردەبڕن و زۆر گرفتی ناكۆكی و خوێنڕشتن و شەڕوشۆڕی لێ پەیدا دەبێت، ئەم هەڵوێستە شۆڤێنیە تەنیا حكومەتی عێراق پیادەی ناكات، بەڵكو حكومەتە یەك لە دوایەكەكانی ئێران و توركیا و سووریاش لە بەرانبەر دۆزی كورد هەمان هەڵوێست دەنوێنن..

دەروازەی چارەسەركردنی ئەم كێشانە لە ئیعترافكردنی حكومەتی عێراقی لە ڕەوایەتیدان بە بڕیاردانی گەلی كورد بە مافەكانی خۆی چارەسەر دەبێت، ئەم ئیعترافكردنەیە دەبێتە ڕێگەخۆشكەری چارەكردنی هەموو گرفتەكان بە ئاڕاستەیەكی دروستەوە، تا ئەمەش ڕووبدات كۆمەڵگەی عێراقی حكومەتەكانی كە هەڵیدەبژێرن پێویستییان بە تێكۆشانێكی فكرییانە هەیە تا ڕزگاریان بێت لەو شۆڤێنیێتیەی لە ناو عەقڵی عەرەبیدا چێندراوە، كە ڕوانینی ناچیزانەیان لە بەرانبەر مافە ڕەواكانی نەتەوەكانی تر هەیە، چونكە ئەم ڕوانینە سەقەتە، هەمیشە ڕووداوی كارەساتئامێزی لێ دروست دەبێت، بێگومان گەلی كورد ناچار نییە ماوەیەكی زۆر هەر لە چاوەڕوانیدا بێت تا حكوماتە عێراقییەكان یان كۆمەڵگەی عێراقی لەم مافە تێدەگەن و پیادەی دەكەن، بەڵكو كورد مافی خۆیەتی مافە ڕەواكانی خۆی بچەسپێنێت، چۆن مافی خۆشیەتی لەم فیدراڵییەتەی كە لە ساڵی ١٩٩٢ ڕایگەیاندووە مافێكی بڵندتر ڕابگەیەنێت چ بە ڕاگەیاندنی كۆنفیدراڵییەت، یان جیابوونەوە لە دەوڵەتی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە ڕێی ڕێزگرتنی گەلی كوردو سەركردایەتییەكەی لەم بڕیارە چارەنووسسازە ئەگەر بیدەن.

تا ساتەوەختی بڕیاردانێكی دیكەی چارەنووسساز پێویستە كێشەكانی نێوان هەردوو حكومەتی فیدراڵی و هەرێم بە پشت بەستن بە دەستووری عێراقی و پرەنسیپەكانی پێوەندی نێوان گەلان بە شێوەی یەكسانبوون لە ماف و ئەركەكاندا، بەتایبەتیش پڕۆژەی تازەی دەستووری كوردستان كە تا ئێستا هەر پرۆژەیە و بڕیاری كۆتایی لەسەر نەدراوە.

بەگشتی لەم دۆخەدا هەردوو حكومەتی فیدراڵی و هەرێم دەشێ ڕەچاوی ئەم خاڵانە بكەن:

١. پابەندبوون بە چارەسەركردنی گرفتەكانی نێوان هەردوولا بەپێی ئەو دەقانەی لە دەستووری عێراقیدا چارەسەری بۆ هەموو گرفتەكانی ئێستا تێدا دیاری كراوە لەوانەش كێشەی ناوچە جیۆگرافییە ناكۆكی لە سەرەكان و چاوخشاندنەوە بەو گۆڕانكارییانەی بەسەر پارێزگاكاندا هاتوون لە ڕووی كارگێڕییەوە بەپێی دوایەمین بڵاوكراوەی ساڵی ١٩٦٢ پێش ئەوەی شۆڤێنیەكان و بەعسییەكان دەست بكەن بە گۆڕینی دیمۆگرافیی دانیشتووان، یان كارگێڕی، كات كوشتن و بەڵێن جێبەجێنەكردن لەو ماوانەی پێشوودا ئەم كێشانەی ئاڵۆزتر كردوون، تەنانەت سەبارەت بە حكومەتی ئێستاشەوە هەڵوێستەكان تەمومژاوین و خۆیان پابەند نەكردووە بە چارەسەری كێشەكانەوە لە كاتی بۆدانراوی خۆیدا، چارەسەری ئەم كێشانە پێویستی بە متمانە گۆڕینەوەیە كە ئێستا لە نێوان هەردوولادا متمانە بزربووە بە هۆی سیاسەتە نارێكەكانی مالیكیەوە.

٢. پابەندبوونی ڕاستگۆیانە بە چارەسەری كێشەكان بە شێوازی ئاشتییانە و دوور لە چاوسووركردنەوە و هەڕەشە بۆ هانابردنی چەك و توندوتیژی، شێوازی شەڕوشۆڕ تەنیا وڵات بەرەو كێشەی زیاتر و خوێنڕشتن و ماڵوێرانی ڕادەكێشێت، وەك چۆن هەموو حكوماتەكانی پێشوو ئەو ڕێگەی توندوتیژیەیان

**ڕێگەكە زۆر ئاڵۆزە بە هۆی ئەو كەشوهەوا ناجۆرەی لە پێوەندیەكانی ناو عێراق دروست بووە، بەتایبەتی لە ساڵانی فەرمانڕەوایەتی بەعسییەكان و هەروەها لە كاتی دیكتاتۆریەتی مالیكی، بەڵام بنەماكانی دیموكراتییەت ڕێگە بە عێراق دەدات ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت**

**گەلی كورد ناچار نییە ماوەیكی زۆر هەر لە چاوەڕوانیدا بێت تا حكوماتە عێراقییەكان، یان كۆمەڵگەی عێراقی لەم مافە تێدەگەن و پیادەی دەكەن، بەڵكو كورد مافی خۆیەتی مافە ڕەواكانی خۆی بچەسپێنێت**



تاقیکردۆتەوەو تایەکەیان چێشتووە بە گەلی عێراق و بەتایبەتی باجەکەی گەلی کورد بە قورسی داویەتیەوە.

**٣.** پابەندبوون بە ڕێبازی دیموکراتییەت و شەرعییەتی دەستووری و مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بونیادنانی دەوڵەتی عێراقی و دوور کەوتنەوەلە بە سیاسیکردنی ئایین و حەرامکردنی ڕەگەزپەرەستی و شۆڤێنیەت و تایەفەگەری سیاسی و جیاکاری بە هەموو شێوەکانیەوە و پابەندبوون بە ئایین بۆ خوا و نیشتمان بۆ هەمووان، هەروەها پێویست یاسای دیموکراتی لەوانە یاسای حزبایەتی و ڕاگەیاندن و یاسای نەوت و غاز بە ڕێکوپێکی دابڕێژرێنەوە.

**٤.** دانانی یاسای پێویست بۆ ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی فیدراڵی لە ژێر ڕۆشنایی دەستوور بۆ هەموو ئاست و بوارەکان لە پێناوی بەرجەستەکردنی شەرعییەتی دەستووری و متمانەی هاوبەش لە نێوان هەردوو حکومەت و گەلدا.

**٥.** پابەندبوون بە پێدانی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی دەوڵەتی عێراقەوە لە کاتەکانی خۆیدا و دوورکەوتنەوە لە شێوازی سزادان و گەمارۆدانی گەلی کوردستان بە بیانووی چارەسەرنەکردنی ناکۆکییەکان کە زیاتر خەتای سەرۆکی وەزیرانی پێشووی عێراقی تێدابووە.

**٦.** هاریکاری و تەنسیق لە نێوان هەردوو حکومەتدا لە هەموو بوارە سیاسی و ئابووری و بوارەکانی نەوت و کشتوکاڵ و پیشەسازی و دارایی و سەربازی و ئەمنی و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی تیرۆری داعش و هەموو میلیشیا تایەفەگەرییەکان و تیرۆری چەکداری و تاقمی تاوانکاری ڕێکخراو و گەندەڵکارانی ناو وڵات.

**٧.** پابەندبوون بە ڕێبازی داماڵینی چەك و سووربوون لەسەر ئەوەی چەك تەنیا بە دەست حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت و وەرگرتنەوە لە هەر گرووپێکی ئایینی و تایەفەگەری و مەزهەبی.

بێگومان ڕێگەکە زۆر ئاڵۆزە بە هۆی ئەو کەشوهەوا ناجۆرەی لە پێوەندیەکانی ناو عێراق دروست بووە بەتایبەتی لە ساڵانی فەرمانڕەوایەتی بەعسییەکان و هەروەها لە کاتی دیکتاتۆریەتی مالیکی، بەڵام بنەماکانی دیموکراتییەت ڕێگە بە عێراق دەدات ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت بە ئارامی ئەویش بە دوور کەوتنەوە لە بیری شۆڤێنیێتی و تایەفەگەری و موحاسەسەی تایەفەگەری گە یەکێتی ڕیزەکانی نێوان کورد و عەرەبی شێواندووە، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئەم کارەساتە ناخۆشانەی دوایی بەسەر ئێزیدی و مەسیحییەکان و شەبەك و تورکمان و شیعە و سوننە و هەموو ئایین و مەزهەب و نەتەوەکانی عێراقدا بهێنن.



### خوێندنەوەیەک بۆ دۆسێی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان

# ئاوارە و پەنابەران ڕێژەی ٢٠٪ی دانیشتووانی هەرێم پێکدەهێنن عێراقیش وەکو وڵاتێکی بیانی مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکات


ڕەوشی ئاوارەو پەنابەران لە هەرێمی کوردستان بە یەکێك لەو دۆسیە هەستیارانە دادەنرێت کە کاریگەری توندی لەسەر باری ئابووری و بارگرانی سەرشانی حکومەت و هاووڵاتیان دروستکردووە. بوونی یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار ئاوارە و پەنابەر کە بەسەر ٢٩ کەمپدا دابەش بوون و لە٦٤٪ی ئەم ژمارەیە لە پارێزگای (دهۆك)ـن، ئەوەش نەك تەنیا قەیرانێکی مرۆییە، بەڵکو شوێنەواری لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکانی کوردستان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری و دەیان دیاردەی مەترسیداری دیکە هەیە. ئەوەتا لە شارێکی وەکو کەرکووك ٥٠٠ هەزار ئاوارەی عەرەب و تورکمان تێیدا نیشتەجێن و لە پارێزگای دهۆکیش هێندەی نیوەی دانیشتووانەکەی ئاوارە و پەنابەر ڕووی تێکردووە. هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان بەراورد بە ژمارەی دانیشتووانەکەی زۆرترین ئاوارەو پەنابەر ڕووی تێکردووە بە ڕادەیەك هەر پێنج هاووڵاتی ئاوارەیەك یاخود پەنابەرێکی بەردەکەوێت، واتا ئاوارە و پەنابەرەکان ڕێژەی ٢٠٪ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا حکومەتی عێراقی وەکو وڵاتێکی بیانی مامەڵە لەگەڵ ئاوارەکانی کوردستان دەکات.



## عێراق وەکو وڵاتێکی بیانی مامەڵە لەگەڵ ئاوارەکانی کوردستان دەکات

ڕەوشـــی ئاوارە و پەنابەران لە کوردســـتان کە هاوکاتە لەگەڵ ئەو قەیرانە دارایی و ئابوورییە ســـەختەی هەرێم پێیدا تێپەڕ دەبێت، تا دێت خەرجی و پێداویســـتییەکانیان روو لە زیادبوون دەکات، لەم رووەوە لە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە هاوبەشی لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی ئامادەی کردووە، ئاماژەی بەوە کردووە کە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان پێویستی بە ١ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار هەیە تاوەکو بتوانێت لەمساڵدا خەرجی و پێداویستییەکانی ئاوارەو پەنابەران دابین بکات، لەبەرامبەر ئەم بارودۆخە حکومەتی عێراق و دامودەزگاکانی پەیوەندیـــدار بە کـــۆچ و کۆچبەران بە شـــێوەیەکی زۆر نابەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی هاووڵاتیانی دەکات کە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی حکومەتی ناوەندییەوە روویان لە هەرێمی کوردســـتان کردووە، تەنانەت حکومەتی بەغدا لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و لە ئاســـتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتـــووەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکان نەیتوانیـــوە واقیعـــی پڕ لە مەرگەســـات و مەترســـیی ئاوارەکانـــی بگەیەنێتـــە کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی. بگرە حکومەتی ناوەند لە بـــری ئەوەی هاوکاری و کۆمەك بۆ ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکانی لەهەرێمی کوردستان بنێرێت کە بە ڕێـــژەی ٨٠٪ی قەیرانی ئاوارە لەم هەرێمەدایە، بە پاســـاوی جۆراوجۆر لە ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا پاشگەز دەبێتەوە و بە بیانووی ئیفلاسبوونەوە بەشە بودجەی هەرێمی کوردســـتان رەوانە ناکات، لەکاتێکدا هەموو ئامار و داتاکان ئەو راســـتییە دەردەخەن کە لە ساڵی ٢٠١٠ ـەوە هاووڵاتیانی کورد و عەرەبی ســـوننە و شیعەی عێراق و کریســـتیان لە دەستی تیرۆر و نەبوونی خزمەتگوزاری روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە یەک ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار هەیە تاوەکو بتوانێت لەمساڵدا خەرجی و پێداویستییەکانی ئاوارەو پەنابەران دابین بکات**



**دکتۆر ئەمین ئەلئەدریسی:**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەم چوار تەحەددی گەورەدایە ئەویش شەڕی داعش و گەمارۆی ئابووری و هاتنی زیاتر لە ملیۆن و نیوێک ئاوارەو پەنابەران و پشتگوێخستنی ئاوارەو پەنابەران لەلایەن حکومەتی ناوەندی بەغداوە**



**دکتۆر دیندار زێباری:**

**٢٠١٥ بۆ ئاوارەو پەنابەران ساڵێکی زۆر زەحمەت دەبێت**

کەسایەتی ئەکادیمی عێراقی دکتۆر ئەمین ئەلئەدریسی لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان دەڵێت: «حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەردەم چوار تەحەددی گەورەدایە، ئەویش شەڕی داعش و گەمارۆی ئابووری و هاتنی زیاتر لە ملیۆن و نیوێك ئاوارەو پەنابەران و پشتگوێخستنی ئاوارە و پەنابەران لەلایەن حکومەتی ناوەندی بەغداوە، هەر چوار تەحەددییەکەش کاریگەری و شوێنەواریان لەسەر یەکتر هەیە، ئەمە لەکاتێکدا گرنگە نوێنەرانی کورد لەبەغدا چ لە پەرلەمانی عێراق، چ لە ئەنجومەنی وەزیران دۆسیێ ئاوارە عێراقییەکان گرنگی پێ بدەن و وەزارەتە پێوەندارەکانی عێراق بخەنە بەردەم ئەو بەرپرسیارێتیە مێژووییەوە، بگرە لە ڕێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنی عەرەبییەوە باس لەو ئازار و مەینەتییانە بکرێت کە لە ئەنجامی گرووپە چەکدارەکانی داعش و بە پەراوێزخستنیان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە هاووڵاتیانی عێراق تێیکەوتوون، بەتایبەتی هاووڵاتیانی عەرەبی سوننە و شیعە، وڵاتێکی وەکو ئوردن کە خاوەنی سیادە و ئابووری و توانایەکی باشە، ڕێگەی نەدا ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە بڕژێتە ناو سنوورەکانیەوە تا زەمانەتی هاوکار و کۆمەکی نێودەوڵەتی وەرنەگرێت، ئێستا ئەو وڵاتە بە ملیۆنەها دۆلار کۆمەك و یارمەتی بۆ دەچێت، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە لەمەودوا پلان و بەرنامە بۆ وەرگرتنی ژمارەیەکی تری ئاوارەو پەنابەران هەبێت».

### ئاوارەی عەرەب ١٩٪ی دانیشتووانی هەولێر پێکدەهێنن


سەبارەت بەرەوشی ئاوارەو پەنابەران هەموو پێشبینیەکان بەو ئاراستەیە دەچن کە ئەم ساڵ بۆ هەرێمی کوردستان و ئاوارەو پەنابەرەکانیشی ساڵێکی زەحمەت بێت، لەم رووەوە دکتۆر دیندار زێباری سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوون و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتیەکان لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان جەختی لەوە کردەوە کە هەموو پێشبینییەکان بەو ئاراستەیەن ژمارەی ئاوارەو پەنابەران تا دێت روو لەزیادبوون دەکات، گوتیشی: «ئێستا یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار ئاوارە لە هەرێمی کوردستانن و لەم ژمارەیە ٢١٢ هەزاری پەنابەری کوردانی رۆژئاوان و بەسەر زیاتر لە ٣٠ کەمپدا دابەشبوون، ئەم ژمارەیەش بە ڕێژەی ٦٤٪ی لە پارێزگای دهۆك نیشتەجێن، بەمشێوەیە لە٨٠٪ی قەیرانی ئاوارە لەعێراقدا لەسەر هەرێمی کوردستانە، لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق وەکو پێویست نەیتوانیوە ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکات، لەکاتێکدا زۆربەی ئاوارەکان هاونیشتمانییانی عێراقین، کەچی وەکو وڵاتێکی بیانی هەڵسوکەوت دەکات». زێباری رایوایە مەترسی ئەم دۆسێیە لەوەدایە تادێت قەبارەی خەرجییەکانی ئاوارە و پەنابەران روو لەهەڵکشانە و هەر لەوبارەیەوە گوتی: «هاتنی ئاوارەو پەنابەران پرۆسەیەکی سەخت بوو، بە هۆی هەڵکشانی خەرجی و پێداویستییەکانیان لە ساڵی ٢٠١٥پرۆسەیەکی زۆر زەحمەتتر دەست پێدەکات و مەلەفی ئاوارە و پەنابەران لە کوردستان بە هاوشێوەی پرۆسەی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی بوونەتە زەنگێکی مەترسیدار، چونکە عێراق مامەڵە لەگەڵ ئاوارەکانی ناوخۆی عێراق لە کوردستان وەکو هاونیشتمانییەك ناکات، لە کاتێکدا سەرجەم ئاوارەکان هاونیشتمانیانی ئەم وڵاتەن، بگرە حکومەتی عێراق نەیتوانیوە ئەم زەنگە مەترسیدارە بگەیەنێتە ناو مەحافیلە نێودەوڵەتییەکان و بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵسێت وەکو وڵاتێکی خاوەن سیادە و ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراو و ئاژانسەکانی دیکەی جیهانی. لەلایەکی ترەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەم دوو ساڵەدا داوای ٢ ملیار دۆلاری بۆ ئاوارەو پەنابەرانی عێراق کردووە توانای ئەوەی هەیە ئەو مەبلەغە کۆمەکە داراییە لە وڵاتانی کۆمەکبەخش دابین بکات، من وای دەبینم تەنیا توانای ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری هەبێت، لەم مەبلەغەش بڕێکی ئێجگار کەم بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، لەمەشدا دەبێت ڕەچاوی سەرجەم ئەو قەیرانانە بکەین کە ئێستا لە ناوچەکە و جیهاندا سەری هەڵداوە هەر لە زۆربەی وڵاتانی کیشوەری ئەفریقیا تاوەکو قەیرانی سووریا و یەمەن، بەتایبەتی قەیرانی سووریا کە ٧ ملیۆن کەس لە وڵاتە دەربەدەر بوون، ئەمەش لەدوای جەنگی جیهانی دووەم بە گەورەترین کارەساتی مرۆیی دادەنرێت، هەر بۆیە ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە و گەشبینیش نیم بە هاوکارییەکانی عێراق و کۆمەکە نێودەوڵەتییەکان، چونکە هەم عێراق وەکو وڵاتێکی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان کەمتەرخەمە و نەیتوانیوە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی روون بکاتەوە کە ئەو قەیرانە گەورەیە مرۆییە لە عێراق و کوردستان هەیە، بەمەش دەنگی راستەقینەی داواکارییەکان نەگەیشتۆتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەم سەیری هەرێمی کوردستان ناکات وەکو هەرێمێکی فیدراڵی کە بەشێك بێت لە عێراق و پێویستە ئیلتزاماتەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات. لەکاتێکدا حکومەتی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نێردەی هەمیشەیی هەیە و ئەندامە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کەچی بە پێچەوانەی وڵاتەکانی وەکو لوبنان و ئوردن و تورکیا عێراق نەیتوانیوە ئەو مەسیجە



بگەیەنێتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە پێویستی بە هاوکاری و یارمەتی خێرای گەورە هەیە، لە ناوخۆی هەرێمدا بە هەوڵ و هیممەتی سەرکردایەتی کورد و داواکارییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم توانراوە لەسەر ئاستی پێوەندی دوولایەنە هانی رێکخراو و ئاژانسە مرۆییەکان بدەن بە ناردنی کۆمەك و یارمەتی، بەڵام کۆمەك و هاوکارییەکان لە ئاست قەبارەی گەورەیی قەیرانە مرۆییەکە نەبووە. مەسەلەی قەیرانی دارایی UN مەترسییەکی دیکەیە کە واچاوەڕوان دەکرێت لە ٨٠٪ی ئەو مینحە داراییە ٥٠٠ ملیۆن دۆلارەی کە وڵاتی سعودییە بۆ یارمەتیدانی ئاوارەو پەنابەرانی لە عێراق لە بەردەستیدا بوو رووی لە تەواوبوون کردبێت کە بەشی هەرە زۆری بۆ خەرجییەکانی خودی نەتەوە یەکگرتووەکان خەرج کرا. بەمشێوەیە قەیرانی مرۆیی ئاوارە و پەنابەران روو لەزیادبوونە و ئەرکی حکومەتی عێراقە لەسەر ئاستی نێردە هەمیشەییەکانی کار بۆ گەیاندنی مەسیجی ئەو مەترسییانە بکات، چونکە ئەوەی لە عێراق دەگوزەرێت لە ئاکامی شکستی حکومەتی عێراقە و تەنیا رەهەندێکی سووریا نییە، حکومەتی عێراق نەیتوانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و بەشداریکردنی هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق لە پرۆسەی سیاسی زامن بکات و لە پرۆسەی حوکمڕانی سەرکەوتوو نەبوو».

سەبارەت بە پرۆسەی چارەسەرکردنی قەیرانی ئاوارەو پەنابەران دکتۆر دیندار زێباری سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوون و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتیەکان گوتی: «ئەم پرۆسەیە کاتی دەوێت، چونکە ئاوارەو پەنابەران دوای رزگارکردنی ناوچەکانیشیان پێویستیان بە زامنکردنی ئارامی و ئاسایش هەیە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە هێڵی رووبەڕووبوونەوەن لەگەڵ چەکدارانی داعش، مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی گوندو شار و شارۆچکەکانیش مەلەفێکی ئاڵۆز و قورسی دیکەیە، چونکە خەڵکی دەچێتەوە شوێنێك کە لانیکەم ئاو و کارەبا و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی هەبێت. هەتا ئەو کاتەش مامەڵەکردنی مرۆییانە و سەردەمانەی ئاوارەو پەنابەرەکان ئەرکێکی قورسی حکومەت و کۆمەڵگەی کوردستانییە، چونکە دەبێت هەرێمی کوردستان ئەو ناوبانگە نێودەوڵەتییەی خۆی بپارێزێت بەوەی ئارامگەی پێکەوەژیان و کەلتووری لێبوردەییە، لەمەشدا پێشەنگ بووە لە رێزگرتن لە هەموو ئایین و ئایینزاو نەتەوەیەك و پاراستنی بنەماکانی ئازادی و مافی مرۆڤ».

لە لای خۆیەوە دکتۆر محەمەد سەلمان بەرواری شارەزا لە بواری ئابووری، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان ئاماژەی بەودا کە «ئەو ئاوەدانی و ئاسایشەی لە هەرێمی کوردستان هەیە بەراورد بە ناوچەکانی عێراق وایکردووە بە بەردەوام خەڵکی ئەو ناوچانە روو لەکوردستان بکەن، کە جگە لە مەترسیی تێکچوونی باری ئاسایش و ئارامی و بارگرانی ئابووری، مەترسی تێکچوونی پێکهاتەی دانیشتووانیشی لێدەکرێت، گوتیشی: «شاڵاوی هاتنی ئاوارە بۆ کوردستان جگە لەوەی شوێنەواری خراپی بۆ سەر رەوشی ئابووری و خراپبوونی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك کارەبا و ئاو هەیە، لەمەودایەکی دووریشدا خەرجییەکانی هەردوو کەرتی پەروەردە و تەندروستی زیاد دەکات، ئەمە لە کاتێکدا عێراق وەکو وڵاتێك بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵنەساوە».



**دکتۆر محەمەد سەلمان بەرواری:**

**هاتنی بەلێشاوی ئاوارەو پەنابەران جگە لە مەترسی تێکچوونی باری ئاسایش، مەترسی تێکچوونی پێکهاتەی دانیشتووانیشی لێدەکرێت**

# نەتەوەی کورد و پێشمەرگە لەژێر سایەی پارادۆکسی پێوەرەکاندا



سۆلاڤ کاکەیی
بۆ گوڵانی نووسیوە

سەیر و سەمەرەکە لەوەدایە کە کەسایەتییەکی سیاسی کوردی ناسراوی وەك هۆشیار زێباری ئەرکی دەرهێنانی عێراقی لە بەندی حەوتەم خرایەئەستۆ، ئەم کەسایەتییە کوردە ماوەیەکی زۆر لەسەر ئاستی پێوەندییەکانی دەرەوەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣بەدواوە چەندین سەرکەوتنی دیپلۆماسی وەدەستهێناوە، لەوانە: باشتربوونی پێوەندییەکانی عێراق بە کوێت و تورکیاوە پاش دابڕان و تەنگژەی چەندین ساڵەی نێوانیان، گێڕانەوەی سەروەرێتی تەواو بۆ عێراق لە لایەن کۆی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە لە ٢٧ی حوزەیرانی ٢٠١٣.

وزەی ئەم سەرکەوتنەی وەزیری دەرەوەی عێراق لە هێزی نەتەوەییانەی کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێك هەمیشە لەسەر ئاستی ژیانی سیاسی، بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی کورد پەنای وەبەر دانوستاندن دەبرد.

**• هەرێمی کوردستان لە ژێر سایەی سەروەرێتی عێراقیدا**

٢٧حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٣ بە بۆنەیەکی مێژوویی لە قەڵەم دەدرێت، ڕۆژێکە هەم ئەو سزا ئابوورییانە هەڵدەگیرێت کە ژێرخانی ئابووری عێراقی دارماندبوو، هەم بە تەواوی لە ژێر ستەمی ڕژێمی بەعس وڵاتەکە ڕزگاری بوو، بەڵام سەبارەت بە کورد ڕۆژێکە بۆ چوونەوە ناو لەپی سەنتەری دەسەڵاتی ناوەندی، لەو ڕۆژەوە دەسەڵاتی ناوەند لە بۆ هەلێك دەگەڕێت مافەکانی هەرێمی تێدا بتوێنێتەوە، ئیتر بەهانەکانی زۆرن هەر لە گرێبەستە نەوتییەکان تا ڕەوایەتی بوونی پێشمەرگە و دواخستنی گێڕانەوەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، تا گەیشت بە بڕینی بەشە بودجە لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان.

کەواتە گەڕانەوەی سەروەرێتی بۆ عێراق بووە بارگرانییەك بۆ گەلی کوردستان، تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە هەنجەتی پاراستنی ئەم سەروەرێتیە بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەستێوردان دەکات، یان نایکات.

بەم سیاسەتی بانێك و دوو هەوایەی کە مامەڵەی پێدەکرێت لە بەرانبەر هەرێمی کوردستاندا باجەکەی بە گرانی لەلایەن گەلی کوردەوە دەدرێتەوە. سەبارەت بە حکومەتی ناوەندی لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە تایەفەیەك تاکڕەوانە بە هەنجەتی زۆرینەوە پاش ئەوەی سەرسەختترین لایەنگری فیدراڵیەت بوو، کەچی ئێستا لە بۆچوونەکانی خۆی پەشیمانە و لە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای عێراقدایە بۆ بەرژەوەندی تایەفەگەرییانەی خۆی، سەبارەت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە کە سەرەتا لە کاتی ڕشتنی کیمیاوی بەسەر شارێکی سڤیلی وەك هەڵەبجەدا لە١٩٨٨ خۆیان لە گێلی دا، دواتر بە بیانووی پاراستنی کورد و دانانی نەوای ئارام بۆیان ساڵی ١٩٩١ بە هانای کوردستان هاتن، بەڵام پاش واژۆکردن لەسەر ڕێککەوتنەکەی سەفوان ئەوانیش پشتیان لە کورد کردەوە و ناچاریان کرد بە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕژێمی بەعسیدا لە تەموزی ساڵی ١٩٩١حوکمێکی هاوبەشی هەرێم و ناوەند بەڕێوەبچێت، کاتێ ئەوەش شکستی خوارد، ئیتر کورد پڕۆژەی خۆبەڕێوەبەری بە بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی عێراقی هەڵبژاردەوە، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوردانی ئەنجامدا بۆ پاراستنی مەسیحییەکان لە باشووری سودان تا لە ٩ی تەموزی ساڵی ٢٠١٠ دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دامەزراند، کەچی لەبەرانبەر جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە تورکیا بێدەنگن کە بەهۆی سەرخستنی پرۆژەی ئەنادۆڵەوە خەڵکی کورد لە ناوچەکانی خۆیان دوور دەخەنەوە.

- بەهاناوەچوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ڕزگارکردنی کوێت لە ماوەی چەند مانگێکداو بە بەهانەی سەروەرێتی عێراقەوە دەستێوەرنەدان بوو، بەڵام ڕزگارکردنی وڵات لە دەست داعش بەو هەنجەتەی دەستێوردان پێشێلکارییە بۆ پرەنسیپی سەروەرێتی، ئەوەش ئەو پرەنسیپە تەقلیدیەیە کە حکومەتە دیکتاتۆرییەکان دەستیان پێوەگرتووە بۆ هەنجەتدان بە لەناوبردنی کەمینەکانی ناو وڵاتەکانیان.

## • پێویستە کورد چی بکات؟

ناکرێت حاڵی حازر پشت ببەسترێت بە پرەنسیپی سەروەرێتی عێراقی لە بەرانبەر دەستێوەرنەدانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ ڕاگرتنی ئەو هەرەشانەی کە ئێستا هەموو ناوچەکانی گرتۆتەوە، لەو ناوەندەدا هێزی پێشمەرگە تەنیا هێزێکە کە بەرپرسیارێتی بەرگریکردنی لە سنوورەکانی هەرێم گرتۆتە ئەستۆی خۆی و سوپای عێراقیش بە شەو و ڕۆژێك لەبەرانبەر پەلامارەکانی تیرۆریستان لە چەندین شارو شارۆچکەدا سەرشۆڕانە کشانەوە.

ئەم هەرەشانەی داعش بە ناوی ئایین بۆ لە ناوبردنی کەمینە ئاینیەکانی وەك مەسیحی و ئێزیدی و لەباربردنی مافەکانی مرۆڤەوە دەیکات، ئەگەر بەپێی بەندی حەوتەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان هەرەشە نەبێت بۆ ئاشتەوایی و ئاسایشی نێودەوڵەتی چ ڕاڤەیەکی دی هەڵدەگرێت؟

خودی ئەمریکا هەموو بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی کێشا بە ڕەقایی دیواردا کاتێك بە ناوی چەسپاندنی دیموکراتییەت لە عێراق و لەناوبردنی چەکە کۆکوژەکانەوە هەرچی ژێرخانی ئابوورییە لە عێراقدا تێکوپێکی دا، پاشتر نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناو قۆزاخەدا بە خەبەر هات و ڕەوایەتی دەستێوەردانی سەربازی دا بە ئەمریکا لە میانەی بڕیارێکی بە ژمارە ١٥٠٠ لە ١٤ ئۆگۆستی ٢٠٠٣ نەتەوە یەکگرتووەکانیش پێشوازی لە دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکمی ڕاگوازراوەی عێراقی کرد، پاشتر بە بڕیاری ١٥١١ لە ١٦ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا ڕێگەی بە ڕێکخستنی ڕاگواستنی سیاسییانەی عێراق درا.

لەبەرئەوە پێویستە لەسەر گەلی کوردستان بە هۆشیارییەوە ئاگاداری ئەم جەنگە بن کە بەسەریاندا سەپێندراوە، جەنگێکە بە تەنیا لە ڕووبەڕووی تیرۆر و داعش نایکەن، بەڵکو چارەنووسسازە بۆ کیانی نەتەوەیی کوردستان و چارەنووسی هەرێمی کوردستان و خاك و گەلێك کە کیانێکی دەستوورییان هەیە و ناوکێکە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە داهاتوودا، بەڵام هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆرلاوازە بۆ ڕەتکردنەوەی دوژمنکاریانەی داعش، هەڵوێستی حکومەتی عێراقیش بێشەرمانەیە کە لە کاتێکی وادا هەموو جۆرە پاڵپشتی و داراییەکی موستەحەقی لە هەرێم بڕی تا کوردستان بکاتە گۆڕەپانێك بۆ ناکۆکی هەمەجۆر:

- ململانێی عێراق لە پێشێلکردنی مافی دەستووری بەپێی سیستمی فیدراڵی تایبەتمەند بە دابەشکردنی دەسەڵات و سامانەکان و بڕینەوەی بەشە بودجەیەك بۆ هەرێم.
- ململانێ لەسەر ناسنامەی کوردی، ئەوەش بەپێی هەرەشەیەك کە بۆ لەناوبردنی ئێزیدی و مەسیحییەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچانە دەکرێت کە دەکەونە ناو ناوچە کێشەلەسەرەکانی دەرەوەی هەرێم.
- ململانێی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهۆی هەڵوێستی هاوپەیمانان کە نیمچە پشتگیرییەکی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن سەرەڕای ئەو توانا دیاریکراوەی هێزی پێشمەرگە لە بواری چەك و تەقەمەنی هەیەتی بەراورد بە سوپایەکی سیستماتیك، سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەش کە بە دەستی هێناوە دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی دۆزە نەتەوەییەکە.

زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین هەرێمی کوردستان پاڵپشتی دۆزی ڕەوای هەموو بەشەکانی تری کوردستان دەکات، ئەگەر وا نەبێت هیچ کیانێك ڕێگە بە خەڵکانێکی دەرەوەی کیانە ئیدارییەکە نادەن حزبی سیاسی و کۆنگرە دابمەزرێنن، کەواتە ئێران هاوپەیمانی پێکهاتەی شیعەیە و سعودیە هاوپەیمانی سوننەیە و فەرەنسا بە پاڵپشتیەکی کەمەوە هاوپەیمانی مەسیحییەکانەو هەرێمی کوردستانیش هاوپەیمانی کوردە، لەبەر ئەوە پێویستە تواناکانی دیپلۆماسییەکان بخرێتەگەڕ تا لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و خوێنڕشتنی کوڕان و کیژانی ناو هەرێم خۆبپارێزن، چونکە لە کاتی جەنگ هەڵگیرساندا دۆڕاو و براوە نییە، بەڵکو کارەساتەکە لە ڕۆحکێشانی سەدان گەنجدایە، پرسیارەکە لێرەدا چارەنووسی نەتەوەی کوردە دژ بە تیرۆریستانی داعش:

ئەم ڕووبەڕووبونەوە سەربازییانەی هێزە کوردیەکان دەچێتە خانەی بەرژەوەندی کێ؟ ئەو هەموو قوربانییانەی بە پێشمەرگە دراون، ئایا نابنە دەسکەوتی سەرکەوتن بۆ حکومەتی عێراقی و بەشار ئەسەد؟ ئەم توانا خستنەکارەی کورد بۆ بەزاندنی داعش لە لایەن نەتەوەیەکی بە کیان و سەروەرییەوە لە ناو ئەم هەموو نەتەوانەی وەك تورك و فارس و عەرەب کە خاوەنی کیان و سەروەرێتی نێودەوڵەتین، چی لە چارەنووسی کورد دەگۆڕێت؟

لەبەرئەوە کاتی ئەوە هاتووە کە کورد ببێتە خاوەنی سەروەرێتی و دەوڵەتی خۆی، چونکە هەم گەلی کورد ئارەزووی لە سەربەخۆبوونی دەوڵەتییانەی خۆیەتی، هەم پێویستە بڕیار لەسەر پێکهاتنی دەوڵەتێکی بۆ بدرێت، گرنگە جیاوازی بکەین لە نێوان پێویستمان بە دامەزراندنی دەوڵەتە، یان پێویستە دەوڵەت دابمەزرێنینە، لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتدا پێویستە ئیرادەیەك هەبێت، چونکە هۆکارە نەتەوەییەکانی وەك ڕەگەز و زمان و مێژووی هاوبەش هەن، بەڵام بە مەبەست کورد سەرقاڵ دەکرێت بە تەنگژە ناوخۆییەکان و بە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری ناوچەکە تا نەپەرژێتە سەر ئامانجە ستراتیژیەکە، تا دەرفەتەکانی بەردەم کورد نەهێڵن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، مێژووی لێ دووبارە بکەنەوە لەبری ئەوەی کورد سەرقاڵ بێت بە بەرگریکردن لە مافەکانی، کەچی خەریك کراوە بە بەرگریکردن لە مانەوەی خۆی، لە کاتێکدا هەر لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ ئەم شێوازی بەرگرییەی تێپەڕکردووە، شەڕی ئێستا پێویستە شەڕی بەرگری بێت لە مافەکان و لە مافی چارەی خۆنووسی کورد.

**هێزی پێشمەرگە تەنیا هێزێکە کە بەرپرسیارێتی بەرگریکردنی لە سنوورەکانی هەرێم گرتۆتە ئەستۆی خۆی و سوپای عێراقیش بە شەووڕۆژێک لەبەرانبەر پەلامارەکانی تیرۆریستان لە چەندین شارو شارۆچکەدا سەرشۆڕانە کشانەوە**

**بە مەبەست کورد سەرقاڵ دەکرێت بە تەنگژە ناوخۆییەکان و بە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری ناوچەکە تا نەپەرژێتە سەر ئامانجە ستراتیژیەکە، تا دەرفەتەکانی بەردەم کورد نەهێڵن**

**ناکرێت حاڵی حازر پشت ببەسترێت بە پرەنسیپی سەروەرێتی عێراقی لە بەرانبەر دەستێوەرنەدانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ ڕاگرتنی ئەو هەرەشانەی کە ئێستا هەموو ناوچەکانی گرتۆتەوە**